شێخی ئەلبانی

منتدى إقرأ الثقافي
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژیان نامە و شوێنەوارو سەنای لە لای زانایان

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

ئامادەکردنی

أبو مسلم الارياني

ساڵی ١٤١٩ك - ١٩٩٩ ز

چاپی یەکەم

شێخی ئەلبانی

ژیان نامە و شوێنەوارو سەنای لە لای زانایان

ئامادەکردنی

أبو مسلم الآرياني

چاپی یەکەم

ساڵی ١٤١٩ك - ١٩٩٩ز

بسم الله الرحمن الرحيم

مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە

ژمارەی سپاردن (٢٧٥) ساڵی ١٩٩٨

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا ومن سيئات اعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يظلل فلا هادي له.

واشهد ان لااله الا الله وحده لاشريك له واشهد ان محمداً عبده ورسوله.

﴿يا ايها الذين امنوا اتقوا الله حق تقاته ولاتموتن الا وانتم مسلمون﴾ (آل عمران:١٠٢).

﴿ياايها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا كثيرا ونساء واتقوا الله الذي تساءلون به والارحام ان الله كان عليكم رقيبا﴾(النساء:١).

﴿ياايها الذين امنوا اتقوا الله وقولوا قولاً سديداً يصلح لكم اعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزاً عظيماً﴾(الاحزاب:٧١).

اما بعد:

فان أصدق الحديث كلام الله وخير الهدي هدي محمد (ﷺ) وشر الامور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ظلالة وكل ظلالة في النار[*].

لەڕێز وبەخششەکانی خوای پایەبەرز لەسەر بەندە چاکەکارا کارکردەکانی بەکارهێنانیانە بۆ روناك کردنەوەی ڕێگای ڕاستی ئیسلام ودانە ئەستۆی ڕاسپاردەکانیەتی لەوڕاسپاردانەی کەتەنها بەبەندە چاکەکانی ڕەوابینیوە لەگشت چەرخ وسەدەیەکدا.

---

[*] ئەم پێشەکی‌یە (پێویستە ووتار -خطبة الحاجة)ی پێ دەوترێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەپێشەکی وتارو ئامۆژگاری‌یەکانی بەم پێویستە ووتارە دەستی پێ‌کردووە، وەهاوەڵانی بەڕێزیشی لێیەوە فێر کردووە، شێخ (ناصر الدين الالباني)یش هەڵساوە بە دانانی کتێبێکی سوود بەخش لەم بارەوە لەژێر ناونیشانی (خطبة الحاجة التى كان رسول الله (ﷺ) يعلمها اصحابه)ط- المكتب الاسلامي گەر ویست سەیری بکە..هەروەها سەیری (ل٦٥)ی ئەم کتێبە بکە..

لەو بەخششانەش ئەوەبو خوای بەرزو مەزن لەوچەرخەدا (واتە: چەرخی پڕ لەکێشەو کەمتەرخەمی، چەرخی لەبەر چاونەگرتنی زانیاری وهەوڵنەدان بۆ دەستەبەرکردنی). زانایەکی لەپاشماوەی زانایانی سەلەفی صالح بۆ ئەو ئوممەتە هێنا ئاراوە. کەبە کۆششێکی زۆرەوە هاتە مەیدانی زانست خوازی وخزمەتگوزاری ئایینی پیرۆزی ئیسلام وزیندووکردنەوەی سوننەتی پێشەوای مرۆڤایەتی (ﷺ) دوای ئەوەی کەلەم ڕێگایەدا ئازارو ئەشکەنجەی زۆری چەشت ودانی بەخۆی داگرت تاوەکو خوای میهرەبان لەنێو خەڵکی بەدیاری خست.

ئەو کەڵەزانایەش فەرموودەناسی[1] لێهاتوو شێخ (محمد ناصر الدين الالباني)یە خوا بیپارێزێ.

- **خوێنەرانی ئازیز:**

بۆیە ئێمەش لەم بوارە کورتەدا بەپێویستی دەزانین بۆ ئێوەی ئازیز بەئەندازەی لویچێك لەتەغارێکی ژیانی پڕ سەروەری‌و جوامێری شێخ بخەینە ڕوو. هەروەکو لەنەریت و ئاکاری پیاو چاکەدادوەرەکانیش وایە دەبێت مافە ڕەواکان بۆ خاوەنەکەیان بگەڕێننەوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ **﴿إن الله يأمركم ان تؤدوا الامانات إلى اهليها واذا حكمتم بين الناس ان تحكموا بالعدل إن الله نعما يعظكم به﴾**(سورة النساء :٥٨) هەروەها دەفەرموێ **﴿واذا قلتم فاعدلوا ولوكان ذا قربى﴾** (سورة الانعام/١٥٥)، یان دەفەرمووێ **﴿واجتنبوا قول الزور﴾** (سورة الحج:٣٠) وەدەفەرمووێ **﴿يايها الذين امنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا﴾** (سورة الاحزاب:٧٠).

---

(١) کاتێ دەڵێین: فەرموودناس (المحدث) مانای وانیيە شێخی ناو براو تەنها فەرموودەناس بێ، بەڵکو لە هەمان کاتدا مەبەستمان (فەقیە)یشە، چونکە زانایان فەرموویانە: (هەموو فەرموودەناسێك فەقیهە، بەلآم مەرج نییە هەموو فەقیهێك فەرموودەناس بێ)! مادام فەرموودەناسە ئەبێ فەقیهیش بێ، بۆیە ئێمەش بەپێویستمان زانی تەنها ووشەی (فەرموودەناس) بنووسین..

بەم جۆرە فەرمان دەکات بەموسڵمانان تاوەکو ڕاستگۆ بن لـە هـەموو شتێکداو فـەرمانیان پێدەکات بە پاراستنی ئەمانەت ودادگەری نواندن لـە ئاستی‌داو پشکنین و بـەدوا گـەڕانی هەق و دوور کەوتنەوە لەکارە دزێوو پووچەڵەکان، هـەروەها خـۆ بـەدوور گرتـن لـەزوڵم و (سنوور بەزاند) لە حوکم دان..

هەر لەدەروازەی گەڕاندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکـەی شـووکرانەکردنی نیعمەتەکانـە. کـە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو بارەوە دەفەرمووێ (**لایشکر الله من لایشکر الناس**)[1] هـەروەها دەفەرمووێ (**لیس منا من لم یجل کبیرنا ویرحم صغیرنا ویعرف لعالمنـا حـق**)[2] واتـە: لـە ئێمە نی‌یە ئەوەی ڕیـزی گـەورەکان نـەگرێت و بـەزەیی بەبچووکـەکانیش نەیەتـەوە، ومـاف زانایان نەناسێ‌و بۆیان نەگەڕێنێتەوە..!!

بۆیە منیش لەبەر ئەو ڕاستی‌یانە هەڵ دەڕامە نێو ئەو باسـەو پێش خـەریم کـردو هـەوڵم دا کتێبخانەی کوردەواری ئاشنا بکەم بەو باسە پڕسوودە، کە جێگای شانازیشـە بڵێـم یەکـەم جـارە لـەنێو نـەوەی کوردمـان ژیاننامـەی کەڵەزانایـەکی‌وا بـەزمانی شـیرینی کـوردی بنووسرێتەوەو، منیش زووتر هەسـتم بەگەڕانـەوەی مافـە ڕەواکـانی شـێخی فـەرموودەناس کردبێ، کە هـەروەکو چـەندان کـەس لـە زانـاو مامۆسـتایانی شـارەزاو قوتابیـانی شـێخیش چەند دەمێکە لەو مافەیان گەڕاندۆتەوە بۆلای مامۆستاکەیان یەکێ لەوانـە خـاوەنی کتێـبی ((**حیاة الالباني واثاره والثناء العلماء علیه**)): مامۆستا (**محمد ابرهیـم الشـیبانی**)یـە کـە زۆر

---

[1] رلوه احمد (٢/٢٥٨،٢٥٩، ٣٠٢،٣٠٣،٣٨٨،٤٦١،٤٩٢)، وابـو دلود (٤٧٩٠)، والـترمذي(٢٠٢٠)، والبخـاري في(الادب المفرد) (٢١٨)، وابن حبان (٢٠٧٠)، وابو نعيم (٩/٢٢)، (٧/١٦٥)، والقضـاعي في (مسـند الشـهاب (٨٢٩)،والخرلئطي في (فضيلة الشكر) (٨٠) عن ابي هريرة رضي الله عنه، انظر (سلسلة الاحاديث الصحيحة (١/٤١٦)، وصحيح الجامع الصغير) (٦/٢٣٧).

[2] رواه احمـد (٥/٣٢٣)، الـترمذي (٣/١٢٢)، والحـاكم في ((المسـتدرك)) (١/٢٥٧)، والمنـذري في ((الـترغيب والترهيب)) (١/٦٦)، وهو حديث حسن كمـا في { ((صحيـح جامع الصغيـر)) (١/١٠٣)، وتخريـج ((الـترغيب)) (١/٤٦)}

بەماندوونەناسیو بە پیِّی ئەوبەڵگە قورئانیو حەدیسانەی خستمانە ڕوو خزمەتێکی چاکی نوواندووە.

بۆیە ئێمەش هەر لەو گوڵزارەدا گوڵبژێرمان کردووەو بۆ زیاتر بوون بەمانای سوودو لەپێناوی ئاشنابوون لەگەڵ شێخ و بەرهەمەزانستیە سوود بەخشەکانی ئەوا لەسەرچاوەی تریش وەرمان گرتووە.

ئینجا بێگومان:

کاتێکیش کە ئەو چەند لاپەڕەیە دەڕازێنینەوە بەگوڵزاری ژیاننامەی شێخی خواناس، لێرەو لەویَ خەڵکانێك هەن پیِّی هەناسە سوار دەبن و وەك زەردەزاڵەو مێش و مەگەزە پیسەکان کاتیَ لەنێو گەڵ و گوڵزاردا دڵگران و پەست دەبن، لەوان وابیَ بەهەڵە داوان خۆیان بکوتنە نێو زەلکاو و گۆماوە پیسەکانەوە. !

-اهل البدعة والظلالة-یش لەکۆنەوە تائێستا بەناو بردنی کەڵە پیاوان و پێشەوایانی حەدیس لەترسانا دانە چۆقەیان گەیشتۆتیو حەجمانیان لیَ براوە! وێڕای ئەوەش بۆ ڕق لیَ داگرتن و بوختان پیَ هەڵبەستن و ناو زڕاندنیان ڕۆژو شەویان بەیەکەوە گرێ داوە!و تووتی ئاسا هەر لە سەرانی بیدعەچییەکانیانەوە (پەیمان نامەی) ڕقانبەری لە دژیان ئەڵێنەوە. !

(ابن القطان)یش ڕاستی گوتووە: (لیس في الدنیا مبتدع الا وهو یبغض اهل الحدیث) واتە: هیچ بیدعە چییەك نییە لەدونیا دا هەرگیز ڕقی لە ئەهلی حەدیسە. ! !

بەڵیَ بەڕێزان:

ئەمەو چەندین پرسیاریش لەڕەنگ دانەوەی ئەو کارەمان بەرەو ڕوومان دەبێتەوە بۆ وێنە لەوانەیە پرسیار بکرێت:-

١- ئایا؟ دەشیَ یەکێك لەزانایان لەژیاندا بیِّو ژیان نامەکەی بنووسرێتەوە، یان.

٢- ئایا؟ دەگونجیَ ئەو زانایە سەناو مەدح بکرێت و پێیدا هەڵبگوترێ؟!

بۆ وەلاَم دانەوەی پرسارەکان ڕوو دەکەینە ووتە بەنرخەکانی مامۆستا (الشیبانی) کە لە پێشەکی کتێبەکەیو بۆ وەلامی ئەو جۆرە پرسیارانە دەلێت: من لەوکتێبەدا (واتە: کتێبی حیاة الالباني..)) تەنها سەرگوزشتەو ژیاننامەی شێخ ناصر دەخەمە ڕوو لەگەلّ هەندێ بەدەست ڕەنگینیەکانی بۆ ئەوەی بە خوێنەرانی بناسێنم، منیش لەوکارەم دا یەکەم کەسانێك نیم لە ئەهلی ئیسلام لەوانەی کەلەبارەی مامۆستاکانی خۆیان و زانایانی ئیسلام بەگشتی کتێبیان نووسیوەو سەر گوزشتەو ووتە بەنرخەکانیان تۆمار کردووە، ئەوە شێخی (السیوطي)و (السخاوي)یە لەبارەی ژیانی (النووی)دەنوسن (ابن القیم)لەبارەیژیانی مامۆستاکەی(شیخ الاسلام ابن تیمیة) دەنووسێ،و (البزار) یش بەهەمان شێوە لەکتێبەکەی ((الاعلام العلیة في مناقب شیخ الاسلام ابن تیمیة)) هەروەها لەکتێبی ((الرد الوافر في الانتصار لشیخ الاسلام))، هەروەها (ابن ناصر الدین الدمشقی) لەکتێبی ((الرد علی العلاء البخاري في افتراءاته واضالیله)) وە (الامام الذهبي) لەبارەی ئیمام احمد دەنوسێ لە ((التاریخ))ەکەیدا، (ابن الجوزی) بەهەمان شێوە لە ((مشیخ))ەکەیو (ابن کثیر الدمشقي)یش لە کتێبی ((البدایة والنهایة))و...هتد.

بەلێ بەم جۆرە ئەو بەڕێزانە گرنگییەکی ئەو تۆیان بەو کارە داوەو نەیانهێشتووە لاپەڕەکانی ژیانی پڕ سەروەری ئەم زانا بەڕێزانە بەزایە بچێ و وون ببێت، بەڕاستی شێخی فەرموودەناسیش بەیەکێ لەزانا لێهاتووە چاوساغەکان دەژمێردرێو وێچوونێکی ئەو تۆ لە نێوان ئەم و زانا ناودارەکانی (سەلەف) بەرچاو دەکەوێ بۆیە ئێمەش لەوکارەمان دا دەمانەوێت لاپەڕە زێڕینەکانی ژیاننامەی شێخ بپارێزین و خەلکی پێ ئاشنا بکەین جا لەژیاندا بێ یان نا..!! چ جای ئەوەیش کە ڕۆژانە لەلای نەیارانییەوە هەولێ شێواندنی ژیاننامەو دامرکاندنەوەی چرای پڕشنگداری زانستەکەی ئەدرێ!

هەروەها لەوەلامی پرسیارەکەی تریش دەلێت:-

سەناو پێدا گوتنی کەلە زانایانی ئیسلام شتێکی ئاساییەو بەلکو سوننەتێکی پێشەوایە بەپێی ئەو فەرموودەیەی کە (عمرو بن الحمق) ڕەزای خوای لێبێ لە پێغەمبەری خواوە

(ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کەفەرموویەتی: (**إذا أراد الله بعبد خيرا استعمله**)[1] (أي: طيب ثنائه بين الناس)، واتە: ئەگەر خودا ویستی باشی بەکەسێ هەبێ ئەوا ئەو کەسە بەکار دێخی! واتە: دەیکات بەمایەی پیا هەڵگوتن و مەدح و سەناکردنی لەنێو خەڵکییەوە..!!

جا ئومێدەوارم توانیبێتم تارادەیەك خوێنەرانی خۆشەویست لەلاپەرە پرشنگدارەکانی ژیاننامەی شێخی پایەدار ئاشنا بکەم، هەروەها ببێتەمایەی بێدار کردنەوەی ئەو کەسانەیش کە تفەنگ بەتاریکییەوە دەنێن بێ ئەوەی بزانن (ئەلبانی) کێیەو چ کەسەیە لەئاقاریدا و ووتەی نابەجێ دەدرکێنن..!!

ئیتر لە خوای میهرەبان دەپاڕێمەوە کە یارمەتیم بدات بۆ زیاتر خزمەت کردنی ژیاننامەی ئەو زانا لێ هاتووە و تالەگەڵ قۆناغەکانی ژیانیدا دەیان لاپەڕەی تریش لەگوڵ وگوڵزاردا هەڵبێنم.

﴿إن اريد إلاّ الا صلاح ما أستطعت وما توفيقي الا بالله عليه توكلت واليه انيب﴾

وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه وسلم.

٢٥ ربيع الثاني ١٤١٨هـ

٢٩ آب ١٩٩٧م

هەولێر ـ برایەتی

---

[1] رواه احمد والحاكم والترمذي (٢١٤٣)وهو مخرج في ((صحيح الجامع الصغير)) (رقم/٣٠١)، و((سلسلة الأحاديث الصحيحة)) (رقم/١١١٤) كلاهما للعلاّمة الالباني.

يقول الأوزاعي (رحمه الله):

((عليك بآثار من سلف، وإن رفضك الناس، وإياك و رأي الرجال وإن زخرفوه بالقول، فإن الامر ينجلي و أنت على طريق مستقيم))

تقييد العلم - للخطيب البغدادي

چەند ووتەیەکی زیندوو دەربارەی ((اهل الحديث))

- هیچ بیدعەچیەك نیە لەم دونیایە، ئیللا رقی لەئەهلی حەدیسە

((إبن قطان)).

- نیشانەی ئەهلی بیدەع (بیدعەچیەکان) تانەگرتن وجوێن، دانە بە ئەهلی حەدیس.

((الشیخ عبد القادر الگیلانی))

- هەرکەسێ فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) نەناسێ وساغ وناساغەکان لەیەکتری جیانەکاتەوە، ئەوکەسە زانانیە.

(داود بن علي)

- بۆ هەر ئایینێك سوار چاکێك هەیە، سوارچاکی ئەم ئایینەش خاوەن ئەسانیدن.

(ابن ذریع)

- پێم گەیشتووە کەزانایان (واتە ئەهلی حەدیس) دەربارەی گەیاندنی زانست پرسیاریان لێ ئەکرێت، هەروەکو چۆن پێغەمبەران (علیهم السلام) پرسیاریان لێئەکرێت.

(الامام مالك)

- گوێ گرتن لەفەرموودە سەربەرزیە بۆ ئەوانەی دونیایان پێی دەوێ، وسەرفیرازیشە بۆ ئەوانەی رۆژی دوایان پێی دەوێت=

- هیچ زانستێك ناناسم چاکتربێ لەزانستی حەدیس، بۆ ئەوانەی کە مەبەستیان پێی رەزامەندی خوا بێ، خەڵکی پێویستیان پێیەتی زیاتر لە خواردن وخواردنەوە وچاکترە لەتەتەوع کردن بەنوێژو رۆژوو..

– ئیسناد چەکی ئیماندارانە، ئەگەر چەکی لانەبێ جابەچی دەجەنگێ.

((سفیان الثوري))

- کەسێ نی‌یە لەم ئوممەتە بەزۆری سەلاوەت بدەن لە پێغەمبەرەکەیان وەك ئەهـلی حەدیس.

((الامام الدارقطني))

- هیچ شتێك نی‌یە گران و کوشندەتر بـێ لەسـەر ئـەهلی ئیلحـاد، ومایـەی ڕق لێبوونەوەیان بێ وەك گوێ گرتن لە فەرمووودە.!

((أبو نصر بن سلام الفقيه))

- ئیسناد لـەئاین دایە، ئەگـەر ئیسـناد نـەبێ ئـەوا هەرکەسـە ئـەوەی بیویسـتایە ئەیووت.

((عبدالله بن المبارك))

- ئەگەر کۆمەڵی فەرموودەناسان بەم شێوەزۆرە سەریان هەڵنەدابایە،و بایەخیان بـە لەبەرکردنی پاڵپشت (سند)ی فەرموودەکان نەدابوایە،ئـەو کاتـە ئـاین لـەناو دەچـوو، بێباوەڕان وئەهلی بیدعەچی‌یەکانیش بەسـانایی دەیـان توانـی فـەرموودە هەڵبەسـتن وپاڵپشتەکانی ئاوەژ وویکەن.

((الحاكم النيسابوري))

- ((ئیمام ئەحمەد)): دەربارەی ئەم فەرموودەیە (**لاتزال طائفة مـن امـتي منصـورة لايضرهم من خالفهم حتى تقـوم السـاعة**) رواه مسلم (١٩٢٠)، دەڵێت: ئەوانـە ئەگـەر ئەهلی حەدیس نەبن نازانم کێی ترن؟

- ((مظـهري)): دەربـارەی ئـەم فەرموودەیـە (**بلغـوا عـني ولـو آيـة**) رواه البخاري(٣٤٦١)، دەڵێت: واتە فەرموودەکانم ڕابگەیەنن، ئەگەر چی کەمیش بێ.

هەروەها (ابو مزاحم الخاقاني)یش لەم بەیتە شیعرەیدا دەڵێت:

اهل الكلام واهل الرأى قد عَدموا

علم الحديث الذي ينجوبه الرجُلُ

141

لو انهم عرفوا الآثار ماا نحرفوا
عنها الى غيرها لكنهم جهلـــوا

واته (ئەهلی کەلام و ئەهلی رەئی) زانستی حەدیس یان لەدەست خۆیان دا، ئـەو زانسـتـەی کەمرۆڤی پێوە دەرباز ئەبێ، ئەگەر ئەوان ئاسـاوارەکانیان بزانیبایـە ئـەوا لارێ نـەدەبوون ولایان نەئەدا لەو زانستە ، بەلآم لەڕاستیدا ئەوانە نەفام بوون.

محمد ناصر الدين الالبانی

ناوی تەواوی (ناصرالدین) کوڕی حاجی (نوح نجاتی)ی ئەلبانییە. لەساڵی ١٩١٤ز وسەرتای سەدەی بیستەم لەشاری (اشقودرة)ی پایتەختی وولاتی (البانیا)* لەنێو خێزانێکی هەژارو موسڵمان چاوی بەدوونیا هەڵهێناوە. باوکی دەرچووی یەکێك لە پەیمانگا شەرعییەکانی (آستانة)ی پایتەختی عوسمانی ئەوسەردەمەیە کەئێستا بە (استنبول) ناسراوە.

کە دوا بەدوای تەواوکردنی خوێندنی دەگەڕێتەوە بۆ وولاتەکەی بەمەبەستی خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وگەیاندنی ئەو زانیارییەی کەئاشنایبووە. تاوای لێهات خەڵکی لەهەموو لایەکی ئەم وولاتە روویان تێدەکردو زانیاری یان لێ وەردەگرت ئینجا پاش ئەوەی کە (احمد زوغو) جلەوی شانشینی (ملکی) ئەم وولاتەی گرتە دەست ئەوە بوو گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەی تێخست و وولاتەکەی بەرەو علمانیەت ڕاکێشا کە بەو هۆیەوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا لاسایی رۆژئاوا بەدی دەکرا. هەروەکو لەبواری کۆمەلایەتیشەوە گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەسەرداهات وگشت کون ولەبەرێکی ئەو ژینگەیەی داگرت کەهاوکات لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەمەی وولاتی تورکیا وشان بەشانی هەنگاوە گۆڕانکاریەکانی (أتاتورك) هەنگاوی دەهاویشت پاشان ئافرەتانی ئەلبانی خورتیان لێکراو ئیجبارکران بە پۆشینی جلی ناشەرعیو فڕێ دانی سەرپۆش، پیاوانیش بۆپۆشینی جل وبەرگی ئەوروپایی وەك (پانتەرۆن وشەبقەو ...) هەروەکو ئێستا ئەو دیاردەیە لەتورکیادا بەزەقی بەر چاودەکەوێت. کەهەر لەکاتی رووخانی خەلافەتی عوسمانی لەساڵی ١٩٢٢ز تائەمرۆش پاشماوەکەی ماوەتەوە.

---

* (البانیا) لەرووی روبەروو دانیشتوانیەوە وولاتێکی بچوکە و ژمارەی دانیشتوانی سێ (٣) ملیۆن کەسە، ئێستا پایتەختەکەی (تیرنا)یە کە ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارەش نزیکەی ملیۆنێك کەس دەبێت سەیری (دول العالم) (ل١٣١) هادی رشید الجالوشی بکە.

ئینجا لەو رۆژەوە هەڵمەتی کۆچ کردن لەم وولاتە دەستی پێکرد لەلای ئەوانەی کە ئایینەکەیان لاشیرین بوو ولەچارەنووس خراپی دەترسان.

باوکی (شێخ)یش یەکێك بوو لەوانە کە ئامادەنەبوو ئاینەکەی لەدەست بدات وخۆی بخاتە ژێر فشارو رکێفی حوکمەتی قەلەم رەوی عەلمانی لەم وولاتەدا، چونکە دەیزانی ئەم بارو دۆخە وەیشومەی دژوار تری لێدەکەوێتەوە. ئەوە بوو بریاریدا بەخۆیو ئایینەکەی کۆچ بکات بۆ وولاتی شام نەبادا منداڵەکانی دووچاری ئەم دێوەزمە ناهەموارە ببنەوە، بۆیە شاری (دیمشق)ی هەڵبژارد تاوەکو تییدا نیشتە جێ ببێ. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوە بوو کە هەمیشە هات و چۆی بەم شارەدا بوو کەکەوتبوە سەر رێگای چوونی بۆ حەج و هەروەکو رێگای گەرانەویشی هەریەم شارەدا بووە، بۆیە تامەزرۆی ببو. جگە لەمەش پاڵنەرێکی سەرەکی تریش هەبوو کە ئەوەش لەبەر پایەو فەزڵ و پیرۆزی ئەو ناوچەیەو دوعاکانی پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ) بوو کەلەچەندین فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە[1].

---

[1] یەکێ لەو فەرموودانە ((زید بن ثابت)) رەزای خوای لێبێ بۆمان دەگێرێتەوە و دەفەرمووێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (**طوبى للشام قلنا لأي ذلك يا رسول الله! قال: لأن ملائكة الرحمان باسطةٌ اجنحتها عليها**) ئیمامی ئەحمەد لە ((مسند)) و ئیمامی ترمذي لە ((سنن))ەکەیدا هێناویانەتەوە. ئیمامی ترمذي دەڵێت: فەرموودەیەکی ((حسن غريب))ە، شێخی ئەلبانیش بە ((صحيح)) ی داناوە سەیری ((تخريج أحاديث فضائل الشام ودیمشق))ی (الربعي)ی بکە ژمارە (١) ل/١٢.

كنت آكل الخبز اليابس، وأشرب عليه الماء عند نهر عيسى بكورة البصرة، وكنت أعتبره وقتا وذلك لألحق أهل العلم لآخذعنهم ولا يفوتني شيءٌ مهم

ابن الجوزي (رحمه الله)

(صيد الخاطر) (ص/٣٣٠)

* * *

عن مالك عن يحيى بن سعيد عن سعيد بن المسيب، قال: كنت ارحل الأيام والليالي في طلب الحديث الواحد.

((البداية والنهاية)) (١٠/٩)

سەرەتای ئاشنا بوونی بەزانستە شەرعی‌یەکان:

ئەم منداڵە موهاجیرە لەووڵاتی شام دەستی کردبە خوێندن. یەکەم قوتابخانەش کەتێیدا دامەزرا قوتابخانەی (اسعاف الخيرية)ی سەرەتایی بو لەشاری (دمشق) کەکەوتبووە تەنیشت بینایەی (الاثری) بەکۆشکی (العظم) بەناوبانگەکە لە (حی البزورية)یە.

بەردەوام بوو لە خوێندن تا دواقۆناغی خوێندنی سەرەتایی ئەوەبوو لەم کات وساتەدا قوتابخانەکەی دووچاری سووتان دێت لەئەنجامی ڕووبە ڕووبوونەوەی سەربازانی سوری دژیە هێرشی داگیرکەری فەرەنسایی. ناچار باوکی دەیگوازێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر لە (سوق ساروجة) پاشان لەوێدا خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات.

دوابەدوای ئەوە باوکی لەقوتابخانە دەری دەهێنێت، چونکە زۆر بەم قوتابخانە نیزامیانەی میری ئاسوودە نەبوو لەڕووی شەرعەوە. بۆیە بڕیاریدا تاخوێندنەکەی تەواونەکات. ئینجا لەبەرامبەر ئەو شەوە خۆی بەرنامەیەکی زانستی ڕێك وپێك ومەحکەمی بۆدانا.

کەئەو بەرنامەیەش بریتی‌بوو لە:

١- فێرکردنی قورئانی پیرۆز.

٢- فێرکردنی (التجويد) جوان خوێندنی قورئان.

٣- فێرکردنی (نحو) و (صرف).

٤- فێرکردنی (فقه).

٥- هەروەها مەزهەبی حەنەفی کەمەزهەبی باوکی‌بوو.

هەروەکو هەندێ زانیاری ئاینی وعەرەبی وەرگرتبوو لەهەندێ لەوشێخانەی کەهاورێی باوکی‌بوون.

لەوانە (الشيخ سعيد البرهاني) بوو کەکتێبی (مراقي الفلاح) وهەندێ کتێبی تری زانستی بەلاغەی لەلا دەخوێند..

پاشان خولیای خوێندنەوەو دیراسە کردنی فەرموودەو زانستەکەی بوو، تائەو ئاستە سەرکەوتنی چاکی بەدەست هێناو (مۆڵەت ـ اجازة)ی زانستی لە شێخ (راغب الطباخ)

وەرگرت شایەنی باسە شێخ (راغب) یەکێ بوو لەزانا ناو دارەکانی ناوچەی (حلب)ی ئەو سەردەمە ئەوەش کاتێك کە بە خزمەت مامۆستا (محمد المبارك) دەگاتەوەو ئەویش سەرگوزشتەی لێهاتوییو بەهرەمەندی ئەو گەنجە لە رووی زانستی فەرموودەو سەرکەوتنی ئەم بوارە بۆشێخ راغب باسدەکات و ئەویش کاتێ ئەوەی بۆ روون ئەبێتەوە ئیجازەی پێدەدات و دان بەزانیارییە بەرفراوانەکەی دەنێت..!

*روو بەرووبوونەوەی بۆ (زانستی حەدیس)و گرنگی دانی بەم زانستە:

شێخ ناصر لەتەمەنی بیست ساڵیو لەساڵی ١٩٢٤ز بۆ یەکەم جار رووی کردە ئەوزانستە پیرۆزە کە ئەوکاتە زۆر پابەندبوو بە گۆڤاری (المنار) کە لەلایەن شێخ (محمد رشید رضا) رەحمەتی خوای لێبێ دەردەچوو.

مامۆستا (محمد المجذوب) لە کتێبە نایابەکەیدا (علماء ومفکرون) کەلە گێرانەوەی ئەو دانیشتنەی کە لەگەڵ شێخ ناصر خۆیدا سازی دابوو، دەڵێت: شێخ (ناصر الدین الالبانی) لەوزانایانەی پێیان گەشتووە زیاتر جەختی دەکردە سەر زانستی شێخ (محمد رشید رضا)و بەگەورەترینی ئەو پیاوانەی دادەنا کەپاڵنەرێك بوویێ بۆ ئەوەی دیراسەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکات و بەرەو دەریای بەرفراوانی زانستی فەرموودە ناسی بەرێ بکەوێت..

هەروەها شێخ ناصر لەبارەی ئەوپەیوەندییەی کەگەڵ شێخ رەشید رەزا هەیبوو بەپێی ووتەکانی مامۆستا (محمد المجذب).

دەڵێت: بۆ یەکەم جار کە پەرۆشی خوێندنەوەم بوو ودەستم کرد بە خوێندنەوەی چیرۆکی عەرەبی وەك (طاهر وعنترة، والملك سیف...) پاشان چیرۆکی پۆلیسی وەرگێردراو بۆسەر زمانی عەرەبی وەك (کارسین لوبین...) و هیتریش، پاشان دەستم کرد بە خوێندنەوەی بابەتی مێژوویيو تێیدا چوومە خوار.

---

[1] ئەوانەی دەڵێن شێخی (الالبانی) هیچ مامۆستای نین و هیچ (اجازة)یەکی زانستی نیە، تەنها ورێنەو قسەی دوورلەراستی و تفەنگ نانە بەتاریکییەوە.!

ڕۆژێکیان لەلای یەکێ لەکتێب فرۆشەکان بەشێك لەگۆڤاری (المنار)م بینیو بابـەتێکم تیایا بەرچاو کەوت کە بەپێنووسی بەڕێز شێخ (محمد رشید رضا) نووسـرا بـوو، وەسـفی کتێبـی (احیاء علوم الدین)ی غەزالی دەکرد. !

منیش بۆ یەکەم جار ڕوو بەڕووی ئەورەخنە سازیيە زانستیيە دەبوومـەوە بۆیـە سـەرنجی ڕاکێشام بۆ خوێندنەوەی سەرجەم بەشەکانیتر.

پاشان دەستم کرد بە خوێندنەوەی تەخریجاتی (حـافظ العراقـي) لەسـەر کتێبی(الاحیـاء)و هەڵسام بەبەکرێ گرتن وخواستنی کتێبەکە، چونکە من توانای کڕینیم نەبوو.

لەپاشـان چـاوم گرتـە خوێندنـەوەی کتێبەکـەو ئـەو تەخریجـە ووردەکاریيـە ڕێـك وپێکـە سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەوەی هـەمووی لای خـۆم بنووسمـەوە بـەمجۆرە هـەوڵم دا تـا وەکـو ڕێگاکەم بۆ ئاسان بۆوە.

بۆیە من واهەست ئەکەم ئەو هەوڵەی کەدام بۆ دیراسەکردن. هـەر ئـەوەبو هـانی دام و ئـەو کـارەی لاخۆشـەویستێ کـردم، ئـەوەبوو خـۆم بـەجۆرێك بینيیـەوە کـەوا دەسـتم گرتـووە بەچەندین بابەت ونووسـراوویترەوەك (نووسـراو دەربـارەی زمانـەوانی وبەلاغـەت وغـەریبی حەدیس) تاوەکو وێڕای کاری تەخریج کردنی حەدیسەکان تێشی بگەم.

مامۆسـتا (محـمد المجـذوب) دەڵێـت: شـێخ ئـەو دەسـت ڕەنگینـەی خـۆی پێشـاندام کـە پێکهاتبوو لەچوار بەش ولەسێ بەرگدا کۆی کردبۆوە وژمـارەی لاپـەڕەکانی یشـی نزیکـەی دووهەزارو دوانزە (٢٠١٢) لاپەرە دەبـوو. کەبـە دوو جـۆر خـەتی لێك جیـا نووسـرابوونەوە لەپەڕاوێزەکەشدا چەندین ڕاڤەو ڕوون کردنەوەو زانیاری پێوەلکاندبوو.

ئەم هـەوڵ وکۆششـەی شێخ ولێ نـەبڕانی لـەوکارە سـەختەیدا ڕێگـای بـۆ ئاسـان بـوو، بـۆ ئەوەی زیاتر بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێت ولەپاشان ببێ بەیـەکێ لەگـەورە پیـاوانی ئیسـلام وخزمەتکاری سوننەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) لەناوچەی شام دا.

شێخ لەڕووی کاریگەرەکان بۆسەر پێگەیشتنی لەوکارەیدا دەڵێت:

نیعمەتەکانی خوا بەسەرمەوە زۆرەو نایەنە ژماردن، لەوانەش (دوو)یان بەگرنگترینیان دەزانم:

١- کۆچ کردنی باوکم لە وولاتی (البانیا)و نیشتەجێ بوونی لەشام.

٢- باوکم شارەزایی چاك کردنەوەی کاتژمێری کردم کەپیشەی خۆی بوو).

ئەو پیشەی لەباوکی‌یەوە بۆ مایەوەو لەوکارەی‌دا زۆر بەگوڕ بوو تاوەکو ناوبانگی بەوەستایەکی لێهاتوو دەرکرد. هەروەها ڕۆزیو قوتی ڕۆژانەیشی هەرلەوکارەی بەجنگ دەکەوت.

شێخ دەڵێت: (نیعمەتی‌یەکەمیان) ئەوەبوو کەزمانی عەرەبی بۆناسان کردمەوە، چونکە ئەگەر لەئەلبانیا بمابامەوە ئەوا ڕابینی ئەوەم نەدەکرد یەك پیتیشی لێ فێرببم چ جای کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە تەنها بەرێگای زمانی عەرەبی‌یە وەدەتوانین تێیان بگەین. بەلام ئەوەی (دووەمیان): ئەوەبوو کەکاتێکی زۆری بۆدەرەخساندم کەبەزانست خوازی (طلب العلم) پڕم ئەکردەوە. ئەوکارەم دەرفەتی زۆری بۆ ڕەخساندم بەلام ئەگەر هاتوو لەسەرەتاوە هەولی فێربوونی ئەو کارەم دابوایە. ئەوا هەموو کاتەکانم بەفیڕۆدەچوو ودەرگای زانست بەسەرمەوە دادەخرا کەچی پێویستە زانست خوازان هەڵی بۆبڕەخسێنن وخۆیان بۆ یەکلا بکەنەوە. هەروەها کاتێ پرسیاری ئاڕاستە دەکرێت دەربارەی ئەوسەرکەوتنە مەزنەی کەبەدەستی هێنا لەنێوان یەکلابوونەوەی بۆزانست خوازیو خەریك بوونی پیشەکەی. دەڵێت: (بەڵێ ئەمە ڕاستە ئەو سەرکەوتنەی کەخوای پەروەردگار بەفەزلی خۆی پێمی بەخشی، ئەوەبوو کەلەسەرەتای لاوێتیم دا ڕووبەڕووی ئەوکارەی کردمەوە. لەبەر ئەوەی سەربەستی هەیە

لەو کارەدا دژی هەولێ وکۆششە کەم نەدەبۆوە. کەلە زانستی سوننەت دەمخستە گەڕو هەموو کاتێکی ڕۆژانی هەفتەم بۆ تەرخان دەکرد، جگە لە سێ شەممەو هەینی‌یان نەبێ سێ کاتژمێر بوو.

ئەوەندە مەودایەش بەسبوو تاوەکو خواردنی پێویست وەدەست بێنم بۆ ماڵ وخێزان ومنداڵەکانم. بێگومان بە بەدەست هێنانی خواردنێکی سادەو کەمیش هەروەکو لەدوعاکانی پێغەمبەرمان (ﷺ) هاتووە کەدەفەرموێ: **(اللهم اجعل رزق ال محمد قوتا)**[1].

ئەگینا گشت کاتەکانی ترم تەرخان کردبوو لەپێناوی زانست خوازی ونووسین و دیراسەکردنی کتێبی فەرمووده. بەتایبەتیش ئەو (مخطوط)انەی کەلەنێو (مكتبة الظاهرية)[2]دا هەبوون، لەبەر ئەوە ئامادەبوونم لەم پەرتوکخانەیە هەروەکو فەرمانبەر ئاسا وابوو.

---

[1] رواه البخاري (فتح) (٢٥١/١١)، وسلم (١٠٥٥)و (٢٢٨١/٤) بترقيم محمد فؤاد عبدالباقي، وأخرجه الترمذي (٢٣٦٢).

[2] له گرنگترین (كۆگاكان -الخزائن) خەزانەی (دار الكتب الظاهرية)یە، كە پایەوناوبانگی یەم خەزانەیەش لەبەر زۆری ژمارەی كتێبەكان نییە بەڵكو لەبەر دەگمەنی كتێب و دەستووسە پارێزراوەكانە كەلەوانەیە كۆمەڵەكەی دەگمەنترین كۆمەڵە بێ لەناوچەی شام، كەچەندەها هەزار كتێب و پەیامی زانستی تێدا كۆكراوەتەوە كەهەیانە بە پێنووسی نووسەرەكەیەتی‌و هەشیانە دەستووسی خوێنەرانی‌یەتی، هەروەها تیایاندایە زۆر كۆنن بەڵكو تێدایە كۆنترین و دێرین ترین كتێبە لەناچەی شام لەسەدەی سێیەم.!

ئەم خەزانەیە لەساڵی ١٢٩٦ك دامەزراوە بە هەوڵی (طاهر الجزائري وسليم البخاري)و بەهاوكاری زۆر لەزانایانی تر.

و (مدحت پاشا)و (حمدی پاشا)ی والی سووریەش دەستێكی باڵایان هەبووە لە كۆكردنەوەی ئەم كتێبانە، وە لەگرنگترین كەسانێك لە پیاوانی دەوڵەت كەزۆر سۆزی بووە بەرامبەر ئەم كارە خزمەت گوزارییەو بەكردار یارمەتی داون ئەویش (بهابگ)بووە كە ئەو كاتە (مدير ديوان الرسائل) بوو لە سووریە..

وەژمارەی كتێبەكانی نێو ئەم كتێخانەیە دەگاتە ٢٤٤٣ كتێب جگە لەوەرەقەجیاجیاكان، كە ئەم كتێبانەش لە (١٠)خەزانە وەرگیراون:

١-خزانة المدرة العمرية لە (صالحية). ٢- خزانة مدرسة عبدالله پاشا العظيم. ٣- خزانة سليمان پاشا العظم. ٤- خزانة الملاعثمان الكردي. ٥- خزانة مدرسة الخياطين، كەلەلایەن (اسعدپاشا العظم)وەقف كراوە. ٦- خزانة المرادية لە (مدرسة مرار المرادي). ٧- خزانة مدرسة السيميسایة. ٨- خزانة الاوقاف. ١٠- خزانة بيت الخطابة.

کەڕۆژانــە شــەش تــا هەشــت (٦-٨) کــاتژمێر بــەپـێی کــاتی هاوینــە وزســـتانە لـــەو پەرتوکخانەیەدا دەمامەوە کەکاتی نوێژی نیوەڕۆش دەهات بـانگم ئـەداو وپێـش نوێـژم بـۆ موسـوڵمانان ئـەکردو لەکاتـەکانی تریـش بەهـەمان شێوە. یەکـەم کــاری فـەرموودەبیشـم کەئەنجاممدا نووسینەوە وڕوون کردنەوەی کتێبی ((المغني عن حمل الاسفار في تخريـج مـافي الاحياء من الاخبار))ی حافظ العراقي بوو، کەبێگومان ئەو کتێبە تـەخریجی فـەرموودەکانی کتێبی (احیاء علوم الدین)ی غەزالیە.

ئەوەبوو ئەو تێکۆشانەم سوودی زۆری پێگەیاندم وهەستم دەکـرد کـە خـوای پـەروەردیگار والەقۆناغێکەوە بـــۆ قۆناغێکیتر دەمگوازێتەوە).

بەڕاستی ئەوەی لەدەستڕەنگینییەکانی شێخ رابمێنێ لەو کارە سەختەیدا بێگومان سەری سوڕ دەمێنێ لەلێ هاتوویی لەکاری زانستیو ووردەکارییەکانی لەڕووی رێکخستنی کتێبەکان وجوان نووسینەوەیان وخزمەتکردنی زانستییانەی بەتایبەتیش لەو تەمەنە بچووکەیدا.

وێنەی لاپەڕەیەکی کتێبی ((المغنی عن حمل الاسفار في الاسفار))ی حافزی عراقی

بەپێنووسی شێخی ئەلبانی

بۆیە ئەو کارە زانستی‌یە دەرگای خێری لیّ کردەوەو زیاتر خۆی ڕاهێنا لەگەڵ زانستی فەرموودەو دیراسەکردنی سوننەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) وئەو زانستەی زۆر لاشیرین وخۆشەویست بوو، هەروەها زۆر جاران باوکی ئامۆژگاری ئەکردو پیّی دەووت: (علم الحديث صنعة المفاليس) (زانستی حەدیس کارو پیشەی موفلیس دەکەم دەرامەتانە)[1] لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی‌ئەو لاوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و تاوتوویّکردن وجیاکردنەوەی ساغەکان لە لاوازو هەڵبەستراوەکان زیادیکرد.کە ئەو کاتە شێخ لەژێر چاودێری باوکی‌یەوەو لەنێو خێزانێکی گەورەدا ژیانی بەسەردەبرد. بۆی نەدەکرا ئەو کتێبانەی کە پێویستی پیّیان هەبوو لەکارەکەیدا بیان کڕێت ولەکاتێکا ئەو کتێبانەش لەکتێبخانەکەی باوکی دەست نەدەکەوتن. چونکە پڕبوو لەکتێبی تایبەت بەمەزهەبی حەنەفی. بەڵام خوای پەروەردگار نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا ڕشت ودەرووبەکی خێری لیکردەوە. ئەوەبوو لە بەناوبانگترین کتێبخانەکانی شامی بۆ ڕەخساند کە کتێبخانەی (الظاهرية) بوو، هەروەها توانی بەڕێگای ئەو پەرتوکخانەیە زۆر لەو کتێبانە بەدەست

---

(١) هەروەکو لەمەوپێش باسمان کرد، ووتمان شێخ زۆربەی کاتەکانی بەزانست خوازی بەسەر دەبردو تەنها بە ئەندازەیەکی کەم دەیتوانی بژێوی خۆی‌ومال ومنداڵەکانی دابین بکات، بۆیە لەو ڕێگایە پیرۆزەیدا شەقلی هەژاری پیّوە بەدیار کەوتبوو.!
هەروەکو مامۆستا (محمد ابرهيم الشيباني) دەڵێت:
لەو پشێوی‌ەو کەم دەرامەتیەی کە شێخ تیّدا ژیانی بەسەر دەبرد، ئەوە بوو کە توانای کڕینی ئەو کاغەزانەی نەبوو تاوەکو ئەو زانیاری‌یەی کەخوای پەروەردگار پیّی بەخشیوە لەسەری تۆمار بکات و بلاوی بکاتەوە، کەلە شەقام وکۆڵانەکان لەم لاو ئەم لا بەدوای کاغەزی کۆن و فڕەدراو ئەگەڕا، تاوەکو لەسەر پشتی بنووسێت.!!
بۆیە هەمیشە لەسار ڕووی ئەم کاغازانە یان ئەوەتە پڕو پاگەندەی کردنەوەی پێشانگاو کاری پیشەسازی و یان داوەتە نامەو...هتد لەسەر نووسراوە.
شێخ هەندیّ لەو کاغەزانەی پێشاندام کەلەسەری نووسیبووی زۆر بەیان لێوارەکانیان داڕوشابوو...!!

بێنێت کەتوانای کڕینیانی نەبوو. هەروەکو زۆر جاران پشتی بەو کتێبانەش دەبەست کەخوای میهرەبان بۆی ڕەخساندبوو بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کەلەگەڵ بەڕێز (سلیم القصیبانی)و کوڕەکەی (عزت)دا بەستابووی کەخاوەنی‌یەکێ لەپەرتووکخانە گەورەکانی شاری دمشق بوون بە پێی پێویست لەو پەرتوکخانەیە کتێبی دەخواست، بەڵام (ئەمجارەیان بەبێ کرێو بۆ کاتێکی بێ سنوور). !

هەروەها پەیوەندی کرد بەپەرتوکخانەی عەرەبی هاشمی (المكتبة العربية الهاشمية) – عیداخوان– کەلەوێدا ئەو هاوڕێیانەی هەبوون (احمد، حمدی، توفیق) کەزۆر یارمەتیان دەدا بۆ تێنوو شکاندنی لە کارەکانیدا بەڵکو شێخ ئەو کارەی کە (گرنگی دان بوو بەسوننەت) بوبە بەشێك لەژیانی‌و کە دوکانەکەی دادەخست وپەرەو پەرتوکخانەی الظاهرية بەڕێ دەکەوت ئەمجارەیان ڕۆژانە دوانزە سەعات لەوێ دەمایەوەو بەبەردەوامی خەریکی (مخطوط)اتە بە بەهاو نایابەکان بوو. تەنها کاتەکانی نوێژ نەبێ کەلەدوای نوێژ خواردنێکی سادەی دەخواردو دووبارە دەستی دەکرد بەکاری زانستی خۆی.

بێگومان ئەو هەڵوێستە سەرەتای ژیانی پێگەیشتنی ئەهلی حەدیس وپێشەوایانمان دەخاتەوە یاد. وەکو (ابن الجوزی) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەیووت: (من نانی ووشکم دەخواردو ئاوم بەسەریەوە دەخوارده‌وە لای ڕوباری –عیسی– لەکورەی بەسرا کەمن ئەمەم بەکاتێك دادەنا بۆ ئەوەی بکەم بەئەهلی زانست بۆ ئەوەی زانیارییان لێ وەربگرم وهیچم لا نەدەهێشتنەوە)[1]. پاشان لەبەر لێهاتوویی شێخ لەلای بەڕێوەبەرایەتی پەرتووکخانەکە ژوورێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کردبۆ ئەوەی تێیدا نیشتەجێ ببێو لەگەڵ هەندێ لەو کتێبە سەرچاوەیی‌و توێژینەوە زانستییەکان کات بەسەر ببات. ئەوەبوو بەیانیان لەپێش فەرمانبەران لەپەرتوکخانەکە ئامادە دەبوو هەڵبەت نەریتی فەرمانبەران وایە کەنیوڕۆیان پەرتەبکەن بۆ ماڵەکانیان وبەیانی بگەڕێنەوە.

---

[1] صيد الخاطر (٢/٣٣٠) نقلا عن (عودة الى السنة) (ص٨١) علي حسن عبدالحميد الاثري.

بەلآم شێخ ناصر تاخوا ویستی لەسەر بوو ئەمایەوەو هەندێ جار نوێژی عیشاشی دەکرد ئینجا بۆ مالّ دەگەڕایەوە. پاشان خەلکی ڕوویان تێکردوو لەنێو پەرتوکخانەکەدا ئاپورەیان دەداو لەبەردەم زانستەکەیدا بەچۆك دادەنیشتن، پرسیاریان ئاڕاستە دەکرد. شێخ لەو کاتەدا (تبع)ێکی لێ بەدەردەکەوت بەلآم لەو ڕووەوە عوزری هەبوو ، چونکە نایەوێت کاتەکانی بەزایە بچێت بەدەمەتەقێ کردن وراگۆڕینەوە. کەکاتێ وەلآمی پرسیارێکی ئەدایەوە هەرسەیری کتێبەکەی بەر دەستی ئەکرد هەروەکو مامۆستا (محمد الصباغ) دەلێت: (چاوێکی لەکتێبەکەی بەردەستیبوو، چاوەکەی تریشی لەو کەسەبوو کە پرسیاری لێ دەکرد.)

وەلەو بەروو بوومانەی کەلەو پەرتوکخانەیە بەدەستی هێنا تەخریجی فەرموودەکانی (البیوع)بوو لەفەرهەنگی فیقهی ئیسلامی جگە لە نووسراوی تری. بۆیە هەرکەسەی وتەکانی شێخ بخوێنێتەوە لەپێشەکی (فهرس مخطوطات الحدیث في المكتبة الظاهرية) کە لەبارەی بەسەرهاتی کاغەز (ورقة)ە وون بووەکان[1] نووسیتی ئەوا چالآکی ولێهاتوویی ئەو زانا بەرێزەمان بۆ ئاشکرا دەبێت لەئاقار خزمەت کردنی سوننەتی پاکی سەروەرمان محمد(ﷺ).

---

[1] واتە: لەو (مخطوط)و نوسراوانەی شێخ کەلەمیانەی کۆچ کردنی لە (دمشق)ەوە بۆ (عمان) وون بوونە.

لولا كثرة طائفة المحدِّثين على حفظ الأسانيد لدرس منار الاسلام ولتمكن اهل الالحاد و المبتدعة من وضع الاحاديث وقلب الاسانيد

((الحاكم النيسابوري))

بانگەوازی بۆ ڕێگای خوا

بەڕاستی فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی شێخ بۆ زانست وکارکردن پێی کەبەرەوڕووی ڕێبازوو ڕێسایەکی ڕاست وڕەوا بۆوەو کەتەنها لەکتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وەری دەگرت و پشتیشی پێدەبەست بەپێی تێگەیشتنی زاناو پێشەواکانی سەلەفی صالح و بەبێ لەبەر چاو گرتنی دەمارگیرێتی بۆیان. !

هەروەها ڕێبەری ڕێگاو ڕێبازەکە بشی تەنها هاندان بوو بۆ کارەکەی بۆیە لەسەر مەزهەبەکەی لادەچێت کە مەزهەبی حەنەفی بوو. !

وێرای ئەوە باوکی زۆر بەربەرەکانی دەکرد، هەروەها لە چەندین بابەتدا ڕای لەیەك جیایان هەبوو کەشێخ بۆی ڕوون دەکردەوە کەنابێت بۆ موسڵمانێك فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) واز لێبهێنێ و دڵنیاش بێت کەلەلای پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووەو لەلای پێشەوایانیش کاری پێ کراوە ئینجا لەبەر ووتەی یەکێ لەئیمامەکان وازی لێ بهێنێت.

هەر لەم دەروازەوە قۆناغی چالاکی نواندن و داچەقین لەزانیاریو بانگەوازی ڕاستەقینە دەستی پێکرد.

مامۆستا (محمد المجذوب) لە شێخ ناصرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کەووتوویەتی (سەرەتا پەیوەندیمان کرد بەوموسڵمانانەی کەدەماننناسین و هاوڕێیەتیمان لەگەڵدا هەبوون و دواتر ئەوانەی کە هاوڕێیەتیان لەگەڵ ئەواندا هەبوو کەلە (دوکانێك)دا کۆبووینەوە، پاشان بەچاکمان زانی بچین بۆ ناو خانوویەك کە هی یەکێ لەلایەن گرانمان بوو، دواتریش چووین بۆ خانوویەکی گەورە کە ئەویش هی لایەنگرێکی ترمان بوو.

پاشان هەر بۆ ئەو مەبەستە قاتێکی (شوقە)یەکمان بەکرێ گرت. و ئەوەبوو ئامادە بوان هەر لەزۆری دابوون تاوەکو جێگاکەمان تەنگ و ناخۆش بوو بۆیە ئەوە بوو ئەوجارەیان کۆبوونەوەکەمان هەڵوەشاندەوەو قوتابییەکانیش پەرتەیان کرد.

مامۆستا (محمد عبدالعباسی) لەکتێبە پوخت ونایابەکەی ((بدعة التعصب المذهبي))و لە ژێـر باسی (کیف نشأ الدعوة السلفیة في البلاد الشام)؟[1]

دەڵێت: بەڵام ئێمەی گرۆی سەلەفی لەڕاستیدا کارێکی نابەجێ ودزێومان نـەکردووە، بـەڵکو چیرۆك و سـەر گوزشتەی ئێمـە ئـەوەبوو کـە پیـاوێکی زانـا لـەنێوانمان دا هەڵکـەوت کەبـە پشتیوانی وویستی خـواو پاشـان بـە هـۆی لێ نـەبڕان و چوستیو چـالاکی و ئارامیـیـەوە گەیشت بەتێگەیشتن لەمانای بەڵگـەکانی شـەرع و توانـی لەسوننەت وزانستەکەیو فیقهو ئوصولی فیقه بـەچاکی شـارەزا ببێ، هـەروەها توانـی لەئاسـت گوتـە پێچەوانـەکان و بەڵگەکان ڕاستەکان هەڵبژێرێت، جا هەندێ لەئیجتـهادی بەڕاسـت بینـیو هـەندێکی تریـش بەهەڵـە، پاشـان خـەڵکی بـانگ کـرد بۆئـەوەی کـە بەڕاسـتی زانیـیـەوە و ئاگاداریشـی کردونەتـەوە لـەوەی کـەوای بۆ چـووە هەڵەیـەو (بـاطل)ن، چونکـە ئـایین ئامۆژگارییـە هەروەکو لە فەرموودەی صحیح داهاتووە.

ئینجا کۆمەڵێکی زۆر لە بڕواداران بەپیر بانگەوازییەکەی هـاتن و ڕێبازەکـەیان گرتـە بـەر و بەزانستەکەی ئاشنا بوون.

هـەروەها ئـەوانیش خـەڵکییان بـانگ کـرد بۆئـەوەی کـە بیونویانـە ڕاسـتە ئاگاداریشـیان کردنەوە لەوەی کە بینویانە هەڵەیە.

ئینجا دەمارگیرە مەزهەبییەکان بەدرکی نەفامی تـەقلید بـەرەو ڕوویـان بوونـەوە، کەوتنـە بەرشالاوی نارەزای‌قەومەکەیان و لەلای ئـەوانیش تانـەو تەشـەریان تێگـیراو گاڵتـەیان پـێ کرا! بەڵام لەسەر بانگەوازیەکەیان خۆگر بوون وئارامیان گرت لـەو ناخۆشیانە لەگـەڵ ئـەو پیاوە بڕوادارو ئارامگرە.

کـە زۆر لـە ئـەهلی عیلـم و خـاوەن ئینسـاف شـایەتی گـەورەیی ئـەو بانگـەوازکارە موجاهیدەیـان داوە هـەروەکو ڕووی ڕاسـتی ئـەو بانگـەوازەیان زانییەوەو گەیشـتوون بـە حەقیقەتی ناکۆکی نێوان شێخ و بەرهەڵستکارانی، کەشێخ وهاوبیرەکانی بەبێ ترس

---

[1] ل(١٢١،١٢٢،١٢٣،١٢٤).

ووشـەی هـەق ئـەڵێن و هـەرگیزیش قـامچی جـەماوەرو غەڵبـە غــەڵبی نــەیارانیش نــەیانی ترساندووە.

لە پێشـەوەی ئـەو خـاوەن ئنسـافانە مامۆسـتا (احمـد مظـهر العظمـة)ی سـەرۆکی (جمعیـة التمدن الاسلامی)و بەڕێوەبـەرو سـەر نووسـەری گۆڤـارە بـێ خەوشـەکەیەتی ، لێرەدا ئـەو دەرفەتە جێ دێڵین بۆ مامۆستا (العظمة) تاوەکو چیرۆکی سـەرهەڵدانی بانگـەوازی سـەلەفی لەوڵاتی شام و هۆی بۆڵە بۆڵ وتارماییو تەم و مژی درووست بـو لەلایـەن بەرهەڵسـتکارانی سەلەفیەوە باس بکات.

لە پێشەکی کتێبەکەی شێخی ئەلبانی (الرد علی التعقیب الحثیث)

کە لەلایەن مامۆستا (العظمة) وە نووسراوە و دەڵێت:

((لیمەشق زانایـەکی بـەرزی بـەخۆوە گرتبـوو کـە ئـەویش زانـای گـەورە (الشـیخ بدرالدیـن الحسینی) بوو، کاتێ کەوەفاتی کرد ئەم شارە خاڵی بوو لـە پێشـەوایەك کەخـەڵکی چـاوی تێبڕیبێ لە زانستی حەدیس! کەچی گەنجێکی (ارنـاوۆط) ی ڕەگـەز بەگەشـەیەکی زانسـتی پەروەردەبو ئەوەبوو بـەرزترین بەشـێکی بەرکـەوت ئـەویش مامۆسـتا (محمـد نـاصر الدیـن الالبانی)بوو کە لـەنێو گەنجـەکان بەخزمـەتکاری فەرمووەدەوزانسـتەکەی ناسـرا، ئـەوەبوو لەدەورو بـەری کۆبوونـەوەو ئـەویش لـەلای ئـەوان نـاودەنگی دەرکـرد، وە بـەهۆی پـاراوی زمانی عەرەبیو شارەزایی زۆری لەفەرمووەدەو جوانی گفت و گـۆی توانـی کـار بکاتـە سـەر کۆمەڵێکی بەرچاوو، وایان لێبکات ببن بە قوتابی ئەوو لەزانستەکەی ئاشنابن.!!

ئینجا مامۆستا (محمد عبدالعباسی) دەڵێت:

(ئا ئەوەهۆی سەرەکی بوونی خیلافی نێوان سەلەفیەکان و لاسـاکەرەوەو دەمارگیرەکـان بوو) پاشان ڕووی ئەم خیلافانەی نێوانیان واتە (نێوان سـەلەفیو لاسـاکەرەوانی -مـالکیو، حەنەفیو، شافعیو، حەنبەلی) بەبەڵگەو نموونە خستۆتە ڕوو..

ئینجا لەو ڕۆژەوە مشت و مڕ لـەنێوان شـێخ وپێـش نوێـژو ووتارخوێنـەران دەسـتی پێکـرد هەروەها هێرشی بەرهەڵسـتکاری خـاوەن دەمارگـیرە مەزهەبیـەکانیش دەسـتی پێکـردو

کەوتنە دژایەتی کردنی بەتایبەتیش ئەوانەی کەلە خۆی نزیك بوون کەڕۆژانە بوختانیان پێ هەڵدەبەست و ئاژاوەو کێشەی ناڕەوایان بۆ دەنایەوەو ناویان دەبرد بە (وهابي ضال)!
بەڵام ئەوکاتە زۆر لەوزاناو مامۆستا ناودارانەی کە هاوبیرو هاوڕێ باز ی بوون هانیان ئەدا لەسەر بەردەوام بوونی لەوڕێگا پیرۆزەی‌و بۆ درێژەدان بەباگەوازەکەی لەو بەڕێزانەش (العلامة بهجت البيطار، والشيخ عبدالفتاح الامام، والشيخ حامد الفقي، والشيخ توفيق البرزة)و هی تریش بوون ((ڕەحمەتی خوایان لێبێ)).
ئەوەبوو شێخ هیچ گوێی بە قسەو هەوڵی بەرهەڵستکارانی نەئەدا بەڵکو زیاتر سوور بوو لەسەر دەستگرتن بەڕێبازە پیرۆزەکەی ئەوە بوودانی بەخۆی دا گرت لەسەر ناخۆشی‌یەکان وەك پەیڕەوی کردنێك لەئامۆژگاریەکانی (لقمان) (عليه السلام) بۆ رۆلەکەی: ﴿يا بني لاتشرك بالله إن الشرك لظلم العظيم.....، يا بني اقم الصلاة وامر بالمعروف وانه عن المنكر واصبر على ماأصابك إنَّ ذلك من عزم الامور﴾[1]
بۆیە شێخ گرنگی نەدا بەم کارەی ئەوان و زۆر بێ باکانە لەئاست بەرەنگار بوونەوەیان سڵی نەکردەوەو ئاڵای (کتاب وسوننەتی) بەدەستی‌وە گرت..
ئینجا شێخ سەردانی زۆر لەشێخەکانی ئەو دەمەی دەکرد و چەندین ڕاگۆڕینەوەو موناقەشە و ووتوێژ لەنێوانیاندا دروست دەبوو لەبارەی کێشەی (توحيد)و دەمارگیریتی بۆ مەزهەبەکان و کاری بیدعی‌و...هتد، ئەویش بەیارمەتی شێخ (عبدالفتاح الامام) وەوە بوو (ڕەحمەتی خوای لێبێ) کە ئەوکاتە سەرۆکی (جمعية الشباب المسلمين) بوو.
پاشان بەرهەڵستکارانی بازوویان لێ هەڵکردو کەوتنە ئاژاوە نانەوەو درۆو دەڵەسە هەڵبەستن و ناوزڕاندنی.
ئائەو هەڵوێستەی نەفامان بەگرنگترین هۆکارەکانی ڕوو بەڕووبوونەوەی شێخ بەرامبەر بە پشێوی وگرفتەکان دا دەنرێت، کەئەونەفامانە چاویان لەئاست چرای پرشنگداری

---

[1] سورە لقمان/٧.

زانستەکەی هەڵنەدەهات. هەر وەکو بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (لەو بەرو بوم و دەستکەوتانەی کە بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر بەرەو پیری بانگەوازەکەمان بێن. !
ئەوە بوو کە بەرنامەیەکمان دانا بۆ سەردانی کردنی هەندێ شوێنی وولات لەنێوان (حلب، و اللاذقیة- وە ك ادلب، وسلمیة، وحمص، وحماة) پاشان (الرقة)، کەلەو کارە ماندا سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا، و زۆر لەو کەسانەی کە عەودالّ و تامەزرۆی زانستی فەرموودە بوون کۆدەبوونەوەو کۆڕو خولی زانستیمان ئەنجام ئەدا کەتێیدا ئەو کتێبانەی کەلە بارەی سوننەتەوە بوون دەخوێنران و چەندین پرسیار دەکراو گفت وگۆو ڕاگۆڕینەوە دروست دەبوو...تاك))

- تەڵەکەی داخ لەدڵان.

شێخ دەڵێت: (ئەو هەوڵەمان ڕق و قینی هەندێکیانی زیاتر کردو کە زەمینەیان بۆ خۆیان خۆش دەکردوو دەچوون بۆ لای بەرپرسانی دەوڵەت و کاسە لێسیو مەراییپیان بۆدەکردن و ئاژاوەیان بۆ دەنایەوە.) !
بەڵێ ئائەو کارەیان سەری کێشا بۆزیاتر ڕق داگرتن لە کەسایەتی شێخ، کەچەندین تۆمەتی نارەوایان بۆ نایەوە و لەلای دەسەلاتداران لەکەداریان دەکرد، ئەوە بوو بەو هۆیەوە شەش مانگ بەند دەکرێت. ! !
شایەنی باسە جارێکی تریش بەندکراوە لەساڵی ١٩٦٧ بۆماوەی تەنها مانگێك.
کە ئەوکاتە شێخی خواویست تەنها وێردێکی سەرزاری ووتنەوەی ئەو ئایەتە پیرۆزە بوو: ﴿**قال رب السجن احب الى مما يدعونني اليه**﴾[1] ، بەلام ئەوکارەی نەیاران هیچ زیانێکی پێ نەگەیاند، بەڵکو ئەمجارە یان فەرموودەکانی پێشەوا (ﷺ)و بەرگری کردن لە سوننەتەکەی بوو بە و خوێنەی کەلەناخی دڵیەوە بە بەردەوامی هاتوو چۆدەکات. !

---

[1] سورە يوسف/٣٣

چونکە بەندیخانە لەلای زاناو موجاهیدان بەهەشت و گەشت و پەروەردەی دەروونییە !
ئەمە (شیخ الاسلام ابن تیمیة)یە رەحمەت خوای لێبێ کەلەنێو بەندیخانەدا دەیووت:
(دوژمنانم چیم لیّ ئەکەن من بەهەشت و باخاتم لەدلّ دایە، ئەگەر رۆیشتیشم ئەو لەگەڵمەو لێم جیا نابێتەوە. !
بەند کردنم (خەلوە)یەو کوشتنیشم شەهادەتەو شاریەدەرکردنیشم گەشت و سەیرانە !)،
هەروەها دەیووت: (ئەگەر پڕ بەو قەلآیە زێرم پێشکەش بکەن ناگاتە شوکرانەی ئەو نیعمەتە. واتە نیعمەتی بەندبوون). !
ئینجا شێخ هەر لەنێو بەندیخانەدا دەستیکرد بەبانگەوازی کردن لەنێو بەندکراوەکان ورای دەهێنان لەسەر دەست گرتن بەسوننەت وریشەکێش کردنی زیادەکارییەکان لەئایین ومل کەچ بوون بۆ فەرموودەکانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ).
ئەم حەلە خەلکێکی ئێجگار زۆر بەپیر بانگەوازییەکەی هاتن ودەنگیان خستە پالّ دەنگییەوە. بەراستی ئەوکاتە ئەو بەندیخانەیە وەکو زانکۆیەکی ئیسلامی سەیردەکرا.
شێخیش توانی لەو سات وکاتەدا بەرهەمێکی زانستی بەسوود بەدەست بێنێت کەئەویش دانانی (مختصر صحیح مسلم) بووکە بیّئەوەی هیچ سەرچاوەیەکیشی لابێت[1].
هەروەها بەندکراوەکانی هاندا بۆئەوەی لەنێو بەندیخانەکەدا نوێژی بەکۆمەلّ بکەن و ووتاری هەینیشی بۆدەخوێندنەوە. شایەنی ووتنە شێخ تاکە کەسێك بوو کەتوانی لەدوای (شیخ الاسلام –ابن تیمیة–) لەنێو ئەو بەندیخانەیەدا واتە (بەندیخانەی قلعة) نوێژی بەکۆمەلّ بکات و ووتاری هەینی بۆ بەندکراوەکان بخوێنێتەوە !
پاشان دوا بەدوای دەرچوونی لەبەندیخانە لەسەر کارە پیرۆزەکەی بەگورتر دەبیّ وزیاتر وزەی دەخستە گەر هەموو هەفتەیەك بۆ شاری (حلب) بەریّ دەکەوت وسەردانی (مکتبة

---

[1] بەپێچەوانەی ئەو گوتەیەی کە لەنێو گۆڤاری (المجتمع)دا نووسراوەو ووتویەتی (ئەلبانی مەتنی فەموودەکان لەبەرناکات)! بەلاّم ئەوبەرهەمە و گەوهەرەی شێخ چاکترین بەلگەیە لەسەر بووچەلی پروپاگەندەکەیان.

لاوقـاف الاسـلامية)ی دەکـرد چـەندین سـەعات لـەوێدا دەمایـەوەو لەگـەڵ (مخطـوط)اتـە نایابەکان کاتی بەسەر ئەبرد.

ئەوانەی کەزۆر پێویستیشی پێ‌هەبوون ئەوا لەلای خۆی دەینووسیەوە[1]. بەمجۆرە سـاتێك ەوکارەی سلێ‌نەکردەوە ودرێژەی بەکارە پیرۆزەکەی داکە بانگەوازی کردن بوو بۆ رێگـای خوا. ئەوەبوو بانگەوازییەکەی پەلی هاویشت بۆ دەرەوەی وولات وبۆ وولاتە دراوسـێکانیش وەك (ئەردەن و لوبنان).

---

[1] یەکێ لەوکتێبانەی کەلەو پەرتووکخانەیەدا نووسیەوە کتێبی (الزوائد)ی -البصری-بوو.

سُبُلُ العِلمِ مِثلُ سبل المال، إِن المالَ إذا ازداد ازدادت زكاته

الامام احمد بن حنبل ((رحمه الله))

إقتضاء العلم العمل - للخطيب البغدادي (ص/٩٠)

کۆڕو کۆبوونەوە زانستییەکانی

شێخ (ناصرالدین الالبانی) بەرنامەیەکی هەفتانەی ڕێکخستبوو بەمەبەستی گەیاندنی ئەو زانیارییەی کەخوای مەزن پێی بەخشیوە، لەو کۆڕە زانستییەدا چەندین قوتابی عیلم وماموستایانی زانکۆکانیش ئامادەدەبوون. ئەمانەی خوارەوە ناوی هەندێ لەو کتێبانەن کەوا شێخ دەیووتنەوە:

١- الروضة الندية: صديق حسن خان.

٢- اصول الفقه: عبدالوهاب خلاف.

٣- منهاج الاسلام في الحكم: محمد اسد.

٤- مصطلح التاريخ: اسد رستم.

٥- فقه السنة: سيد سابق.

٦- الحلال والحرام: د.يوسف القرضاوى.

٧- الترغيب والترهيب : حافظ المنذري.

٨- فتح المجيد شرح كتاب التوحيد: عبدالرحمن بن حسن.

٩- الباعث الحثيث شرح اختصار علوم الحديث-لابن كثير-: تأليف احمد شاكر.

١٠- رياض الصالحين: للنووي.

١١- الالمام في احاديث الاحكام: ابن دقيق العيد.

١٢- الادب المفرد: الامام البخاري.

هەروەها ماموستا (محمد عيدالعباسى) کە یەکێکە لە قوتابییەکانی شێخ، لەکتێبە بەناو بانگەکەی ((بدعة التعصب المذهبي)) دەڵێت:

ئەوانەی خوارەوە هەندێ لەو کتێبانەن کە شێخ (ناصر) بۆ قوتابییەکانی ڕوون دەکردەوە لە شاری دیمەشق:

١- كتاب اقتضاء الصراط المستقيم: شيخ الاسلام ابن تيمية.

٢- فقه السنة: سيد سابق.

٣- منهاج الاسلام في الحكم: محمد اسد.

٤- الروضة الندية في شرح _الدرر البهية للشوكاني) العلامة محمد صديق حسن خان.

کەپێکهاتبوو لەدوو بەرگی گەورە کەبەهەموو بەشەکانەیەوە خوێندمان وباسەکانی بەتێرو تەسەلی بۆ خستینە ڕوو هەر لەباسی (عبادات، ومعاملات، وبيوع، ونكاح، وطلاق، واشربة، وجهاد و...هتد) مامۆستای بەرێز خوا بیپارێزێت ئەو توێژینەوانەی بەشێوەیەکی زانستی یانە وبەووردی بۆمانی ڕوون دەکردەوەو هیچ کێشە بچووك وگەورەکانی واز لێ نەدەهێنا ئیللا دەبوایە بۆمانی ئاوەلاَ بکردایەوەو ڕووی شاراوەی بۆمانی بەدیار دەخست.هەروەها لەڕوون کردنەوەکانیش تەنها پشتی دەبەستابە بەڵگەی بەهێز. هەروەها بەهەمان شێوە ئەو بوارەی بۆ ئافرەتانیشی ڕەخساندبوو کەلەوانەکانیدا فەرموودە ساغەکانی بۆ دەخستنە ڕوو وبۆیانی ڕوون دەکردەوە[1].

***کۆڕو کۆبوونەوە زانستییەکانی لە (زانکۆی ئیسلامی) مەدینەی موننەوەرە:**

مامۆستایان (محمد عيد عباس، وعلی خشان) کەدوو قوتابی دڵسۆزو بەئەمەکی شێخن لەکتێبێکیان کەبە هاوکاری یەکتری تێیدا هەندێ لایەنی ژیانی زانستی شێخ (الالبانی)یان تۆمارکردووەو دەڵێن: (بەو سەرکەوتنە مەزنەی کەخوای میهرەبان بەشێخی بەخشی ئەوەبوو کەچەندین نووسراوی بەسوود ونایابی بەدیار کەوت لەبارەی فەرموودەو فیقهو بیرو باوەڕ .. هتد. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە زانایان ئاوەڕ لە زانیارییە پڕسوودەکەی بدەنەوە ولێی وە ربگرن.

هەروەها لەکاتی دامەزراندنی زانکۆی ئیسلامی لەمەدینەی موننەوەرەشدا لەلایەن سەرپەرشتیارانی زانکۆکە پێشنیاری شێخیان کردبۆ ڕووناك کردنەوەی زانکۆ کەبەچرا پڕشنگداری زانستەکەی لەسەرووی ئەو سەرپەرشتیارانەش (الشيخ العلامة محمد بن ابراهيم آل الشيخ)بوو کە ئەوکاتە سەرۆکی زانکۆی ئیسلامیو مفتی گشتی (مملكة العربية

---

[1] ئەم فەرموودانەی لەسەر کتێی (الادب المفرد)ی ئیمام بوخاری بۆیانی ڕوون دەکردەوە.

سعودية)بوو کەشێخی دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی وانەی (فەرموودەو زانستەکەی وفیقە) بڵێتەوە.
ئەویش داواکەی قەبوڵ کردوو ئەوەبوو بۆ ماوەی سێ ساڵان لەوێ دامایەوە، لەو ماوەیەدا شێخ نموونەی (مشور خۆری) ودڵسۆزی خۆی بۆ مامۆستاو قوتابیەکانی زانکۆکە سەلماند.
کەزۆر جاران لەکاتی پشووی نێوان وانەکان دا لەگەڵ قوتابییەکانی لەسەرگل دادەنیشتن وکاتێ کەهەندێ لەمامۆستا وقوتابییەکانیشی بەلایاندا تێپەڕ دەبوون دەیان ووت: سەیرکەن: (ئەوەیە وانەی ڕاستەقینە، نەوەکو ئەوەی لەژوورەوە دەخوێندرێ).
هەروەها پەیوەندی شێخ لەگەڵ قوتابییەکانی پەیوەندییەکی برادەرانەبوو نەك پەیوەندی مامۆستا وقوتابی.
شێخ دەڵێت: هەموو جارێك بەئوتۆمبیلەکەم قوتابییەکانم دەگواستەوە بۆ زانکۆیان بۆ ناو شار زۆرجاران ئوتۆمبیلەکەم لەچوون وگەڕانەوەش هەرپڕبوو لەقوتابیان.
تا ئاستێکی زۆر قوتابییەکانی لەشێخ ڕازیبوون وپەیوەندییەکی بەتنیان لەگەڵی داهەبوو تەنانەت ولمەزەندەیان دەکرد کەهیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان خۆیان ومامۆستاکەیان!
چی ڕوویدا ڕۆژێکیان؟
کەکاتی تەواوکردنی وانەکان هات شێخ بەرەو ئیدارە بەڕێ دەکەوێت ونەوکاتە ئوتۆمبیلەکەی لەبەردەم ئیدارەکە وەستاندبوو شێخ (محمد عبدالوهاب البنا)شی لەگەڵدا بوو کەبەرەو ئۆتۆمبیلەکە دەچوون بەمەبەستی ئەوەی شێخ (بەننا)دا بەزێنی بۆناو شار سەیردەکەن ئۆتۆمبیلەکەی پڕە لەقوتابی کاتێ شێخ بەننایان بینی یەکێ لەقوتابییەکانی جێگەی خۆی پێداو لەئۆتۆمبیلەکە دابەزی.
هەروەها بەیانیانیش کەبەڕێ دەکەوت بۆزانکۆ ئەوا لەبەردەم زانکۆکەدا ئۆتۆمبیلەکەی بەدی نەدەکرا لەبەر ئاپۆرەی قوتابییەکان کەدەورەیان ئەداو سەلامیان لێ دەکردو وپرسیاریان ئاڕاستە دەکردوزانیاری بەسوودیان لێ وەردەگرت.

***كاريگەریتی زانیاری (شێخی ئەلبانی) لەسەر زانكۆی ئیسلامی لەمەدینەی مونەوەرە.**

شێخ لەوماوەیەی كە لەزانكۆی ناوبراو وانەی (فەرموودەو زانستی فەرموودەی)ی دەووتەوە، بەرنامەو سیستەمێكی داهێنا لەبارەی ئەو وانەیەوەو ناوی نا(علم الاسناد) كەبۆیە كەم جار ئەو زانستە لەسەر دەستی ئەوسەری هەڵداو خۆیشی یەكەم مامۆستایەك بوو كەئەو وانەیە بڵێتەوەو دوای ئەوە لەزانكۆكانی جیهانی ئیسلامی‌دا خوێندرا.

شایەنی باسیشە بەرلەو كاتە ئەو زانستە هیچ لەزانكۆ عەرەبیو ئیسلامی‌یەكانیش نەبووە تەنانەت لەزانكۆی (الازهر)ی دێرینیش. ئینجا دوابەدوای تێپەڕبوونی سێ‌ساڵ بەسەر خزمەتگوزاری شێخ لەو زانكۆیەدا شاڵاوی نابەجێی دەروون نزم وداخ لەدڵان دەستی پێكرد. كەڕۆژانە هەوڵی دامركاندنەوەی ووزەی بەگوڕی ئەو زانا بەرێزەیان ئەداو لەلای بەڕێوەبەرایەتی زانكۆكە لەكە داریان دەكرد. تابەهۆی بەدوور خستنەوەی شێخ كۆتایی بەكاروانی بەرەوپێش چوونی زانست هات لەو زانكۆیە.

شێخیش دانی بەخۆی داگرت وبەوپەڕی خۆگرىو بەگیانێكی ئیماندارانە مامەڵەی لەگەڵ كێشەكان ئەكردو بەردەوام ئەم ووتەیەی دووپات ئەكردەوە(حسبنا الله ونعم الوكيل، والله يشاء ويختار ولاراد لمشيئته سبحانه).

بۆیە ڕازای بوو بەویەشەی كەخوای پەروەردگار پێی داوە وهیچ بەورووداوە نیگەران نەبوو بەڵكو ئەم جارەیان بەجۆشێكی توندترو گەورەترەوە لەدوای گڕانەوەی بۆ شاری (دمشق) دەستی كردبە لێكۆڵینەوە زانستی‌یەكان وخزمەت كردنی موسڵمانان.

دوویارە گەڕایەوە پەرتووكخانەی (الظاهرية)و سەری نایەوە بەر خوێندنەوەو خزمەتی زانستی كە ئەو جارەیان هەموو كاتەكانی بۆخۆی كرد بەدەرفەت وبەیەكجاری وازی هێنا لەدوكانەكەی ئەوەبو دای بە (منیری)ی براكەی وپاشان براكەی وەفات دەكات ئینجا ئەیدات بە (عبداللطيف)ی كوڕی بەم جۆرە كاتێكی زۆری بۆ ڕەخساو ئەویش تەنها بۆ داهێنانی كاری زانستی وخزمەت كردنی كتێبە زانستی‌یەكان تەرخانی كرد، وسوپاس بۆ خوا توانی جیهانی ئیسلامی ئاوەدان بكاتەوە بەنووسین و(تحقيق) اتە بەسوودەكانی.

هەروەها شایەنی ئاماژە بۆ کردنیشە بەلاچوونی شێخ (زانکۆی ئیسلامی)کەلێنێکی گەورەی تێکەوت وقوتابیەکانیش لەزانستی پڕسوودی بێ بەش بوون. چونکە شێخ ئەهەموو کەسێ زاناتریوو بەو زانستە بەرفراوانە، رەحمەتی خواش لەو کەسەبێ کەگوتوویەتی: (صاحب الدار أدرى بمافيه) ئەوەتا (د. محمد أمين المصري) کەلە جێگای شێخ دانرابووزۆر جاران بەشێخی دەگووت: (بەڕاستی تۆ شیاوتری لەوەی کەمن لەجێگای تۆبم) مەبەستی سەرۆکایەتی خوێندنی بالآو گرتنە دەستی وانەی (علم الاسناد)بو!.

مارأيت تحت أديم السماء عالماً بالحديث
في عصر الحديث
مثـــــــــل
العلامـــــة
محمد ناصر الدين الالباني

((سماحة الشيخ عبدالعزيز إبن باز))

پایەو لێهاتوویی، وشارەزایی لەزانستە شەرعییەکان

لەئاکامی زۆربوونی بەرهەم و دوستنووس وکارە ووردەکارییە زانستییەکانی ودوای ئەوەی کەبەجیهانی ئیسلامی دابلاّویوّیەوەو وەرگێردرا بۆسەر چەندین زمانی جیاجیا بەم پێیە لەگشت کون ولەبەرێکی ئەم زەوییە خەڵکی ڕوویان تێکرد تا وەکوو سوود لەزانیارییەکەی وەربگرن.

مامۆستا (الشیبانی) دەڵێت: ئەوکاتەی کەسەردانیم کرد لەهاوینی ساڵی ۱۳۹۷ك بەچاوی خۆم بینیم کەچون دکتۆری زانکۆکان پرسیاری ئاراستە ئەکەن لەڕووی زانستەکانی (فقە والحدیث ...هتد) شێخیش بەو پەڕی لێزانییەوە وەلامیانی ئەدایەوەو لەگەڵ ڕای پەسەندو دیار کردنی سەرچاوەکان، کەزۆر جار کتێبی وای ناودەبرد زۆر لە ئامادەبووان گوێ بیستی نەبووبن چونکە تەنها خۆی بینویەتی لە نێو خەزانەکانی پەرتوکخانەی (الظاهریة) لە دیمەشق!

- ئەم هەواڵانەی بەڵگەن لەسەر لێهاتویی شێخ.

١- دەستنیشان کرا ببێ بەئەندام لە(لێژنەی فەموودە) کەبەسترا بوو لە نێوان (مصر)و (سوریة) تاوەکو سەرپەرشتی بلاّوکردنەوەی ئەو کتێبانە بکات کە لەبارەی سوننەتەوەن و (تحقیق) یشیان بکات.

٢- لەلایەن بەڕیز (الشیخ محمد ابراهیم آل الشیخ) موفتی مەمەلەکەتی عەرەبی سعودی پێشو دەستنیشان کرا بۆ ئەوەی وانەی (فەرموودەو زانستی فورمودەو فقە) بلێتەوە لە (زانکۆی ئیسلامی مەدینەی موننەوەرە) کەسێ ساڵان لەوێدا مایەوە هەر لەساڵی ١٣٨٠ك تا ساڵی ١٣٨٣ك..

٣- هەروەها سەرۆکایەتی زانکۆی ئیسلامی دەستنیشانی شێخی کرد تاببێ بە ئەندامێك لە ئەنجومنی زانکۆکە.

٤- زانکۆی (السلفیة) لە (بنارس- هند) داوای لەشێخ کرد بۆ ئەوەی لەو زانکۆیەدا وانەی (فەرموودە) بلێتەوە بەلاّم ئەو داواکاریەی ڕەت کردەوە.

٥- لەساڵی ١٣٨٨ك وەزیری (معارف)ی (مملكة العربية السعودية) (الشيخ حسن عبدالله آل شيخ) داوای لەشێخ کرد تاوەکو ببێ بەسەرپەرشتیاری بە شی خوێندنی باڵا بۆ وانەی ورمووده) لە زانکۆی مەککەی موکەڕەمە ! بەڵام لە بە رهاتنە پێشەوەی هەندێ بارو زروف جێبە جێ نەکرا..

٦- (الملك خالد بن عبدالعزيز) پاشای (مملكة العربية السعودية)ی پێشو شێخی دانا بە ئەندامێك لە (ئەنجومنی باڵا)ی زانکۆی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٩٥ك تاساڵی١٣٩٨ك

٧- بەڕێوەبەرایەتی پەرتووکخانەی (الظاهرية) لە دیمەشق ژوورێکی تایبەتی بۆ شێخ تەرخان کرد ! تاوەکو خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ توێژینەوەی زانستیو تەحقیقات کردن، شایەنی باسە ئەو هەلە لە پێش ئەو بۆ هیچ کەسێ نەڕەخساوە !

٨- شێخی ئەلبانی لە هەموو ئەو زانایانەی کە هاموو شۆی (مكتبة الظاهرية)یان ئەکرد زیاتر شارەزایی بە کتێبە دەست نووسەکانی نێو ئەم پەرتووکخانەیە هەبوو، بۆیە لەلای بەڕێوەبەرایەتی پەرتووکخانەکە و دواتر لەلایەن (مجمع العلمي العربي االسوري)یش داوای لێ کرا تا پێرساتێك بۆ کتێبە حەدیسیەکانی نێو پەرتوکخانەکە دابنێت.

◆ پەیوەندی بەزانایانەوە:

شێخ زۆر جاران بەزاناو زانست خوازان گەیشتووە سوودی لێ وەرگرتوون و سوودیشی پێ گەیاندوون، لەو زانایانەش کەپێیان گەیشتووە:-

شیخ (محمد حامد الفقي)یە ڕەحمەتی خوای لێبێ کە سەرۆکی (کۆمەڵەی لایەنگرانی سوننەتی محمدیە- جماعة الانصار السنة المحمدية) بوو لە میسر، هەروەها لەگەڵ شێخی فەرموده ناسی ناودارو خزمەتکاری سوننەت (احمد شاكر) ڕەحمتی خوای لێ بێ بە یەکتری گەیشتوون چوندین باس و لێکۆینەوەی زانستی سوود بەخش لە نێوانیاندا ڕەخساوە، هەروەها گەیشتوە بە (الشيخ عبدالرزاق حمزة) ڕەحمەتی خوای لێ بێ کە خاوەنی چەندین (تصانيف)ە، وەهەروەها گەیشتووە بە دکتۆرو زانای موجاهید (تقي الدين الهلالي السلفي) کە ناسراوە بە (ناصر السنة وقامع البدعة)! !.

هەروەها گەیشتووە بەزاناو مێژوو ناسی بە ناو بانگی ناوچەی (حلب) ((الشیخ راغب الطباخ) (ڕەحمەتی خوای لێبێ) کە بە ڕێگای شێخ (محمد المبارك)ەوە پێی گەیشتووە هەروەکو لەمەوپێش باسمان کرد.

هەروەها پەیوەندیەکی زۆر بەتینی هەیە لەگەڵ (الشیخ عبد العزیز بن عبدالله بن باز) سەرۆکی (ادارة البحوث العلمیة و الافتاء الدعوة والارشاد)ی ئیستا لە مەملەکەتی عەرەبی سعودی کەچەندین باس ولێکۆڵینەوەی زانستی بەسوود لە نێوانیاندا ڕەخساوە، هەروەها گەیشتووە بە نووسەری بەناوبانگ و ئەدیبی داهێنەر خاوەنی گۆڤاری (الفتح و الحدیقه..) وە خاوەنی (المکتبة السلفیة) بە ڕێز (محب الدین الخطیب) کە لەسەر داوای شێخ پێشەکی بۆ کتێبەکەی (آداب الزفاف) دەنووسێت، بەڕاستی پێشەکی‌یەکی زۆر بەسوودەو پێویستە بە ئاوزێر بنووسرێتەوە.!

هەرەوەها گەیشتووە بە شێخی فەرموودە ناسی هیندستانی (حبیب الرحمن الاعظمي)[1] کە لەسەردانەکەی بۆ دیمەشق لەماڵی شێخ میوان دەبێت لە ساڵی ١٣٩٨ك.

هەروەها بەوزانا بەڕێزانەش گەیشتووە (الدکتور مصطفی الاعظمي) وەگەورە فەرموودەناسی ناوچەی هند (الشیخ عبدالصمد شرف الدین)و (الدکتور صبحي صالح)و (الشیخ محمد طیب اوکج)[2] لە تورکیاو (الدکتور احمد العسال)و (الشیخ حماد الانصاری) لە زانکۆی ئیسلامی مەدینە، وە هەروەها مامۆستای زانکۆی (السلفیة) لە بنارس (الشیخ عبیدالله الرحماني)و زانای ناودار (الشیخ ربیع بن هادی) لە سعودیە و فەرمودەناسی (طنجة) لە وڵاتی (المغرب) (الشیخ محمد الزمزمي) کە لەنێوانیاندا چوندین توێژینەوەی

---

[1] خاوەنی کتێبی (الالباني شذوذه و أخطاءه)! لە باسی کتێبی (الرد علی رسالة أرشد السلفي) چیرۆکی ئەعزەمی‌و کتێبەکەی‌مان باس کردوە سەیری بکە.

[2] شیخ (محمد اوکج البوسنوي) مامۆستای (تفسیر، والحدیث، والفقه)ی ئیسلامی یە لەزانکۆی (الالهیات)ی (أنقرة) و پەیمانگای باڵای ئیسلامی لە شاری (قونیا)..

زانستی کراوه کاتێ کەشێخ لە لای میوان دەبێ لە سەردانەکەی بۆ (طنجة)، هەروەها بەچەندین کەسانی تری ناوداری ئیسلامی گەیشتووە..

- **گەشتە زانستیەکانی:**

هەوەکو لەمەو پێش باسمان کرد کەوا شێخ سەرەتای دەست پێکردنی زانستیو هەولّ و کۆششە خزمەت گوزاریەکەی لە شاری دیمەشق دەست پێکردو سالآنێکی دوورو درێژ بەردەوام بوو، کە لەو ماوەیەدا لەبەر لێهاتوویی لە مەڕ زانستە شەرعیەکان کاروانی بانگەوازیەکەی پەل داوێت بۆ وولآتانی دراوسێو دەیان وولآتی تری ئەورووپاو ئەفریقا بەمجۆرە گەشتەزانستیەکانی دەست پێدەکات.

هەروەکو:

– لەمانگی ڕەجەبی سالّی ١٣٩٢ك داوا کرا لەلایەن (الاتحاد العالمی للطلبة المسلمین) لە (اسپانیا) کە لەوێ لەشاری (غرناطة) ووتارێکی گرنگی خوێندەوە لەژێر ناوی (الحدیث حجة بنفسه في العقائد والاحکام) لە دوای گەڕانەوەی (المکتبة السلفیة) لە کوێت هەلّسا بەچاپ گەیاندنی ئەویاسە بە سوودە.

– بەڕێوە بەرایەتی گشتی بۆ (افتاء والدعوة والارشاد) لەشاری (ریاض) شێخی دەستنیشان کرد بۆ ئەنجام دانی گەشتێك بۆ وولآتانی مصر، ومغرب، وانگلترە) بەمەبەستی بلآو کردنەوەی بانگەوازی ئیسلام.

– لەڕەمەزانی سالّی ١٣٩٢ك سەردانی وولآتی (قطری) کردو لە شاری (دوحة)ی پایتەخت ووتارێکی بە سوودی خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی (منزلة السنة في الاسلام، وبیان انه لایستغنی عنها بالقران) پاشان لەلای (الدار السلفیة) بەچاپ گەیەنرا.

– سەردانی هەندێ لە وولآتانی ئەورووپای کردوە لەوێدا چاوی بە (جالیە)کانی ئیسلامیو قوتابیە موسلّمانەکان کەوتووە چەندین وانەو ووتاری بە سوودی بۆ خوێندونەتەوە.

– لە زستانی سالّی ١٤٠٢ك سەردانی وولآتی کوێتی کردو لەوێدا چەند ووتارێکی خوێندەوە کە لە (سی٣٠) کاسێت تۆمار کراوە.

- زیاتر له جارێك سه‌ردانی وولاتی ئیماراتی عه‌ره‌بی كردوه‌و چه‌ندین كۆڕو كۆبونه‌وه‌ی زانستی به سوودی ئه‌نجام داوه كه زۆربه‌یان له‌كاسێت تۆمار كراوه‌و ناونراون به (الاجوبة الاماراتية) دوا گه‌شتیشی بۆ ئه‌م وولاته له سالی ١٤٠٥ك بوو.

* قۆناغێكی تر له ژیانی شێخ:

(**اشد الناس بلاءً الانبياء ثم الأمثل فالأمثل..**) ((سلسلة الأحاديث الصحيحة)) (١٤٣/١)، و ((صحيح الجامع الصغير)) (١٠٠٣)

له‌سه‌ره‌تاباسمان كرد كه‌وا (حاجی نوح نجاتی)ی باوكی شێخ به‌خۆی‌و خاوخێزانیه‌وه له‌ولاتی (ئه‌لبانیا)وه كۆچیان كرد بۆ وولاتی (سوریة)و له‌شاری دیمه‌شق نیشته جێ بوون، شێخی ئه‌لبانیش هه‌ر له‌وشاره‌دا قۆناغێكی دوورو درێژی ژیانی به‌رێده‌كات و بۆ ماوه‌ی زیاتر له ٦٠ سال له‌وێدا ده‌مێنێته‌وه، وه له سه‌ره‌تای مانگی ره‌مه‌زانی پیرۆزی سالی ١٤٠٠ك قۆناغێكی تر له كۆچ كردنی ده‌ست پێده‌كات، ئه‌ویش كاتێ كه‌ده‌سه‌لاتدارانی به‌عسی سوری زۆری بۆ دێنن و له‌و ولاته بده‌ری ده‌نێن! !

به‌م جۆره به‌ناچاری به‌خۆی‌و خێزان و منداله‌كانی سه‌رهه‌لده‌گرن به‌ره‌و ولاتی(ئه‌رده‌ن) به‌رێده‌كه‌ون و له (عمان)ی پایته‌خت نیشته‌جێ ده‌بن، حالی حازر شێخی خوا ویست و كه‌له‌زانای ناوداری ئیسلام هه‌ر له‌وشاره ژیان به‌سه‌ر ده‌بات و ئێستاش به‌رده‌وام كۆڕوكۆبوونه‌وه زانستی‌یه‌كانی له‌بره‌ودایه‌و چرای پرشنگداری زانسته‌كه‌ی ئه‌م ولاته‌یشی رۆشه‌ن كردۆته‌وه [1]

---

[1] شێخ سه‌رباری ئه‌و ئازارو ئه‌شكه‌نجانه‌ی كه له‌رێگای كۆچ كردنی چه‌شتی به‌هه‌رحال خۆی له‌م ولاته‌دا پێ مه‌رزه‌م كراو توانی شوێنی حه‌وانه‌وه‌ی دابین بكات، به‌لام له‌وكاته‌دا دووته‌گه‌ره‌ی له‌به‌رده‌م دامابوو، یه‌كه‌میان: دووری له‌سه‌رچاوه‌و كتێبه‌كانی كه‌له دیمه‌شق جێمابوون و نه‌یده‌توانی بیانگوێزێته‌وه بۆ(عمان) له‌به‌ر ئه‌وئاسته‌نگانه‌ی كه هه‌بوون.!

دووەمیان: ناتوانێت جارێکیتر بەسەر بەستی ڕووبکاتەوە ولاتی (سورية) شێخ دەڵێت: من هەموو ڕۆژێك ئومێدم لەدایە بەرخۆم بەوەی کە بەو زووانە ئاو بەرەو ئاوەڕۆکەی بگەڕێتەوە بەلاَم زۆر جارانیش (با) بەپێچەوانەی مەبەست و ئارەزووی (ملاح)ەکە دەڕوات!) .

بۆیە لەڕۆژی چوارشەممە ۱۹ی شەوالی سالی ۱٤۰۱ك بەڕێ کەوت و شەو گەیشتە ولاتی(سورية) شێخ لەوکاتە پڕسامناکەدا هەردەم یادی خوای گەورەی لەکردو داوای دەکرد تاخوا تەڵەکەو دەسیسەی نەیارانی لەسەر لادات پاشان دووشەوان لەوێدا مایەوەو شەوی سێیەم لەدوای ئەوەی ئاگا بوون و حەزر وەرگرتن دەرچوو بۆ ولاتی(لبنان)و لەسێ بەشی یەکەمی ئەو شەوە گەیشتە شاری(بیروت) بەومەبەستەی بچێت بۆ مالی یەکی لەبرای بەرێزو هاوڕێ بەوەفاکانی ئەوە بوو بەوپەڕی ڕێزو ئەدەبەوە پێشوازی لی کردو خزمەتێکی زۆری کرد پاشان بۆ ولاتی ئیمارات بەڕێ دەکەوێت لەوێ دا دۆستانی لە زاناو زانست خوازان پێشوازیەکی گەرمی لێدەکەن و کاتێ دۆستانی ڕێگاکەیشی لە وولاتانی (خلیج_ کەنداو) بەو گەشتەی شێخ دەزانن دەست بەجێ ڕوودەکەنە وولاتی ئیمارات بۆ ئەوەی شێخ ببینن و زانستی لێ وەربگرن ئینجا لەوێدا چەندین ووتاری بەسوود دەخوێنێتەوە پاشان لەزستانی سالی ۱٤۰۲ك بەرەو ولاتی کوێت بەڕێ دەکەوێت و لەوێشدا چوندین کۆڕی زانستی ئەنجام دەدات و هەر لە میانەی گەشتەکەیدا چاوی بە(الدکتور یوسف القرضاوي)و (الشیخ محمد الغزالي) دەکەوێت.

يقول (الشيخ عبدالعزيز بن باز):

من كلمات ذات عبر، مُسلياً بها الشيخ ناصر وذلك عند الاستغناء عنه: حيثما كنت تقوم بواجب الدعوة لافرق عندك، وذلك لمعرفته بقوة إمانه بالله العظيم وعلمه الواسع و صبره على البلاء، ولعل هذا مايفسر تكراره لدعاء ابي بكر الصديق رضي الله عنه:

(اللهم لاتؤاخذني بما يقولون واجعلني خيرا مما يظنون واغفرلي مالا يعلمون..)

(حياة الالباني) (ص ٦٠، ٦١)

❋ خورهوشت و نهریتی شێخ:

لهبهرنامهو ڕێسای(سهلهفی صالح) تهنها گهڕانهوهیان بۆ ههق و باوهش بۆ کردنهوهی بهڵگهکان بوه، کاتێك ههقیان بۆ ڕوون بۆتهوه دهست بهجێ دهست بهرداری ڕاو بۆ چوونی خۆیان بوینهو، دانیان ناوه به ههڵهکانیان! ئهگهر سهیری پێشهوا بهڕێزهکان بکهین وهك ئیمامی (ابي حنيفةو، مالك و، احمدو، شافعي) (ڕهحمهتی خوایان لێبێ) ئهوا ههردهم بهدوای بهلگهدا گهڕاون و خۆیان له قورئان و سوننهت جیانهکردۆتهوه ههر یهك لهم پێشهوا بهڕێزانهش ڕایان گهیاندووهو ڕوونیان کردۆتهوه که ئێمه مرۆڤین و خالی نین له ههڵه، ههروهکو ئیمام (ابي حنيفة) (ڕهحمهتی خوای لێ بێ) لهبهردهم قوتابیهکانی گووتی: ئێمه گهلێکین ئهمرۆ قسهیهك دهڵێین و بهیانی لێی پاشگهز دهبینهوه، بهیانیش قسهیهك ئهکهین دوای بهیانی لێی پاشهگهز ئهبینهوه ئێمه گشتمان بهههڵهدا دهچین تهنها خاوهنی ئهوگۆڕهنهبێ)، ئاماژهی بۆ گۆڕی پێغهمبهر (ﷺ) کرد، ههروهك ئیمامی مالکیش وای فهرمووه.

ههرووهها ئیمام (احمد بن حنبل)یش ڕهحمهتی خوای لێبێ ڕهچاوهی ههمان ڕهوشتی (ابي حنيفة)ی کردووه.

بۆیه یاوهرانی دهربارهی باسهکانی دهیانگووت: (پێشهوا ئهحمهد لهم ڕووهوه دوو ڕای ههبووه)

ههروهوها فهتواکانی ئیمامی شافعی قهولی (قهدیم و جهدید)یش بهڵگهن لهسهر ئهم ڕاستی‌یه..

بهڵێ ئهوهیه خورهوشتی زاناو چاوساغانی ئهم ئایینهمان که هیچ کاتێ شهرمیان له ههق نهکردووه، بهلکو ههق بهلاّیانهوه ئهو شته وون بووه بوه که ههردهم بهدوای‌دا گهڕاوون.

شێخی ئهلبانیش بهر لهههموو شتێ مرۆڤهو ههڵهشی لێ وه ڕوودهدات، بهلاّم ههندێ ههن ئهیانهوێ (سهریهرزی بهتاوان) بهدهست بێنن! ئهوانهن کهلهدوای ڕاستی بۆ دهرکهوتن دان به ههڵهکانیان دانانێن!

سوپاس بۆ خوا شێخی خوا ویست لەو ڕووەوە شوێن کەوتەو ڕێبەری ڕێبواری ڕێگای سەلەفی صالحەو خۆی بەهەمان ڕەوشتی بەرزیان ڕازاندۆتەوە، هەر بەم هۆیەش بوو توانی جێگای خۆی لەدڵی هاوبیران و بڕا سەلەفیەکانی باکاتەوە.. ! بۆیە ئێمەش لەم ڕووەوە چەند نموونەیەك دێنینەوە کە لایەنی خورەوشتی بەرزو نەریتی لەباری بەدیار دەخات.

١- لەپێشەکی کتێبە نایابەکەی ((صفة صلاة النبي ﷺ)) کەلەبارەی ئەو ڕەخنانەی کە شێخ (حمود بن عبدالله التويجري) ڕەحمەتی خوای لێبێ ئاراستەی کردبوو دەربارەی هەندێ بابەتی کتێبەکە.

شێخ دەڵێت: (دوای سوپاس و پێزانینم بۆ شێخ (التويجري) دان بەهەڵەکانم دەنێم و من گەڕامەوە سەر بۆچوونەکانی ئەو لەو باسانە.

١-تفسير المأثم والمغرم في الدعاء و التشهد بالذنوب و المعاصي!

٢-قولي: في مقدمة الطبعة الثانية من الكتاب في الصلاة انها اعظم ركن من أركان الاسلام.

٣- تفسير جملة (والشر ليس اليك) في الدعاء التوجه..

-هەروەها لەهەمان کتێبدا لەلاپەرە ٤١ چ ١٤١١ك (مكتبة المعارف) دەربارەی ئەوفەرموودەیە (**اتقوا الحديث عني الاماعلمتم**) رواه الترمذي واحمد وابن ابى شيبة.

دەڵێت: بۆم ڕوون بۆوە کە ئەو فەرموودیە (**ضعيف**)ە.

کەمن بۆبڕیار دان لەسەر ساغی(**صحة**)ی ئەم فەرموودە یە بەدوای ڕای (المناوي)کەوتبووم!

سەیری کتێبەکەم ((سلسلة الاحاديث الضعيفة)) (١٧٨٣)بکە.

٢- وەلە پێشەکی کتێبی (شرح العقيدة الطحاوية) ل١٩ چاپی چوارەم دەڵێت: ((بۆم ڕوون بۆوە کەمن بەهەڵە دا چوویمە لە بە هەڵە بردنی‌دانەر))!

٣- لەپێشەکی کتێبی (مختصر الشمائل المحمدية) دەڵێت: (لەو پوختەیە دا خوێنەرانی بەڕێز چەند هەڵە و کەم و کوڕیەکیان بەرچاو دەکەوێت ئەوەش لەبەر دووهۆیان:

یەکەم هەروەکو ئاشکرایە هەر لەسروشتی مرۆڤ دا کەم وکوڕیو هەڵە ڕوودەدات.

هۆیەکەی تریش ئەوە بوو کەمن کاتێ ئەوکارەم دەست پێکرد دوور بووم لەوکتێب و سەرچاوانەی کەپشتیان پێ دەبەستم، بۆیە داوا کارم ئەوەی هەڵەیەکی وای کەوتە بەرچاو باڵەلای خۆی ڕاستی بکاتەوە یان پێمان ڕابگەیەنێت: (والله في عون العبد ما كان العبد في عون اخيه) عمان ١٣ شعبان سنه ١٤٠٢هـ.

٤-لەپێشەکی کتێبی (مشكاة المصابيح)ی (الخطيب التبريزي) کەبە (تحقيق وتخريج)ی خۆیەتی دەڵێت: ..ئەو فەرموودانەی کە بە هۆی تەسکی کاتە کانم بۆم نەکرا بوو(تخريج) یان بکەم ئەوا گەیشتم بەئامانجی تەخریج کردنیان، ئەوە بوو برامان مامۆستا (زهير الشاويش) بەوە ووشیاری بۆوە کەلە پێشەکی کتێبەکە لاپەڕە (ز) (ولەچاپی سێهەم لاپەڕە/ل)ئەو چەند هەڵانەی ڕاست کردۆتەوە کە لەو کتێبەدا کردوومە، هەروەکو هیچ مرۆڤێك ناتوانێ لێی دەرباز بێت!

٥-لەکتێبی (سلسلة الاحاديث الضعيفة) (١/ص٥٣٣) لە (فهرس الاحاديث الضعيفة مرتبة على الحروف)و دەربارەی ئەو فەرموودەیە: **(ان اهل الشبع في الدنياهم اهل الجوع في الاخرة غدا)** رواه الطبراني (١/١٣٢/٣) عن ابن عباس مرفوعا.

شێخ دەڵێت: ئەو فەرموودەیە پێویستەلەم کتێبە دا بسڕێتەوە چونکە دوایی بەپێی ڕێگاکانییەوە (بۆم دەرکەوت کەفەرموودەیەکی-صحيحە-ە) بۆیە لەکتێبەکەی تر واتە: (سلسلة الاحاديث الصحيحة) هێناومەتەوە بەژمارەی (٣٤٣).

٦-لەکتێبی (صحيح الادب المفرد)ی (الامام البخاری) ل٧٩ دەربارەی فەرموودەی ژمارە (١١٣)عن انس بن مالك عن النبی (ﷺ) قال: **(من مات له ثلاثة لم يبلغوا الحنث، ادخله الله اياهم بفضل رحمته الجنة)** صحيح (رواه البخاري:٢٣-ك الجنائز، ٩٢- ب:ماقيل في اولاد المسلمين).

شێخ دەڵێت: (المنذري) لەکتێبی (الترغيب والترهيب) (٨٩/٣) بەهەمان شێوە ئەو فەرموودەیەی داوەتە پاڵ (مسلم)یش، بەڵام ئەمە لەهەڵەکانییەتی. منیش لەهەندێ (تخريج)اتەکانم لاسایی ئەوم کردبۆوە، داواکارم لەخوا لێم خۆش بێت.

٧- هەروەها لـەدوو کتێبـی (صحیـح الجـامع الصغـیر وزیادتـه) و (ضعیـف الجـامع الصغـیر وزیادته) لەدوای ئەوەی کەڕووی ڕاستی حوکمـی چـەند فەرموودەیـەکی بـۆ ڕوون بۆتـەوە، هەڵساوە بەجێ گۆڕینی ئەو فەرموودانەو لەپێشەکی کتێبەکەش دوای دانهێنان بەوەڵانـەی کردوویەتی بڵاویشی کردوونەتەوە هەروەکو :

***ئەو فەرموودانەی لە (ضعیف الجامع) گواستۆتەوە بۆ (صحیح الجامع).**

- فەرموودەی: (**نهى ان يُبال بابواب الجامع**).
- فەرموودەی: (**دب اليكم الامم قبلكم: الحسد والبغضاء** ...).
- فەرموودەی:(**على كل اهل بيت ان يذبحوا شاة في كل رجب وفي اضحى شاة**).
- فەرموودەی: (**اذا استيقظ احدكم من نومه فرأى بللاً**...)
- فەرموودەی: (**قد عفوت عن الخيل والرقيق، فهاتوا صدقة الرِّقـة مـن كـل أربعـين درهما درهم**...).
- فەرموودەی: (**انَّ هذا يوم رخص لكم اذا أنتم رميتم الجمرة ان تُحلّوا من كــل مـا حرمتم منه إلاّ النساء** ...).
- فەرموودەی: (**أيَّما رجل تدَّين ديناً وهو مجمعٌ أن لايُوفيه اياه لقيَ الله سارقاً**).
- فەرموودەی: (**عليكم بالابكار فانهن انتق ارحاماً واعذب افواها واقل خِبّـاً وارضـى باليسير**).
- فەرموودەی: (**من اعان ظالما ليدحض بباطل حقا، فقد برئت منـه ذمـة الله وذمـة رسوله**).

***بەهەمان شێوە ئاماژەی بۆهەندێ فەرموودەی (ضعیف)یش کردووە کەبەهەڵە لە (صحیـح الجامع)ی داناون بۆیە گواستویەتـیەوە بۆ (ضعیف الجامع).**

- فەرموودەی: (**ليس يتحسر اهل الجنـة علـى شـيء الا علـى سـاعةٌ مـرت بـهم لم يذكروا الله عزوجل فيها**).
- فەرموودەی: (**نهى ان يبال في الماء الجاري**).

◆ فەرموودەی: (**ليسترح احدكم في كل شيء حتى في شسع نعله فانها من المصائب**).

◆ فەرموودەی: (**اذا افطر احدكم فليفطر على تمر فانه بركة فان لم يجد فليفطر على الماء فانه طهور**).

◆ فەرموودەی: (**اللهم اجعل اوسع رزقك علي عند كبر سني وانقطاع عمري**)[1].

بنەماڵەی شێخ

نەوەکانی شێخ کەخوای پەروەردگار پێی داوون یەك لەدوای یەك بەم جۆرەیە:

◆ لەهاوسەری یەکەمیان:

١- عبدالرحمن.

٢- عبداللطيف.

٣- عبدالرزاق.

---

[1] لەڕاستیدا کتێبی ((تنبيه القارىء تقوية ماضعفه الالباني))، و((تنبيه القارىء على تضعيف ما صححه الالباني)) نووسراووی عبدالله الدرويش، و((تناقضات الالباني والواضحات بما وقع في تصحيح الاحاديث وتضعيفها من اخطاء وغلطات)) نووسراوی حسن بن علي السقاف.

خۆی لەخۆیدا بەرزی خوڕەوشت و نەریتی پاکی زانستی شێخ دەسەلمێنێت کەلەم ڕووەوە ڕەچاوی هەمان خوڕەوشتی بەرزی پێشەوایانی پێشینی کردووە، بۆیە بەم هۆیەوە زیاتر لەلای هاوبیران و قوتابییە سەلەفییەکانی متمانەی زیادکردووە! بەپێچەوانەی ئەو نەفامانەی کەبۆ ڕازی گلاوی خۆیان و لە لەپێناوی لەکەدار کردن و ناوزڕاندنی شێخ ئەو کتێبە بەنێو خەڵکیدا بلاو ئەکەنەوە، سەرەڕای ئەم هەموو کەم و کوڕیەو هەڵە زلانەی کەلە دووکتێبە کەی ((الدويش))و ((السقاف))دا بەرچاو ئەکەوێت! لەڕووی هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنی فەرموودەکان.

سەیریش لەوە دایە کەژمارەیەکی زۆر لەوفەرموودانەی کەلەکتێبەکەیاندا هاتووە شێخی فەرمودەناس خۆی ڕونی کردوونەتەوەو لە هەندێ لەکتێبەکانی ئاماژەی بۆ کردوون!! وەك هەندێ لەو فەرموودانەی کەلەو کتێبە دابە بەر چاووت کەوت..

- لەهاوسەری دووهەمیان:

٤- عبدالمصور.

٥- عبدالاعلی .

٦- محمد .

٧- عبدالمهیمن.

٨- أنیسة.

٩- آسیة.

١٠-سلامة .

١١- حسانة.

١٢- سکینة.

- لەهاوسەری سێهەمیان:

١٣- هبةالله.

- بەلاّم لەهاوسەری چوارهەمیان:

هیچ منداڵێکیان نییە. خوای پەروەردگار بەرەکەت بخاتە ناوخێزان وبنەماڵەکەی. آمین

قوتابییەکانی شێخ

قوتابییەکانی شێخ زۆرن هەیانە ڕاستەوخۆ لەخزمەت زانستەکەی بووینەو هەیانە بەناڕاستەوخۆیان بەشێوەیەکی پچڕ پچڕی بووە یانیش تەنها بەڕێگای کتێب و ووتارەکانی ویا بەهۆی پەیوەندی کردن بەڕێگەی نامە. بەلاّم ئەو قوتابیانەی کە ئێمە لێرەدا دەیانژمێرین تەنها هەندێ قوتابییە ناودارەکانیەتی کەتا ئەمڕۆش زانای لێهاتوون وبەردەوام لەسەرپەیمان و وەفاداری ماون کەلە نووسین وبەرهەمە زانستییەکانیان ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە.

١) الشيخ حمدى عبدالمجيد السلفى:

زانای كورد وفەرموودەناسی بەناوبانگ وخاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستی شێخ حەمدی یەكێ لەقوتابییە ناودارەكانی شێخی (الالبانی)یە كەزانستی فەرموودەو چەند زانستی تری لەلای خوێندووە كەبەردەوام سەردانی دەكرد لەدوكانەكەی لەشاری (دمشق) كەئەو كاتە لەناوچەیەكی نزیك سنووری وولاتی (سورية) دەژیا وئێستاش لەناوچەی (سرسنگ)ی سەربە شاری (دهوك) ژیان بەسەر دەبات.

مامۆستا (حمدى) بۆی باسكردم ووتی ئەمە لە ساڵی ﴿١٩٥٤،١٩٥٥،١٩٥٦﴾ بوو كە ئەو كاتە سەردانیم ئەكرد لە شاری دیمەشق. كە هەرجارەی لە ماڵی یەكێ لە قوتابییەكانی كۆدەبوینەوە وزانستی بە سوودمان لێیەوە وەرئەگرت.

لەبەرهەمە زانستییەكانی: كە (تحقيق) و دانان - تأليف - (تخريج)اتەكانی بەخۆوەگرتووە ئەوانەی خوارەوەن:

١. معجم الطبراني الكبير (٢١ مجلداً).
٢. خلاصة البدر المنير - لابن الملقن (مجلدين) مع ذيل لابنه.
٣. الألي المنتشرة في الأحاديث المشتهرة - للزركشي.
٤. فتح الوهاب في تخريج أحاديث الشهاب - لاحمد بن صديق الغماري في (مجلدين).
٥. بيان والوهم والايهام - لابن قطان/ ضاع (وونی كردوه).
٦. تخريج أحاديث الرضى - لعبدالقادر البغدادي/ ضاع (وونی كردووه).
٧. تخريج أحاديث المنهاج للبيضاوي - لابن الملقن. طبع في المكتب الاسلامي.
٨. تخريج احاديث شرح المواقف للجرجاني - للسيوطي.
٩. تخريج أحاديث شرح العقائد النسفية - للسيوطي.
١٠. الأمالي في تخريج أحاديث مختصر المنتقى - لابن الحجر ويسمى موافقة الخبر الخبر/ طبع فى (مجلدين).
١١. الامالي الحلبية - لابن حجر.

١٢. زواهر الزواجر لعبد الله الرتبكي/ تحت الطبع.

١٣. الأمالي في تخريج أحاديث الاذكار - لابن الحجر ويسمى ((نتائج الأفكار)) طبع منه (مجلدين).

١٤. رفع الخفا في شرح ذات الشفا – للعلامة بن الحاج الكردي/ طبع في (مجلدين).

١٥. رسالة في الأحاديث الموضوعة – لابن الهادي/ لم يطبع (چاپ نەكراوە).

١٦. الطلاق في الاسلام. (طبع سنة ١٩٦٠).

١٧. مرشد المختار الى ما في مسند الامام احمد في الاحاديث والآثار/ طبع في (٣) مجلدات.

١٨. جامع تحصيل في إحكام المراسيل – للحافظ العلائي/ (طبع مرتين)

١٩. الاحاديث الطوال – للحافظ الطبراني.

٢٠. جزء في ترجمة الطبراني – للحافظ ابن منده.

٢١. الكواكب النيران في معرفة من أختلط في الرواة الثقات – لابن الكيال (طبع مرتين).

٢٢. المعتبر في تخريج أحاديث المناهج و المختصر للزركشي.

٢٣. مسند الشهاب – للقضاعي (مجلدان)/ طبع في مؤسسة الرسالة

٢٤. بغية الملتمس في سباعيات أحاديث الامام مالك ابن انس – للحافظ العلائي.

٢٥. المحاسن والغر – للعلامة ابن الحاج الكردي/ (طبع في مجلد كاروان).

٢٦. مسند الشاميين – للطبراني. طبع في (٤) مجلدات.

٢٧. الجزء الثالث والعشرون من حديث أبي طاهر الذهلي – انتقاء الدراقطني.

٢٨. رسائل الرد على الرافضية. طبع في دهوك وهي ست رسائل.

٢٩. أسباب اختلاف العلماء للحميدي/ طبع في مجلة الاسلام.

٣٠. فوائد تمام/ طبع في مجلدين.

٣١. الاحكام الوسطي لعبد الحق الأشبيلي/ طبع في (٤) مجلدات.

٣٢. انتقاض الاعراض لابن حجر/ طبع في مجلدين.

٣٣. تذكرة الحفاظ/ طاهر المقدسي طبع.

٣٤. كتاب المجروحين لابن حبان/ تحت الطبع.

٣٥. رسالة السخاوي فيمن يظلم الله/ تحت الطبع.

٣٦. اعتقاد اهل السنة والجماعة/ للشيخ عدي بن مسافر/ طبع.

٣٧. رسالة الملا احمد عبدالخالق في حكم التصوير/طبع في مجلة (ڤەژين).

٣٨. نوبها للشيخ احمد خاني/ طبع.

٣٩. انقاذ الهالكين للبركوي/ طبع في (ڤەژين). وتحت الطبع.

٤٠. رسالة في اصول الفقه/ طبع في (ڤەژين).

٤١. المبشرات للبيتوتي/ طبع في (ڤەژين).

٤٢. الضعفاء للعقيلي/ تحت الطبع.

٤٣. الخادم في شرح رسالة أبي القاسم لجلي زادة/ طبع في مجلة المورد.

زواهر الزواجر لعبد الله الرتبكي/ تحت الطبع.

ئەمانەو چەندین کتێبی تریش کە ئێستا لە ژێر لێکۆلینەوەن.[١]

٢- الشيخ على حسن على عبد الحميد الاثري الحلبي:

زانای لێهاتوو و خاوەنی دەیان بەرهەمی زانستی سوود بەخشە و ئێستا لە ((الزرقاء)) لە وولاتی ((الاردن)) ژیان بەسەر دەبات.

ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە بەرهەمە زانستیەكانیەتی[٢]:

١. الدعوة بين التجمع الحزبي والتعاون الشرعي.

٢. حوار مع الحبشي ومريده.

٣. الاجوبة المكية على مقدمة الرسائل السبكية.

٤. البيعة بين السنة والبدعة.

---

[١] ئێستا شێخ (حمدی) سەرنووسەری گۆڤاری ((ڤەژین))ە کە بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت.

[٢] لە ترسی درێژبوونەوە ناوی هەموو کتێبەکان نانووسین.

٥. اقامة الحجة على من كفر تارك الصلاة بغير حجة.

٦. تيسير العزيز الحميد في حكم الدف المستعمل مع الأناشيد.

٧. عقيدتنا قبل الخلاف – مع محمد شقرة.

٨. كتاب إحياء علوم الدين في ميزان العلماء والمؤرخين.

٩. التصفية والتربية واثرها في استئناف الحياة.

١٠. صفة الوضوء والصلاة النبي (ﷺ).

١١. مهذب عمل اليوم والليلة - لابن السنى

١٢. التعليقات الاثرية على المنظومة البيقونية.

١٣. ثلاث رسائل في علوم الحديث.

١٤. النكت على نزهة النضر في توضيع نخبة الفكر.

١٥. عودةٌ الى السنة.

٣- الاستاذ خيرالدين وانلي.

بەرهەمەكانی ئەمانەن:

١. دليل الخيرات

٢. مولد المصطفى (ﷺ).

٣. مدرسة الشيطان.

٤. قصص البطولة.

٥. رقائق الشعر.

٦. معراج المصطفى (ﷺ).

٧. عيون الامثال.

٨. معجزات المصطفى (ﷺ).

٩. المسجد في الاسلام.

١٠. الاحاديث القدسية الصحيحة.

ئێستا مامۆستای ناوبراو لە شاری (دیمەشق)ی پایتەختی (سوریە)دا دەنیشێ.

٤-الشيخ عبدالرحمن عبدالخالق:

(دەرچووی زانکۆی ئیسلامی لە مەدینەی موننەوەرە و نووسەرێکی ئیسلامی بەناوبانگە. خاوەنی چەندین بەرهەمی جوراو جوری زانستی هاوچەرخە و کە ئەو لایەنانەی بە خۆوە گرتووە.

بانگەوازیو، ئیرشاد، ئابووریو ، شورا، رژێمی حوکم، رامیاری، پەروەردە ... هتد).

لە بەرهەمەکانی:

١. القضايا الكلية للاعتقاد الكتاب والسنة.

٢. الاصول العلمية للدعوة السلفية. ٣- الحد الفاصل بين الايمان والكفر. ٤- الولاء والبراء. ٥- السلفيون والائمة الاربعة. ٦- الفكر الصوفي في ضوء الكتاب والسنة.

٧-خطوط رئيسية لبعث الامة الاسلامية. ٨-الشورى في ضل نظام الحكم الاسلامي.

٩-الطريق على الحج المبرور. ١٠-مشكلاتنا التربوية في ضوء الاسلام...هتد.

مامۆستا (عبدالرحمن عبدالخالق) ئێستا لەوولآتی کوێت دادەنیشێت ومامۆستایەکە لەیەکێ لەقوتابخانە دواناوەندییەکان).

٥- الدكتور عمر سليمان الاشقر:

مامۆستای کۆلیجی شەریعە لەزانکۆی کوێت وخاوەنی چەندین بەرهەمی زانستی جۆراو جۆرە کەئەمانەن:

١- العقيدة في ضوء الكتاب والسنة: (العقيدةفي الله).

٢- عالم الملائكة الابرار.

٣- عالم الجن والشيطان.

٤- الصوم في ضوء الكتاب والسنة.

٥- ثلاث شعائر.

٦- معالم الشخصية الاسلامية.

٧- الرسل والرسالات

٨- المرأة بين دعاة الإسلام وأدعياء التقدم

٩- أصل الاعتقاد

١٠- القيامة الصغرى واشراط القيامة الكبرى

١١- القيامة الكبرى

١٢- الجنة والنار ....هتد.

٦- الشيخ محمد عيد العباسي:

نزیکترین قوتابی ویاوەری بەردەوامی شێخ (ناصر)ە تائێستاش لەشاری دیمەشق ماوەتەوە لەدوای کۆچ کردنی شێخ بۆ (عمان) خاوەنی چەندین نووسراوی بەسوودە گرنگترینیان کتێبی (بدعة التعصب المذهبي)و پاشکۆکەیتی. کەلەگرنگترین کێشەیەکی مەسیری دەکۆڵێتەوە کەئەویش دەمارگیری مەزهەبی وپاشماوە ترسناکەکەیەتی لەسەر دابەزینی ئاستی موسڵمانان وداڕوخانی ویەستانی بیرو هۆشیان.

٧- الشيخ محمد ابراهيم شقرة:

ئەدیبی لێهاتوو ونزیکترین قوتابییەکانی ئەمڕۆی شێخ وسەرۆکی (المسجد الاقصی)و ووتار بێژی مزگەوتی (صلاح الدین)ە لە (عمان)ی پایتەختی ئەردەن. خاوەنی چەندین نووسراوی سوودبەخشە لەوانە:

١- من فقه القران: (إرشاد الساري الى عبادة الباري).

٢- القواعد الضابطة لدرجات الحديث الهابطة.

٣- شهادة خميني في اصحاب رسول الله(ﷺ).

٤- الوسيلة الى شفاعة صاحب الوسيلة.

٥- ركائز الدعوة في القرآن.

٦- تنوير الافهام لبعض مفاهيم الاسلام.

٧- هي السلفية.

٨-ماذا ينقمون من الشيخ/ پەیامێکە بۆ بەرگری کردن لەشێخ (الالبانی) نوسراو کەلەگۆڤاری (الأصالة) ژمارە (٧) ل٤٩-٦٢ ولەکتێبی سەربەخۆش چاپکراوە.

٨-الشيخ عبدالرحمن عبدالصمد:

هاوەڵی بەردەوامی لە (حلب) و (حماة) وچەندین جێگای تری ناوچەی شام، وخاوەنی چەندین بەرهەمی زانستییە لەمانە: (اسئلة طال حولها الجدل) وچەندین توێژینەوەی

زانستی سوودبەخش کەبەچاپ نەگەیشتوون. ئێستاش پێش نوێژوو ووتار خوێنی مزگەوتی (الوفرة)یە لەوولاتی کوێت.

٩- الشيخ زهير الشاويش

خاوەنی چاپخانەی (المكتب الاسلامي)یەو چەندین (تحقيق)ات و(تخريج)ات و(تعليق)اتی هەن لەمانە:

١- كتاب الرد على الجهمية لابي عثمان الدارمي/تقديم وتعليق.

٢- ترجمة شيخ الاسلام ابن التيمية للمؤرخ الكبير محمد كرد علي/تقديم وتعليق.

٣- مساجلة علمية. بەهاوکاری شێخ ناصر.

٤- شرح السنة للبغوي. بەهاوکاری شێخ (شعيب الارناؤط).

٥- كتاب الايمان/ تحقيق.

٦- ثلاثيات مسند الامام احمد / تقديم وتعليق.

٧- المسائل الماردينية / تحقيق.

٨- الناسخ والمنسوخ من كتاب الله عز وجل لهبة الله بن سلامة/ تحقيق.

ئەمەو چەندین بەرهەمی تر.........

١٠-الشيخ مقبل مقبل بن هادي الوادعي:

لەسەر دەستی شێخ لەسالّی سێهەم لەزانکۆی ئیسلامی لەمەدینە وانەی(قواعد مصطلح الحديث) و (علم الاسناد)ی خوێندووە ویانگەوازکارێکی چالاکەو خاوەنی چەندین بەرهەمی بەسوودە. ئەوانەی خوارەوە هەندێ لە (دانان) وتەحقیقاتەکانیەتی: ١-رياض الجنة في الرد على اعداء السنة. ٢-الشفاعة. ٣-المخرج من الفتنة. ٤-صحيح المسند في اسباب النزول. ٥- صحيح المسند مما ليس في الصحيحن.

شێخ (مقبل) لەوولاتی یەمەن ژیان بەسەر دەبات.

١٢-الشيخ مصطفى الزربول:

دەرچووی زانکۆی ئیسلامی وبانگەوازکارێکی ناسراوە، ئێستا ئیمامە لەوەزارەتی ئەوقافی کوێت وهەروەها مورشیدی (صندوق اعانة المرضی)یە لەم وولاتە.

١٣-الشیخ عبدالرحمن البانی:

یەکێکە لەقوتابییە لێهاتووەکانی شێخ، وخاوەنی چەندین بەرهەمی زانستییە.

١٤-الشیخ علی خشان:

نزیکترین قوتابی شێخ ویاوەری بەردەوامی لەوولاتی شام، چەند نووسراوێکی سوود بەخشی هەیە لەوانە:

١-وجوب الرجوع الی الکتاب والسنة وخطر التقلید. کەبە گرنگترین باسێك دادەنرێت کەتائێستا دەربارەی پێویستی دەست گرتن بەقورئان وسوننەتەوە نوسرابێت.

٢-شان بەشانی مامۆستا (محمد عید العباسی) هەڵساوە بەکۆکردنەوەی چەند لایەنێك لەژیاننامەی شێخ (ناصر) شایەنی باسە دانەری کتێبی (حیاة الالبانی) زۆر سوودی لەم کتێبە وەرگرتووە.

١٥-الشیخ محمد بن جمیل زینو:

بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەلای شێخ ماوەتەوە لەناوچەی (حلب وحماة والرقة) وچەندین زانستی سوود بەخشی لەلاخوێندووە. ئێستا مامۆستایە لە (مدرسة دار الحدیث الخیریة) لەمەککەی موکەڕەممە بەرهەمە زانستییەکانی لەمانەی خوارەوە خۆی نواندووە:

١-منهاج الفرقة الناجیةوالطائفة المنصورة علی ضوء الکتاب والسنة.

٢-خذ عقیدتك من الکتاب والسنة. ٣-توجیهات اسلامیة لاصلاح الفرد والمجتمع. ٤-الرد علی اخطاء الصابونی في کتاب صفوة التفاسیر ومختصر تفسیر ابن جریر. ٥-حکم الاسلام في التدخین. ٦-قطوف من الشمائل المحمدیة. ٧-الواسطة بین الحق والخلق. ٨-معلومات مهمة من الدین لایعلمها کثیر من المسلمین. ٩-کیف نفهم القران......هتد.

١٦- الشیخ ابي اسحاق الحوینی الاثري:

زاناو فەرموودەناسی ناوداری میسری، یەکێکە لەقوتابییە لێهاتووەکانی شـێخ کەبەشـداری کۆڕو کۆبوونەوە زانستییە سوودبەخشەکانی کردووە لەووڵاتی ئەردەن.

ئەمانەی خوارەوە بریتین لەبەرهەمە زانستییەکانی:

١-مسيس الحاجة الى تقريب سنن ابن ماجه.

٢-بذل الاحسان بتقريب سنن النسائي ابـي عبدالرحمـن (٢) بەشـی لێ چـاپ کـراوە لەلایـەن (دار الصحابة للتراث).

٣-غوث المكدود بتخريج منتقى ابن الجارود.

٤-صحيح كتاب (الادب المفرد) للبخارى.

٥-النافلة في الاحاديث الضعيفة والباطلة، (٢٠٠) فەرموودە لەدوو بەشـدا چـاپکراوە لەلایـەن (دار الصحابة)..

٦-صحيح كتاب لخلاق النبي (ﷺ) -لابي الشيخ.

٧-جنة المستفيث بشرح علل الحديث-لابن ابي حاتم.

٨- صحيح القصص النبوي من (١-٥٠)

١٧-الشيخ عبدالعزيز السيروان.

١٨-مامۆستا عبدالعظيم بن بدوي.

١٩-مامۆستا حسين بن عودة العوايشة.

٢٠-مامۆستا خالد على بن محمد العنبرى.

٢١-مامۆستا محمد موسى نصر.

٢٢-مامۆستا ابو عبيدة مشهور بن حسن.

٢٣-مامۆستا رائد بن صبرى ابي علفة.

٢٤-مامۆستا سعيد البستاني

٢٥-مامۆستا سليم بن عيد الهلالي.[(١)]

کەبەهاوکاری مامۆستا (علي الاثري) هەڵساون بەبەر پەرچ دانەوەی (الشيخ الاعظمي) خاوەنی کتێبی (الالباني شذوذة وأخطاؤه)[(١)] لەکتێبێکدا لەژێر ناونیشانی (الرد العلمي علی حبيب الرحمن الاعظمي-المدعي بانه ارشد السلفي) کەزنجیرە کتێبی (الالباني واقلام الحاقدين)ە ژمارە(١) لەدوو بەرگ داکۆکراوەتەوە. لەوولاتی ئەردەن لەلایەن (المكتبة الاسلامية) بەرگی یەکەم لەساڵی ١٤٠٤ك وەی دووەم لەساڵی ١٤٠٥ك بەچاپ گەیشتوو.

[(١)] هەروەها مامۆستا (عبدالله العزام)یش رەحمەتی خوای لێ بێ یەکێ بووە لە قوتابییە لێهاتووەکانی شێخ، کەزۆرلە زانستەکانی عقیدەو حەدیس و فقهی لاخوێندووەو بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەکانی کردووە، کە ئەوکاتە لەولاتی (الاردن)بەڕێوە دەچوو

بەلاّم پابەند بوونی شێخ (عزام) بە کۆڕو کووبونەوە زانستی‌یەکانی بەشێوەیەکی پچڕ پچڕی بووە! ئەویش بەهۆی ئەوە بووە کە زۆر لە تەم ومژو پروپاگەندەو خەیالاّتی حیزبی‌یەکان وکەسانی دژ لەگەڵ بیرو ڕای (شێخ ناصر) کاری تێ کردبوو! بەلاّم دوایی هەندێ لەم تەم ومژو هەورە چلکنانەی لەسەر ئاسمانی بیرو مێشکی خۆی ڕەواندەوەو لە دوا سەردنی بۆ لای شێخ دانی نا بە چەند هەڵەیەکی کە بەهەڵە تێگەیەنرا بوو هەروەکو ئەو تۆمەت و گوتەیەی کەدەڵێت: شێخی ئەلبانی مامۆستا (سيد قطب)ی کافر کردووەو لەگەڵ ئەوانەی داناوە کەبیرو باوەڕی (وحدة الوجود) یان هەڵگرتووە.! لەسەر شێخ لائەدات کاتێ شێخ دەمی پرسیاری ئاراستە ئەکات وپێی ئەڵێت:

(یا دكتور) .. ئایا تۆ ئەم ووتەیەت لە من گوێ لێبووە؟ ئەویش دوای برێك دامان .. دەڵێت نەخێر.!!

کەچی هەر خۆی لە گۆڤاری ((المجتمع))ی کوێتی لە زنجیرە باسێکی لە ژمارەکانی (٥٢٦،٥٢٧،٥٢٨)دا زۆر بە ڕاشکاوی ئەو تۆمەتەی ڕاگەیاندبوو! خوای میهرەبان بیبەخشێ.

[(١)] چیرۆکی ئەم کتێبە لەژێر باسی ((چیرۆکی کتێبەکەی ئەعزەمی)) باسمان کردووە سەیری بکە.

قيـــل للامام عبدالله بن المبارك (رحمـــه الله) :
هذه الاحاديث المصنوعة؟ (يعني الموضوعة) أجاب بقـــولــــــــــه :

يعيـــش لـــها الجهابذة

((الاحاديث الضعيفة والموضوعة)) (٦/١)

ئەم سوننەتانەی لەسەر دەستی شێخ زیندوو کراوەتەوە

ئەم سوننەتانەی کە ئەو زانا بەرێزە لەنێو موسڵمانان زیندووی کردۆتەوە وتائێستاش شوێنەوارەکەی ماوەتەوە لەسەر جیلی موسڵمانان وکۆمەڵگای ئیسلامی.

١-**حیجابی ئافرەتی موسڵمان ومەرجەکانی**: کە لە میانەی تێگەیشتنی بۆ فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردووە لەکتێبێکیدا بەناوی (حجاب المراة المسلمة في الكتاب والسنة) وچەندمەرجێکی بۆدانـاوە کەهیچ زانایەك لەپێش ئەودەرکیان پێنەکردبوو.

أ-پێویستی پۆشینی هەموو لەش جگە لەوجێگایانەی کەرێگای پێدراوە وەك (روخسارو دەست) بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە کەدایکی ئیمانداران (عائشة) ((رەزای خوای لێبێ)) بۆمان دەگێرێتەوەو دەڵێت: (ئەسمای کچی ابوبکر رەزای خوایان لێبێ هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وجلێکی تەنکی پۆشیبوو پێغەمبەری خواش (ﷺ) زۆری پێناخۆشبوو پێی فەرموو (**يا اسماء ان المراة اذا بلغت المحيض لن يصلح ان يرى منها الا هـذا وهـذا- واشار الى وجهه وكفيه**) واتە: ئەی ئەسماء ئافرەت کاتێ بالغ دەبێت بۆی نیە هیچ شوێنێکی لەشی بەدەرەوەبێت جگە لەمەو ئەمە، ئامـاژەی بـۆ روخسارو هەردوو دەستەکەی کرد.[1]

ب-حیجابەکە زۆر رازاوەو سەرنج راکێش نەبێت.

جـ-دەبێت حیجابەکە فراوان بێو تەسك نەبێت.

د-دەبێت حیجابەکە ئەستور بێ وتەنك نەبێت.

---

[1] (ابو داود) ریوایەتی کردووە بە پلەی (حسن)، سەیری ((مشكاة المصابيح)) (٤٣٧٢/٢)، و ((حجاب المرأة المسلمة)) بکە. وەشێخ رای وایە پۆشینی (جلباب)یش کارێکی موستەحبە هەروەها هەر کاتێ ترسی بوونی فیتنە و ئاژاوەیان لێ کرا، وەك ئەو کاتەی کە لە ماڵ دەردەچێ ئەوا پۆشینی (جلباب) ئەولاترە.! هەروەکو (ابن حجر) و (ابوبكر العيني)یش هەمان رایان هەبووە. ((المرأة المسلمة)) (ص ٢٠) حسن البنا بتحقيق الشيخ الالباني.

و-نابێت بەبەرگی پیاوان بچێت.

ز-نابێت بەبەرگی کافران بچێت.

ح-نابێت ئەم بەرگەی بۆ ناوبانگ ولاف وفیزلێدان بپۆشێ.

پاشان لەدوای شێخ چەندین زاناو نووسەرانی ئیسلامی لەسەر ئەم بنەمایانەی کەشێخ بۆئەم مەبەستە دایڕشتووە بەهرەمەندبوون ولەنێو کتێبەکانی خۆیان تۆماریان کردووە.

٢-شەونوێژی مانگی رەمەزان وپایەو چۆنیەتی ئەنجامدانی وڕێگا دان بەکۆمەڵی ولەگەڵ باسی ئیعتکاف:

أ-دروستە بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێت.

ب-بۆ ئافرەتانیش بە کۆمەڵ دروستە.

ج-دیاری کردنی ژمارەی رەکاعاتەکان.

د-چۆنیەتی ئەنجامدانی شەو نوێژ.

٣-نوێژی تەراویح.

هەروەها بەهەمان شێوە خەڵکی لەم سوننەتە ئاگادار کردەوەو بەرپەرچی ئەوانەیشی داوەتەوە کەدژی ئەو سوننەتەن. تاوای لێهات لەزۆربەی مزگەوتەکانی وولاتی سوریا وئەوانی تریشی بلاو بۆوە. دواتریش پەلی بۆناوچە ئیسلامییەکانی تر هاویشت (الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات).

٤-نوێژی هەردوو جەژن لەدەرەوەی شارو لەچۆڵەوانی ئەنجامدانی سوننەتە:

لەگەڵ ئەوەشدا دروستە لەمزگەوتەکان بکرێت. لەکتێبەکەی (صلاه العيدين في المصلى خارج البلد هي السنة) چ١٤١٧/٣هـ المكتبة الاسلامية. ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا ڕوون کردۆتەوە:

١-بەبەردەوامی بەجێهێنانی ئەو نوێژە لەچۆڵەوانی لەلای پێغەمبەر(ﷺ).

٢-بەڵگەی فەرموودەیی لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی نوێژی جەژن لەچۆڵەوانی سوننەتە.

٣-بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەی کەئەم سوننەتە بەجێ ناهێنن بەهۆی بوونی دەردو ناخۆشی (علة) بەبیانووی ئەوەی کەئەو کاتە (مزگەوتی نەبەوی) تەسك بووە.

٤-حیکمەتی بەجێهێنانی نوێژی جەژن لەچۆڵەوانی.

٥-گەڕانەوە لەڕێگایەك جگە لەو ڕێگایەیکە پێیدا هاتوون، بە پێی ئەم فەرموودەیە (**عن جابر رضي الله عنه قال: كان النبي (ﷺ) إذا كان يوم عيد خالف الطريق**)[1]

٦-ئاسایییە ئەگەر هاتوو گشت خەڵکی بەشدارین لەونوێژە لەچۆڵەوانی تاوەکو ئافرەت ومندالآنیش.

هەروەها لەبەر ئەوەی جەژن لەبنەڕەتدا بەمانای جوانییە، بۆیە موستەحەبە لەو ڕۆژەدا جل وبەرگی جوان بپۆشن وياری بکەن و ئافرەتانیان دەف لێبدەن بەپێی ووتەکانی (ولی الله الدهلوي) کەلە کتێبەکەی (حجة الله البالغة)دا لەژێر ناونیشانی (العيدان) (٢/٣٠،٣١) باسی کردووە.

٥- پێویستە ووتار (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی فێرکردووە ئەویش بەم شێوەیە.

(ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفيره ونعوذ بالله من شرور انفسنا ومن سيئات اعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له واشهد ان لااله الا الله وحده لاشريك له واشهد ان محمدا عبده ورسوله.

﴿يـاأيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن الا وانتم مسلمون﴾.

﴿ياايها الذين امنوا اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا كثيراً ونساء واتقوا الله الذي تساءلون به والارحام ان الله كان عليكم رقيباً﴾.

﴿يـاايها الذين أمنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا يصلح لكم اعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزاً عظيماً﴾.

اما بعد:

---

[1] رواه البخاري «فتح الباري» (٢/٤٧٢/٩٨٦) انظر «المشكاة» (١/١٤٣٤/ص ٤٥١)

پاشان کارو پێداویستییەکانی باس دەکرد، ئەوە بو شێخ ئەم سوننەتە پیرۆزەی زیندوو کردەوە کەخەریك بوو لەنێو موسڵمانان لەبار بچێ. کەلە کتێبە نایابەکەی (خطبة الحاجة التي كان رسول الله (ﷺ) يعلمها اصحابه) ئەو فەرموودانەی تێدا کۆکردۆتەوە وڕێگاو گوتە (لفظ)ەکانی دەستنیشان کردووە.

پاشان ئەم خوتبەیە بوو بەمایەی سوود وەرگرتن لەلایەن ووتار بێژانی هەینی ومامۆستایان کە بەم خوتبەیە سەرەتای وانەکان و ووتارو کتێبەکانیان دەست پێدەکرد هەروەکو چۆن پێشینە چاکەکانمان (السلف الصالح) لەوانەو ئامۆژگاری ولەکتێبەکانیان ولەگشت بوارێکی تر بەم خوتبەیە دەستیان پێکردووە. وەئەم (خطبة)یە لەلای شەش هاوەڵانەوە گێردراوەتەوە کەکۆمەڵێك لە(الائمة)كان لەنێو کتێبەکانیان ڕیوایەتیان کردووە وەك (ئیمام مسلم) لە ((صحيح))ەکەیدا (١٥٣/٦، ١٥٦، ١٥٧) مع شرح النووي، ابو داود لە (السنن) (١/ ٢٨٧/رقم ١٠٩٧)، النسائي لە (المجتبى) (٣/ ١٠٤، ١٠٥) حاكم لە (المستدرك) (٢/ ١٨٢، ١٨٣)، وطيالسي لە (المسند) (رقم/٣٣٨) البيهقي لە (السنن الكبرى) (٧/ ١٤٦) و(رقم/٢١٤)، وەهەروەها وابن ماجه لە (السنن) (١/ ٥٨٥).

٦- پەرستن بە پاڕانەوەو زیکرە ساغ و ڕاستەکان:

کۆمەڵی موسڵمانانی ئاگادار کردۆتەوەو هانی داون تاوەکو بەو پاڕانەوەو وێردەساغ وڕاستەکان کە لەسەر زاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە خواپەرستی بکەن و هەروەها کاریەو فەرموودە لاوازو دەست هەڵبەستراوانە نەکەن کەلەم بارەوە هاتوون.

هەروەکو ئەم فەرموودە زەعیفە : (**الدعاء مخ العبادة**).[1]

---

[1] رواه الترمذي (٣٤٣١) من حديث أنس، وقال: حديث غريب أي: ضعيف. لأن فيه تدليس الوليد بن مسلم، وضعف عبدالله بن لهيعة لسوء حفظه لانه خلط بعد احتراق كتبه والصحيح في اللفظ الحديث (**الدعاء هوالعبادة**) ذكره العلامة الالباني في ((صحيح الادب المفرد)) (٥٥٠)، و ((صحيح سنن أبي داود)) (١٣٢٩). و ((صحيح سنن إبن ماجه)) (٣٠٨٦)، وانظر تخريجه على ((المشكاة)) (٢٢٣٠،ص ٦٩٢).

٧- پێویستیەتی وەرگرتنی فەرمووده (آحاد)ەکان لەبواری بیرو باوەڕو بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەی کەدژن لەگەڵ ئەم ڕاستیەیە:

ەکونەوه لەلایەن هەندێ لەزانایانی کەلام بۆچوونێکی زۆر هەڵەو ترسناك سەری هەڵدا، ئەویش ئەوەبوو دەیان گووت فەرموودەی (آحاد) واتە: گێرانەوەی تاکەکەس نابێت بەبیانوو (حجة) لەبواری بیر و باوەڕدا، بەبیانووی ئەوەی کە گوایە ئەم فەرموودانە تەنها لەسەر گومان وەستاون ونۆخژەن ودڵنیایی تەواونادەن کەلەلای پێغەمبەرەوه (ﷺ) هاتبێ هەروەها لەلای هەندێ لەنووسەران وبانگەوازکارانی هاوچەرخیش ئەم بۆچوونە گرنگی پێدرا تاوای لێهات بەلایانەوه بوو بەکارێکی بەڵگە نەویست وبەدیهی کەپێویست بەگفتو گۆکردن ولێ کۆڵینەوه نەکات.

وەهەندێکیان دەڵێن نابێت بیرو باوەڕی ئیسلامی لەسەر ئەم فەرموودانە دابمەزرێت هەرکەسێکیش وایکرد ئەوا فاسق وگوناهبارە. هەر لەچەرخەکانی پێشین چەندین زانای ناودار هەڵساون بە بەرپەرچ دانەوەیان وەك (ابن حزم) رەحمەتی خوای لێبێ لەکتێبەکەی (الاحکام في اصول الاحکام)ولەدوای ئەویش (ابن القيم الجوزية) (رەحمەتی خوای لێبێ) لەکتێبی ((الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة)).

وەلەزانایانی هاوچەرخیش شێخی (الالبانی) تاکە زانایێکە کەهەڵساوه بە بەرپەرچ دانەوەیان هەروەکو لەکتێبە پتەوو نایابەکەی (الحديث حجة بنفسه في العقائد والاحکام)دا ڕوونی کردۆتەوه کەئەم کتێبە لەبنەڕەتدا ووتارێکی شێخە کەلە ساڵی ١٣٩٢ك لەشاری (غرناطة) لە (اسپانیه) پێشکەشی کردبوو هەروەها لەکتێبەکی تریشی بەناوی (وجوب الاخذ بحديث الآحاد في العقيدة).

شێخی فەرموودەناس هەردەم سەرقافلەو پێشەنگی ئەو کاروانەبووه کەسوننەتی کارکردن بەفەرمووده ساغەکان لەبواری بیرو باوەڕو ئەحکامەوه زیندوو کردۆتەوه ئەگەرچی ئەم فەرموودانە (آحاد)یش بن هەروەکو ڕوونیشی کردۆتەوه نابێت بۆ موسڵمانێك فەرمووده ئاحادەکان پیشت گوێ بخات وگومانی ئەوەبێت کەوا لەبواری بیرو باوەڕەوه کاری

پێناکرێت چونکە ئەوکارەیان دروست کردنی پەرژینێکە لەنێوان (عقیدة) و (أحکام) وجیاوازی نانەوەیە لەنێوانیاندا، ئەمەش بێگومان کارێکی ترسناکە[1].

هەروەها لەم بارەوە چەندین ئایەت و فەرموودەی (صحیح)ی بە بەڵگە هێناوەتەوە[2] لەگەڵ ڕاو بۆچوونی زانایانی پێشین وەك پێشەوا شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێ لەکتێبی (الرسالة) و ابن القیم الجوزیة لە (مختصر الصواعق...)[3].

٨- جێبەجێ کردنی نوێژ هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەجێی گەیاندووە:

ئەم زانا ناودارە خەڵکی بێدارکردۆتەوە لەبابەتێك کە گرنگترین پایاکانی ئایین و پەیمانەیە کە لەنێوان خواو بەندەکانی هەرکەسێ وازی لێبهێنێ ئەوا دووچاری مەینەت وئێش وئازاری دونیاو ئاخیرەت دەبێ.

مادام نوێژ کۆڵەگەی ئایین بێت دەبێ بەجۆرێك ئەنجام بدرێت کەخوای مەزن پێی ڕازی بێ وپێغەمبەری خواش (ﷺ) هەواڵی پێ دابێ. ئینجا شێخی ناوبراو هەڵساوە بەڕوون کردنەوەو کۆکردنەوەو تاوتوێ کردنی ئەو فەرموودانەی کەلەو بارەوە هاتوون، هەر لە (تکبیر)ەوە تا (تسلیم) لە کتێبێکدا خستویەتیە ڕوو وناوی ناوە (صفة صلاة النـــبي (ﷺ) من التکبیر الی التسلیم کأنك تراها) هەروەها لەکتێبەکی تریشی بەکورت کراوەیی ئەوبابەتەی خستۆتەڕووناوی ناوە (تلخیص صفة صلاة النبي (ﷺ)، بەمجۆرە نوێژی

---

[1] ئیمام ئەحمد ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێت: ئەوەی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە سەنەدێکی ساغ هاتبێ داغان پێداهێناوە، ئەگەر دانی پێدانەهێنین ویان وەلای بنێین و ڕەتی بکەینەوە. لەوا فەرمانێکی خوای گەورەمان ڕەتکردۆتەوە کە دەفەرموێ ﴿وما آتاکم الرسول فخذه ...﴾ (سورة الحشر:٧) سەیری «اتحاف الجماعة» (٤/١) بکە.

منیش دەڵێم: ئەوانە بەڕاشکاوی لەو فەرمانەی خوا لایان داوەو هەندێکیان وەرگرتووەو هەندێکی تریشیان پشتگوێ خستووە. بەڵام ﴿فما جزاء من یفعل ذلك إلا .....﴾!!

[2] بۆ دەقەکانی ئەو بەڵگانەی نێو ئایەت و فەرموودەکان سەیری لاپەڕە (٢٢ تا ٢٦)، و (٤٩ تا ٥٤)ی کتێبەکە بکە، چاپی دووەم ساڵی ١٤٠٠ھ.

[3] شێخ (محمد بن الموصلی) هەڵساوە بە کورت کردنەوەی ئەم کتێبە.

ڕاستەقینەو جێبەجێ کردنی بەپێی چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیندووکردۆتەوە ئەوەش بۆ پێشان دانی خۆشەویستی ڕاستگۆیانەیە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وهەڵسانە بەجێبەجێ کردنی فەرمانکەی کەدەفەرموێ (صلوا كما رأيتموني أصلي) رواه البخاري[1].

٩-زیندووکردنەوەی سوننەتی خۆپەنادان بەگوتەی (اعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم) لەناو نوێژدا.

ئەم سوننەتەش لەلای زۆربەی زۆری موسڵمانان پشتگوێ خرابوو و بەلایانەوە گرنگ نەبوو بەڵام شێخ هەڵسا بەزیندووکردنەوەی ئەم سوننەتە لەنێو نوێژکارەکان هەروەکو پێشەوا (احمد بن حنبل) ڕەحمەتی خوای لێبێ لەکتێبی (مسائل ابن هاني، ١/٥٠ ط مكتب الاسلامي) هاتووە باسی لەدروستی ئەم سوننەتەی کردووە لەناو نوێژدا. (ابو داود) و (الترمذي)یش گێڕاتیانەوە بەسەنەدێکی حەسەن[2].

١٠-سوننەتی سلاو لێدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناو (تشهد) شادەخوێندنی ناونوێژ.

مەبەست لەسوننەتی سڵاو لێدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی شایدمانی ناونوێژ ئەوەیە کەسڵاو لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەین بە (گوتە-لفظ)ی غەیبی واتە: بەم شێوەیە (السلام على النبي)، کەئەویش وازهێنانە لەڕاستەوخۆ ناراستەکردنی سڵاو لێدانە کەلەلایەن هاوەڵانەوە ڕەزای خوایان لێبێ بەپێوەلکاندنی (ك)ی خیتابی واتە: بەم شێوەیە (السلام عليك ايها النبي).

---

[1] ((فتح الباري)) (٢/٦٣١/١١١)، وهو مخرج في ((إرواء الغليل)) (ج١/٢٦٢/ص ٢٩١).

[2] ((صفة صلاة النبي (ﷺ))) ل ٩٠: هەروەها لە فەرموودەیەکی تریشدا هاتووە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) خۆی پەنا گرتووە بە گوتەی (**أعوذ بالله من الشيطان الرجيم، من همزه، ونفخه، ونفثه**) رواه أبو داود وابن ماجه، والداقطني، والحاكم، وصححه هو وابن حبان والذهبي. ((صفة الصلاة ...)) (ص ٨٩).

هەروەکو لە (التشهد)ی ابن مسعود (ڕەزای خوای لێبێ) هاتووە دەڵێت: کاتێك مـن دەستم لەناو دەستەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دابـوو ئـەم (تشـهد)ەی فـێرکردم هـەروەکو چـۆن سورەتێك لەسورەتەکانی قورئانی پیرۆزم فێربکات[1]. کەبەم شێوەیەیە:

(التحيات لله والصلوات والطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين ((کەئەم دوعایە هەموو بەندەیەك دەگرێتەوە))، **اشهد ان لااله الا الله، واشهد ان محمدا عبده ورسوله)** ((ئەمە لەکاتێك بوو کەپێغەمبەری ئـازیز (ﷺ) لـەژیاندا لەنێومان دابوو، بەڵام کاتێ کەوەفاتی فەرموو گوتمان: **(السلام على النبي)**[2]

هەروەها (عائشة) دایکی ئیماندارانیش (ڕەزای خوای لێبێ) خەڵکی لەم جـۆرە سـڵاو لێدانـە فێرکردووەلەخوێندنی شایدومانی ناونوێژ[3].

١١-دانەری پێنج بنەڕەت بۆ (بانگەوازمان):

وەك لـەکتێب وپەیامـەکانی شێخ بـەرچاو دەکـەون وزۆر لەنووسـەرانی سنەلەفی‌یش لێیـان وەرگرتووەو لەبڵاوکراوەکانیاندا تۆماریان کردووە.

*بانگەوازمان (دعوتنا)

أ) گەڕانەوە بۆ قورئانی پیرۆزو سوننەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) وتێگەیشتن وکـار پـێکردنـی بەم پێیەی کەسەلەفی صالح رەزای خوایان لێبێ تێیگەیشتون وکاریان پێکردووە.

ب)ناسـاندنی موسـڵمانان بەئایینـە ڕەواکـەیان وبـانگ کردنیـان بـۆ کـارکردن بـە (تعالیم)وئەحکامەکانیو ڕازاندنەوەیانە بەم ئاکارو ڕەوشتانەی کەڕەزامەندی خـواو ژیـانێکی بەختەوەرانەی پێیەوە وەدەست دێت.

---

[1] رواه البخاري ((الفتح)) (١١/٥٦/٦٢٥٦)، ومسلم (١/٤٠٢/ص ٣٠١) بترقيم عبدالباقي، وابن ابي شيبه (١/٩٠/٢)، والسراج، وأبو يعلى في ((مسنده))، (٢/٢٥٨)، وهو مخرج في ((الارواء)) (٣٢١).

[2] ((الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز)) (ص٨٣) تأليف عبدالعظيم بن بدوي.

[3] رواه السراج في ((مسنده)) (ج/٢/٩١)، والمخلص في ((الفوائد)) (ج/١/٥٤) بسندين صحيحين عنها.

جـ- ئاگادار کردنەوەیان لە بیدعە وتێکڕای ئەو بیرو بۆچوونە نامۆو هەڵانەی کەتێکەڵ بەبیرو هۆشیان بووە. دیسان بێدارکردنەوەیانە لەم فەرموودە (منکر)و هەڵبەستراوانەی کەسیماو ڕوخساری شیرینی ئیسلامیان شێواندووە وبوونەتە بەربەست لەرێی بەرەوپێش چوونی موسڵمانان.

د-زیندووکردنەوەی بیرو هۆشی ئیسلامیە لەسنووری بنەماکانی ئیسلام (واتە لەژێر ڕۆشنایی قورئان وسوننەت ولەسەر ڕێ وشوێنی سەلەفی صالح) ولادان وتێکشکاندنی جمودی فیکری کەبیرو هۆشی زۆربەی موسڵمانانی داگرتووە ولەسەر چاوەی پاکی ئیسلام دووری خستونەتەوە (وەك دەمارگیری مەزهەبی وحیزبی و ...!).

هـ-هەوڵدانە بۆ دەستە بەرکردنی ژیانێکی ئیسلامیانەو بنیات نانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامیو خواویست وجێبەجێ کردن وچەسپاندنی حوکمی خوا لەزەویدا.

- ئەمەیە بانگەوازمان:

ئێمە داوا لەموسڵمانان دەکەین بەگشتی بۆ هاوکاریکردنمان لەهەڵگرتنی ئەم ڕاسپاردە خواییەو بڵاوکردنەوەی پەیامی نەمری ئیسلام.

١٢-ئادابی بووك وزاوا لەسوننەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ):

ئەم سوننەتە پیرۆزەش بەهەمان شێوە لەلای زانای بەرێز (الالبانی) زیندووکراوەتەوە کاتێ لەکتێبێکیدا بەناوی (آداب الزفاف في السنة المطهرة)دا هەموو بابەتێکی ئەم باسەی ڕوون کردۆتەوە لەژێر ڕۆشنایی سوننەتی پێغەمبەرەمان (ﷺ).

١٣-ئادابی سلاو کردن وتۆقەی لەیەکتر جیابوونەوە:

شایەنی باسە ئەم سوننەتە لەلای زۆربەی موسڵمانان پشت گوێ خرابوو سوپاس بۆخوا زانای ناودار هەڵساوە بەزیندوو کردنەوەو هێنانەوەی بۆناو موسڵمانان. هەروەکو لەکتێبی (سلسلة الاحاديث الصحيحة) لەژێر فەرموودەی ژمارە (١٦). عن أبي هريرة (رضي الله

عنه): **ان النبي (ﷺ) كان اذا ودع احدا قال: (استودع الله دينك وامانتك وخاوتيم عملك)**[1].

کەئەم سوودو زانیاریانەی کەلە فەرموودەکەدا دەفامرێنەوە باسی کردووە.

١-رێگا پێدانی (تودیع) کردن بەم گوتەیەی کەلە فەرموودەکەدا هاتووە کەبابای موسافیریش بەم گوتەیە وەلآمی ئەداتەوە (**استودعکم الله الذي لا تضیع ودائعُهُ**)[2].

٢-گرتنیيەك دەست لەکاتی تۆقەکردن.

٣-هەروەها تۆقەرکردن لەکاتی لەیەکتر جیابوونەوەش رێگای پێدراوە هەروەکو ئەم فەرموودە پیرۆزە پشتگیری دەکات کەدەفەرموێ: (**اذا دخل احدکم المجلس فلیسلم، واذا خرج فلیسلم، فلیست الاولی باحق من الاخری**)[3] واتە: ئەگەر یەکێك لەئێوە چوو بۆ کۆرێك باسەلام بکات، هەروەها سەلامیش بکات کاتێ دەچێتە دەرەوە. جائەوەی یەکەمیان لەهی دووهەمیان هەق تر نییە. واتە سەلام کردن لەکاتی چوون بۆ کۆرو دانیشتنەکە چۆن پێویستە بەهەمان شێوە سەلام کردن لەکاتی چوونە دەرەوەش پێویستە هەروەها لەفەرموودەیەکی تر هاتووە: (**من تمام التحیة ان تصافح اخاك**)[4]

---

[1] رواه احمد (٣٥٨/٧/٢)، والترمذي (٤٩٩/٢)، وقال الترمذي: حسن صحيح وصححه الالباني في تخريجه على ((الكلم الطيب)) لشيخ الاسلام ابن تيمية (١٦٩/ص٩٤).

[2] رواه أحمد (٤٠٣/٢)، وابن ماجه (٩٤٣/٢)، والنسائي في ((عمل اليوم والليلة)) وكذا ابن السني وحسنه الحافظ ابن حجر و الالباني. انظر ((سلسلة الاحاديث الصحيحة)) (١٦و ٢٥٤٧)، وتخريج ((الكلم الطيب)) (١٦٧، ص٩٤٣).

[3] رواه أبو داود (٥٢٠٨)، والترمذي (٢٧٠٧). وأخرجه البخاري في ((الادب الفرد)) (رقم ٩٨٦) عن أبي هريرة رضي الله عنه وحسنه الالباني في ((المشكاة)) (٤٤٦٠/٣). و ((صحيح الادب المفرد)) (٧٥٧/ص٣٧٨و ٣٧٩).

[4] رواه البخاري في ((الأدب المفرد)) (٩٦٨)) عن البراء بن عازب وهو صحيح الاسناد موقوفاً. انظر ((صحيح الادب المفرد)) (رقم ٧٤٥).

واته: لەتەواوی سەلام کردن تەوقەکردنە، کەواتە تۆقەکردن لەکاتی بەیەك گەیشتن بێ یـان لەیەکتر جیابوونەوە.

١٤-ئەحکامی (الجنائز) وبیدعەکانی:

هەروەها کۆمەڵی موسڵمانانی هەڵناوە لەسەر گرنگی دەست گرتن بەسـوننەتی پێغەمبـەری خوا (ﷺ) لە ڕێساکانی مردوو، ئاگاداری کردونەتەوە لەهەموو ئەو زیادەکاریيانەی کە لـەو بارەوە لەنێو موسڵمانان دا سەری هەڵداوە کەلە کتێبێکدا بەناوی (احکام الجنـائز وبیدعـها) بەتێرو تەسەلی هەموو بابەتە گەورەو بچووکـەکانی خسـتۆتە ڕوو. کەبابەتـەکانی نێـو ئـەم کتێبە بەکورتی پێك هاتووە لەمانەی خوارەوە:

١-باسی پێش مردن وکاتی نەخۆشی:

کەیەکێ لەو سوننەتانەی کەلە ژێر ئەو باسەدا ڕوونی کردۆتەوە، تـەلقین دانیـەتی بـەووتنی (**لاالـه الا الله**)[1] وەڕوونـی یشـی کردۆتـەوە کەتـەلقینی دوای مـردن کـارێکی داهێـنراوو بیدعەیە[2].

---

(١) بە پێی ئەم فەرموودەیە (**لقنوا موتاكم لا إله إلاّ الله**) أخرجه مسلم (رقم ٩١٦) من حديث ابي سعيد الخدري، وكذلك من حديث ابي هريرة (رقم ٩١٧)، وابو داود (٣١١٧)، والنسائي (٤/٥)، وابن ماجه (١٤٤٥) و أحمد في ((مسنده)) (٣/٣٦) والبيهقي ((٣/٣٨٣) وهو مخرج في ((الارواء)) (٦٨٦/١٤٩) . شێخی نەوەوی لە شەرحی ئەم فەرموودەیە دەڵێت:

(واتە: ئەوەی لـەلای نەخۆشـەکە ئامادەیە با ووشـەی (لا إله إلاّ الله) بدەن بە گوێی دا، تاوەکو ببێ بە دوا قسـەکانی لـە دونیادا هەروەکو لـە فەرموودەی صەحیح دا هاتووە (من كان آخر كلامه لا إله الاّ الله دخل الجنة) ...) ((صحيح مسلم بشرح النووي)) (٣/رقم الحديث ٩١٥، ٩١٦/ص ١٩٤، ١٩٥).

شێخی ئەلبانی یش دەڵێت: (تەلقین هەر ئەوە نی یە کە ووشـەی شـەهادەتی بدرێ بە گوێی داو، ئەویش گوێی بۆ شل بکات. هەر وەکو هەندێ کەس وای بۆ چوونە. بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە کە فەرمانی پێ بکەن تا شـەهادەتەکە بڵێتەوە). ((احكام الجنائز)) (ص ١٠).

سەیری ((منكرات الجنائز)) (ص ٥٨،٥٩) بکە، راشد بن صبري ابن أبي علفة. ←

٢-باسی دوای مردن.

٣-باسی نیشانەکانی (حسن الخاتمة) ئاخر خێری.

٤-باسی شۆردنی مردوو.

٥-باسی کفن کردنی مردوو.

٦-باسی هەڵگرتنی تەرمی مردوو شوێن کەوتنی.

٧-باسی نوێژی مردوو.

٨-باسی ئەو کەسانەی کەدرووستە نوێژی مردوویان لەسەر بکرێت ئەگەرچی واجبیش نی‌یە.

٩-باسی ناشتنی مردوو.

---

(٢) لەم کارەیاندا پشتیان بەستووە بە فەرموودەیەکی (ضعیف) کە دەڵێت: (**إذا مات احدكم فسويتم عليه التراب، فليقم احدكم على رأس قبره، ثم يقول: يا فلان ابن فلانة** ....) تا کۆتایی فەرموودەکە.

(حافظ العراقي) لە «تخريج احاديث الإحياء» (٤/٢٢٤) دەڵێت: طه برانی ریوایەتی کردووە لە (أبی أمامه)ەوە بەسەنەدێکی زەعیف.!

(ابن صلاح)یش دەڵێت: ليس إسناده بالقائم، وە هەروەها (إبن القيم) لە کتێبی «زاد المیعاد» (١/٢٠٦) دەڵێت: (لا يصح رفعه). درێژەی (تخريج)ی ئەم فەرموودەیە لە کتێبی «سلسلة الأحاديث الضعيفة» (٢/٥٩٩/ص ٦٤،٦٥) تەماشا بکە.

دەڵێم: ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە شێخی (نەوەوی) دوای ئەوەی ئەم فەرموودەیە لە کتێبی «المجموع شرح المهذب» (٥/٣٠٤) دا دێنێتەوەو بە زەعیفیشی دائەنێت. ئینجا دەڵێت: کاری پێ ئەکرێت چونکە لە بارەی (فضائل الأعمال)ەوەیە.!

بەڵام ئەم ئاسان کردنەوە بێ سنوور هەڕەمەکی‌یە و تێکەڵ کردنی ئەم فەرموودەیە لەگەڵ باسەکانی (جەنازە) کارێکی هەڵەو دوور لە ڕاستی‌یە، و ئەم فەرموودەیەش لە بارەی ئەحکامەوەیە نەوەکو لە (فضائل).!!

(الصنعاني) لە کتێبی «سبل السلام» (٢/١٦١) دەڵێت: (ويتحصل من كلام أئمة التحقيق أنه حديث ضعيف و، العمل به بدعة، ولا يغتر بكثرة من يفعله) واتە: لە ووتەی پێشەوایانی لێکۆڵەرەوە دەرئەکەوێت کەفەرموودیەکی زەعیفە، وکار پێ کردنیشی بیدعەیە، ئەوەش فریووتان نەدات کەکاتێ لەلای خەڵکی‌یەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەنجام ئەدرێت!

١٠-ئینجا چەند تێبینییەکی گرنگی نووسیوە .

١١-باسی تازیە.

١٢-باسی ئەو شتانەی کەسوودی هەیە بۆمردوو.

١٣-باسی سەردانی گۆڕو گۆڕستان و ئادابەکانی.

١٤-باسی داهێنراوەکانی مردوو (الجنازة): کەلەم خاڵانەی خوارەوە کورتی کردۆتەوە:

ا)داهێنراوەکانی پێش مردن و

ب)دوای مردن و

ج)شۆردنی مردوو و

د)کفن کردن و

ه)بردنی بۆ گۆڕستان و

و)نوێژی مردوو و

ز)ناشتنی و

ح)تازیەو ئەوانەی پەیوەستن پێیەوە.

شایەنی باسە ئەم کتێبە ئێستا لەزۆریەی زانکۆکانی ئیسلامی کراوە بەبەرنامە لەوانەی (فقه).

وەهەروەها ئەمەو دەیان سوننەتی تریش کەلە سەر دەستی ئەم زانا بەڕێزەوە زیندووکراوەتەوە.

قـال عمر بن الخطاب ((رضي الله عنه))

السنة ماسـنه الله ورسـوله (ﷺ)، لا تجعلـوا خطـأ الـرأى سنة للأمة!

قـال الامام المعصومي (رحمـه الله): رضـي الله عـن عمـر، فكأنه ألهم بوقـوع ذلك فحذر منه، فقد شـاهدنا في هـذه الأعصار رأياً مخالفاً لسنة رسول الله (ﷺ)، ومصادماً لما في كتاب الله قد جعلوه سـنة، واعتقـدوه دينـاً ويرجعـون إليه عند التنـازع وسمّـوه مذهبـاً!!! والله العظيـم وأنـها لمعصيـة وبليـة، وحميـة وعصبيـة، أصيـب بـهـا الاسـلام وأهله، فإنا لله وإنـا إليه راجعون.

((هدية السلطان الى مسلمي بلاد اليابان)) (ص/٣٩،٤٠)

شێخی (الالبانی) وچوار پێشەوا بەڕێزەکان

هەرکەسێ نووسراوەکانی شێخ بەووردیو بەبێ .ەمارگیری بخوێنێتەوە، ئەوا تەنها ڕاستیەك دەرك پێدەکات وشایەتی ئەدات کەزانای ناودار شێخی ئەلبانی لەگشت زانایانی هاوچەرخ زێترڕێزی ئەو چوار پێشەوا بەڕێزانەی گرتووە وپایەو فەزلی پاراستوون ئەویش بە بەلآوکردنەوەی ووتە بەنرخەکانیان لەزانست و ڕاپۆرتە فیقهی‌یە سوود بەخشەکان وگەڕانەوەی بۆسەر ڕاو بۆچوونیان، بۆ دڵنیایی بوون لەم ڕاستی‌یەی باسمان کرد سەیری ئەم بەڵگانەی خوارەوە بکە کەهەڵوێستی شێخ بەرامبەر چوار پێشەوا سەر مەزهەبەکان نیشان دەدات کەبەپێی ووتەو بۆچوونی خۆیان ڕا دەربڕینی خۆی نیشان داوە:

یەکەمیان: ئیمام (ابو حنیفة النعمان بن ثابت بن زوطي) ڕەحمەتی خوای لێبێ، لەدایك بووی شاری کوفەیە لەساڵی (٨٠)ك و لەساڵی (١٥٠) وەفاتی کردووە.

یاوەرانی چەندین ووتەو دەستەواژەی جۆراو .ۆریان لێ وەگێڕایتەوە کەگشتیان لەسەر شتێ دەوەستێ کەئەویش پێویستی دەست گرتنە بەقورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ودەست بەردان لە کوێرانە لاسایی کردنەوەی ڕاوو بۆچوونی پێشەواکان کاتێ لەگەڵ فەرموودە (صحیح)ەکان تێك ناکەنەوە هەروەکو دەڵێت:

١- إذا صح الحديث فهو مذهبي[1].

((ئەگەر فەرموودەیەکی (ساغ-صحیح) هەبوو ئەوا ڕارەوو مەزهەبی منە))

٢- لا يحل لأحد أن يأخذ بقولنا مالم يعلم من أين لخذناه[2].

---

[1] ابن عابدين في ((الحاشية)) (٦٣/١)، وفي رسالته ((رسم المفتي)) (٤/١)، والشيخ صالح الفلاني في ((الايقاظ)) (ص٦٢)، والدهلوي في ((حجة الله البالغة)) (١٥٨/١)، والشاه الدهلوي في ((الانصاف في بيان سبب الاختلاف)) (ص٥٨)، والعلامة محمد حياة السندي في ((تحفة الانام في العمل بالحديث النبي عليه السلام)) (ص٤٢).

[2] ابن عبد البر في ((الانتقاء في فضائل الثلاثة الأئمة الفقهاء)) (ص١٤٥)، وابن القيم في ((إعلام الموقعين)) (٣٠٩/٢)، وابن عابدين في ((حاشيته)) على ((البحر الرائق)) -(٢٩٣/٦)، وفي ((رسم المفتي)) (ص٢٩، ٣٢).

((ناشیٰ بۆکەسیٰ دەست بگریٰ بەوتەیەکی ئێمەو وەری بگرێت تانەزانێت ئێمە ئەم وتەمان لەکویٰ وەرگرتووە))

شێخی (ئەلبانی) دەڵێت:

منیش دەڵێم:

ئەم وتانەیان لەتەواوی زانست وتەقوایانە کاتیٰ ئامارە بۆئەوە ئەکەن کەزانیاریەیان بەتەواوی چواردەوری سوننەتی نەداوەو بەگشتی دەرکیان بەسوننەت نەکردووە، هەروەها پێشەوا (الشافعی)یش ئەم راستییەی راگەیاندووە هەروەکو لەباسی دێت إن شاء الله.

٣- حرامٌ على من لم يعرف دليلي أن يفتي بكلامي. وزاد في رواية (فاننا بشرٌ نقول القول اليوم ونرجع عنه غداً)(١). ٢

((حەرامە بۆکەسیٰ شارەزای بەڵگەکانم نییەو فەتوا دەدات بەووتەکانم))

لەگێڕانەوەیەکیتر دەڵێت:

(ئێمە مرۆڤین ئەمرۆ قسەیەك ئەڵێین وبەیانی لیٰ پاشگەز دەبینەوە)(٢).

هەروەها دەڵێت:

٤- ويحكِ يا يعقوب! لا تكتب كلَ ما تسمع مني، فاني قد أرى الرأي اليوم وأتركه غداً. (٣)

((ئەی یەعقوب مەبەستی (ابو یوسف)ە -یەکێکە لەقوتابیەکانی هەرچی لەمنت گویٰ لێدەبیٰ هەموویان مەنووسەوە من ئەمرۆ رایەك دەردەبرم بەیانی وازی لیٰ دەهێنم، بەیانیش رایەك دەدەم دوای بەیانی وازی لیٰ دەهێنم))

شێخ دەڵێت:

---

(١) الشعراني في ((الميزان الكبرى)) (١/٥٥) ط –الدار الفكر.

(٢) عباس الدوري في ((التأريخ)) لابن معين (٦/٧٧/١)، بسند صحيح عن زفر، وورد نحوه عن اصحابه: زفرو أبي يوسف، وعافية بن يزيد كما في ((الإيقاظ)) (ص ٥٢)، وجزم ابن القيم (٢/٣٤٤) بصحته عن ابي يوسف.

(٣) صفة الصلاة النبي (ﷺ) (ص٢٤،٢٥)، للعلامة الالباني.

دەڵێم: ئەمە ئەگەر بۆچوونیان بێ لەبارەی ئەو کەسانەی کە لە بەڵگەیان نەگەیشتوون باشە دەبێت ئەم بەڕێزانە چی بڵێن لەبارەی ئەو کەسانەی کەدەزانن بەڵگەکەیان پێچەوانەی وتەکەی خۆیانە پاشان بەپێچەوانەی بەڵگەکە فەتوا دەدەن.

گەر لەم ووتە ووردبینەوە تەنها ئەمە بەسە بۆ تێکشکاندنی کوێرانە لاسایکردنەوە (تقلید الاعمی) لەبەر ئەوە هەندێ لەلاسا کەرەوەکان نکوڵیان کرد لەم ووتەیەی (ابی حنیفة) کەدەڵێت هیئەونییە. کاتێ من نکوڵیم کرد لەفەتوایەکی ئەوکاتێ بەبێ بەڵگە فەتواکەیان دابووە پاڵ (ابی حنیفة) ڕەحمەتی خوای لێبێ.

وەکاتێ بەیەعقوب دەڵێت: (لاتکتب کل ماتسمع مني...) ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە (ئیمام) بەزۆری ووتەکانی لەسەر پێوان (قیاس) بنیات دەنێت ئینجا قیاسێکی بەهێزتر دەدۆزێتەوە یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی پێدەگات وکاری پێدەکات واز لە ووتەکەی ڕابردووی دەهێنێت[1].

(الشعراني)[2] لەکتێبی (المیزان الکبری) (٦٢/١)دا کەئەمە پوختەکەیەتی دەڵێت:

بۆچوونی ئێمەو ئەوانەی کەبەبێ دەمارگیری وبەدادگەری دەڕواننە پێشەوا (ابي حنیفة) ئەوەیەکە: (ئەگەر ئەم پێشەوا بەڕێزە لەژیاندابمابایە تائەو کاتەی کەشەریعەت بەتەواوی کۆکرابایەوەو حوفازەکانیش بەتەواوی هەموو شەریعەتیان لەووڵاتان وگشت کون

---

(١) پێشەوا شافعیش لەکتێبەکەی «الرسالة» دەڵێت: «لایحل القیاس والخبر الموجود» واتە: بەبوونی هەواڵ و (دەق) قیاس نابێ بکرێت، هەروەها نابێت هیچ ڕایەکی خۆی بسەپێنێ‌و بە بەڵگەی بگرێت، چونکە دیسان زانایان دەڵێن: «إذا ورد الاثر بطل النظر» لەدوای بەدەست هێنانی دەقی «قورئان و فەرموودە» قیاس و ڕا دەربڕی بەتاڵ دەبێتەوە.

بەپێچەوانەی مەزهەبییەکانی ئەمڕۆ کەلە پێ شێلّ کردنی ئەم بنەمایە شەرعییە دریغی ناکەن و لە دەیان و بگرە سەدان بابەت دا دوای بەدەست هێنانی بەڵگەی ئاشکرا لەدوو توێی قورئان و سوونەتیش هەر لەسەر (...) شەیتان نایەنە خوارو دەسەت بەرداری ڕای ئیمامەکەیان نابن!

(٢) ناوی تەواوی «أبي عبد الوهاب بن أحمد بن علي الانصاري»ە لە ووڵاتی میسر هاتۆتە دونیاو لەچەرخی دەیەمی کۆچی ژیاوە، زانایەکی لێهاتوەی شافعی مەزهەبە، وە ناوبانگی بە (شعراني) دەرکردووە.

وکەلەبەری ئەم زەوییە کۆبکردایەتەوە، ئەوا پێشەوا ئەبی حەنیفەش دەستی پـێدەگرت و وازی دەهێنا لەو (قیاس)انەی کە کردویەتی لەمەزهەبەکەیدا.
هەروەکو لەمەزهەبەکانی تر کەمتر بووە بەقەد ئـەوەی کەلـە مەزهـەبی ئـەودا هەیـە، بـەلآم لەبەر ئەوەی بەڵگەکانی شەریعەت لەسەردەمی ئەودا لەجێگا جیاکان لەلای شـوێن کەوتـەو شوێن کەوتەی شوێن کەوتەکان (تابعین وتـابع التـابعین) پـەرت وبلآویـوو بۆیەئـەم پێشـەوا بـەرێزە (قیـاس)ی زۆر کـردووە ئـەویش لەبـەر نـەبوونی (دەق) لـەو بابـەت وکێشـانەی کەقیاسی لێیەوە کردووە، بەپێچەوانەی پێشەواکانی تر.
بەلآم لەسەردەمی ئەوانی تر دوای ئەوەی کەحوفازەکان بەمەبەستی کۆکردنـەوەی زانسـت گەڕاوون بەزەویدا. ئەوکاتە فەرموودەکان خۆیان وەلآمی پرسـیارو کێشـەکانیان ئەدایـەوە بۆیە ئەم جیاوازییە هەیە لەنێوان مەزهەبی ئەو لەگەڵ مەزهەبەکانی تر لەقیاس کردندا.
هـەروەها (ابـو السـعادات) لـەکتێبی (النـافع الكبـير)[1] دا بەشـێکی زۆری لـەم باسـەی هێناوتەوەو چەندین روون کردنەوەشی پێوەلکاندووە ئەگەر ویستت سەیری بکە.
(شێخ) دەڵێت:
دەڵێم: ئەگەر ئەمە عوزری (ابی حنیفه)بێ رەحمـەتی خـوای لێبێ لـەو شـتانەی کـە بـەبێ دەسـتی خـۆی لـە (تێکگیرانی هـەندێ لەووتـەکانی لەگـەڵ فـەرموودە (صحیـح)ەکـان) تێکـەوتووە ئـەوا ئـەو عـوزرەی لـەلای خواقبولـە چونکـە خـوای بـەرزو مـەزن هیـچ کـارێك لەبـەندەکانی داواناکـات تـاوەکو ئـەو بەندەیە پـێی هەڵنەسـتێ، وە(نـابێت بـەهۆی ئـەم هەڵانەی کەکردوویـەتی بدرێتـە بەرقسـەی ناشـیرین وتانـەو تەشـەری لێ بکرێـت. هـەروەکو هەندێ لەنەفامان بەم جـۆرە رەفتاریـان کـردووە، بـەڵکو پێویسـتە بەئەدەبـەوە مامەڵـەی لەگەڵدا بکرێت چونکە پێشـەوایەکە لەپێشـەوایانی موسـڵمانان کەبـە رێگـای ئەوانـەوە ئـەو ئایینە پارێزراوەو بەهەموو لق وپۆپێکییەوە بەئێمە گەیشتووە، بۆیـە ئـەو پێشـەوا بـەرێزە

[1] لاپەڕە (١١٣)

ـەلای خوا پاداشت ئەدرێتەوە لەهەموو بارێکەوە پێکابێ یان هەڵـەی کردبێ[1]، هـەروەکو ـابێت بـۆ ئـەو کەسـانەش کەئـەو پێشـەوایەیان لـەلا پـیرۆزە خۆیـان گومـڕا بکـەن بـەوەی کەدەسـت بگـرن بـەو ووتانـە یـان کەدژایـەتیان لەگـەڵ فـەرموودەکانی پێغەمبـەری خوا(ﷺ)هەیە بۆیە (ئەوەی ئەو دەمارگیرانە هەڵیانبژاردووە، ئـەوا مەزهـەب ورارەوی خـۆی نییە) بەپێی ئەو ووتە بەنرخانەی کەلەو بارەوە بەرچاوت کەوت.

بۆیە ئەو جۆرە کەسـانە لـەدۆڵێکن وئـەوانی تریـش لـەدۆڵێك، هـەقیش لـەنێوانیاندا ئەوەیە ,ربنا اغفر لنا ولاخواننا الذين سبقونا بالايمان ، ولاتجعل في قلوبنا غلا للذين امنـوا ربنـا انـك رؤوف رحيم) (سورة الحشر:١٠).

٥-اذا قلت قولاً يخالف كتاب الله تعالى وخبر الرسول (ﷺ) فأتركوا قولي[2]،

((ئەگەر قسەیەکم ووت بەپێچەوانەی کتێبی خواو هەواڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، ئەوا وازبێنن لە ووتەکـەم ووەری مـەگرن هـەروەها ئـەو ووتەیـەی بەهـەمان شێوە داوەتـە پـاڵ ئیمام (محمد)[3]یش ئینجا دەڵێت: ئەمەو شتی تر لەم بابەتە دەرهەقی (مجتهد) نـەهاتووە، چونکە پێویستی بە قسەکانیان نییە بەڵکو دەرحەقی (مقلد)ەکان ووتراوە.))

(شێخ) دەڵێت:

منیش دەڵێم: هەر لەسەر ئەم بنچینەیە(الشعرانی) لە (المیزان)دا[4] دەڵێت:

---

[1] مەبەست پێی ئەم فەرموودەیە کە (عمر بن عاص)، و(ابي هريرة) رەزای خوایان لێبێ لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ((إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم اصابة فله اجران، وإذا حكم الحاكم فاجتهد ثم اخطاء فله اجر)) رواه البخاري (٢٦٨/١٣) فتح، ومسلم (١٧١٦/٣) (ص١٣٤٢) بترقيم محمد فؤاد عبدالباقي، وابوداود (٣٥٧٤)، والترمذي (١٣٦٢)، و النسائي (٢٢٤/٨)، وهو حديث صحيح.

[2] ((إيقاظ الهمم)) (ص٥٠) للفلاني.

[3] ((الامام محمد بن الحسن الشيباني)) (١٢٢-١٩٨هـ) یەکێکە لە قوتابییەکانی ئیمام ئەبی حەنیفە.

[4] (١/ص٢٦، ٢٧، ٢٨).

ئەگەر بلّێی چۆن مامەلە لەگەلّ ئەوفەرموودانە بکەم کەسەنەدەکەی ساغ (صحیح) بووە لەدوای ئەوەی کە ئیمامەکەم وەفاتی کردووە وخۆیشی بەر لەمردنی وەرینەگرتووە.
وەلآمەکە ئەوەیە، ئەوەی لێرە پێویستە بیکەی دەبێ کار بەو فەرموودانە بکەیت چونکە ئەگەر ئیمامەکەشت ئەو فەرموودەیەی دەست کەوتباو بەلایەوە (صحیح)بوایە ئەوا فەرمانی وەرگرتنی ئەو فەرموودەیەی بەسەرتەوە ئەکرد هەروەکو هەرئاواش فەرمانی پێکردووی، چونکە بەراستی پێشەواکان گشتیان دیلی بەردەستی شەریعەتن. هەڵبەت ئەوەی وابکات ئەوا بەهەر دوو دەست خێری دەست ئەکەوێ.
وە ئەوەی بلێ: (تەنها کار بەو فەرموودانە ئەکەم کە ئیمامەکەم وەری گرتووە) ئەوا ئەو کەسە خێرێکی زۆر لەدەست ئەدات هەروەکو زۆرلە لاساکەرەوەکانی چوار پێشەوا سەر مەزهەبەکان لەسەرینە.
بەڵکو ئەولاترە بۆیان کەکار بەهەموو فەرموودەیەکی (صحیح)بکەن کەلەدوای ئیمامەکەیان بە(صحیح)ی دەرکەوتووە، لەڕاستیدا مامەڵە کردن لەگەلّ فەرموودەکان بەم جۆرە جێبەجێ کردنی وەسیەتی ئیمامەکانە ! !
ئێمەش بۆچوونمان بەرامبەر ئەو پێشەوا بەرێزانە وایە کە:
(ئەگەر تائێستا لەژیاندا مابوان و ئەو فەرموودە (صحیح)انەیان چنگ کەوتبوایە کەلەدوای خۆیان (تصحیح) کراوەو بەساغ دانراون ئەوا دەست بەجێ وەریان دەگرت وکاریشیان پێدەکرد. هەروەها هەموو (قیاس)ێ کیشیان وەلادەنا کەکردویانە، وئەو قسانەش کە کردوویانە لێی پاشگەز دەبوونەوە).

*ڕەواندنەوەی تەم ومژێك:

خوێنەرانی سەنگین:

والەم چەند ڕوون کردنەوەیەی شێخی ئەلبانی بۆ ووتە بەنرخەکانی پێشەوا (ابي حنيفة) ڕەحمەتی خوای لێبێ بۆت دەرکەوت کەوا شێخی ناوبراو بەوپەڕی دادگەری و بەبێ دەمارگیری باسی پێشەوا بەرێزەکانی کردووە بەتایبەتیش پێشەوا (ابی حنيفة) ڕەحمەتی

خوای لێبێ ڕێزێکی زۆری لێناوه بێگومان ئەوانەی کەلەئاقار ئەم ئیمامە بەرێزەدا پڕو پاگەندە بەرپا ئەکەن وشێخی پایەبەرز لەئاستیدا لەکەدار ئەکەن بەهەوڵ وکۆششی نەزۆکیان.

دیارە خۆی لەخۆیدا واتای بێئاگاییان لەووتە بەنرخەکانی شێخ دەگەیەنێ ئەو پڕو پاگەندانەش قسە وورێنەی ئەو کەسانەیە کەلە خوێندنەوەی کتێبە نرخدارەکانی (المجدد العصر العلامة المحدث الفقيه الشيخ الالباني)بێبەشن ئەگەرچی تا ئەندازەیەکیش خوێندبیانەوە ئەوا دیارە هارێ لەبڕی ئەو کتێبانەیان نەکردۆتەوە.

هەروەکو ئەوفەریکە مەلا خۆپێ زانای هیچ نەزانەی کەدەمێکە شالاوی دەم شڕی خۆی ڕووەو شێخ دەست پێکردووە و(جوێن نامەکەی) کە گوایە دیارییە بۆگەنجی نەونەمام وەك خوانێك بەدەستییەوە کردووەو بۆ شاباش وئافەرین نامەی دوژمنانی سەر سەختی ئیسلام ولەپێناوی پیادەکردنی ڕاز و مەرامی گلاویان گۆشتی زانایانی ڕەسەنی ئیسلام وبەتایبەتیش زانای لێهاتوو ئیمام (الالبانی) بۆبەر ددانی گرووی بەرکێ گیراوانی جوولەکە ڕائەکێشێ و دەمی جوێن فرۆشی خۆی تێدا چەقاندووە وبەبێ باکی وبەپیتا پەیتا لێی دەخوات.

ئەی بێ ئاگا لەو فەرمایشەی خوای گەورە کەلە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرمووێ: **(من عادى لي ولياً فقد آذنته بالحرب)**[1]. جاچاك بزانن (ولی)کێیە (الخطيب البغدادي) لەدوو پێشەوای بەرێز (ابي حنيفة) و (الشافعي) بۆمان ئەگێڕێتەوە کە ووتویانە **(ان لم يكن الفقهاء اولياء الله فليس لله ولی)**[2]. واتە: ئەگەر زاناو فوقەهاکان وەلیو خۆشەویستی خوا نەبن ئەوا خوا هیچ وەلی تری نین. هەروەها (ابن عباس) ڕەزای خوایان لێبێ دەلێت: (من

---

[1] رواه البخاري ((فتح)) (١١/٢٩٢/٢٩٧) عن ابي هريرة رضي الله عنه.

[2] ((المقاصد الحسنة)) للسخاوي (١٣٢)، و ((مختصر المقاصد)) للزرقاني (٢٤٢/ص ٧٦)، و ((كشف الخفاء)) للعجلوني (١/٦٨٤/ص٢٢٣)، و ((تميز الطيب)) (٤٧)، و ((الأسرار المرفوعة)) لعلي القاريء (١٣٦)، و ((البداية و النهاية)) لإبن كثير (١٣/١٠٠).

اذى فقيها فقد اذى رسول الله (ﷺ)، ومن اذى رسول الله (ﷺ) فقد اذى الله عز وجل)[١].

واتە: هەرکەسێ زانایەك ئازار بدات ئەوا پێغەمبەری خوای (ﷺ) ئازار داوە. وەئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئازار بدات ئەوا خوای بەرزو مەزنی ئازار داوە.

جا بابای تاوانبار باشەو تاوانە گەورەیە وەك خۆی سەیربکات، چونکە ئەگەر تاوانە گەورەکان بەگەورە نەگیرێن ئەوا تاوانی گەورەتری بەدوا دادێت وئەو ووتە دزێ وتانە وتەشەرە بێباکانەی بابای نەفامیش لەلای خوای کاربزان زۆر گەورەیە کەبەهۆیەوە تاوانەکەی سەر بکێشێ بۆئازارو نارەحەتی نێو ئاگری دۆزەخ خوا پەنامان بدات.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (**ان العبد ليتكلم بالكلمة من سخط الله تعالى لا يلقى لها بالا يهوى بها في النار جهنم** ....)[٢] واتە بەندەی وا هەیە کەوشەیەکی نارەزایی خوا بەدەمیدا دێت و خۆیشی هیچ نرخێکی بۆ دانانێ، کە چی بەهۆیەوە ئەکەوێتە ژێرەوەی ئاگری دۆزەخ. ! !

شاعیریش دەڵێت :

الصمت زين والسكوت شجاعة

فاذا نطقت فلاتكن مكثارا

فاذا ندمت على سكوتك مرة

فلتندمن على الكلام مرارا

– لە کتێبەکەیدا لەژێر باسی {دژایەتی (الالبانی) لەگەل ئیمامی حەنەفی ل ٩ } دەڵێت :

بەلام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە پێشەوایەکی (خەوارج)ی ئەم سەردەمە بۆ خزمەتی (کفر) لەپلەی ئەم ئیمامە بەرێزە کەم ئەکاتەوە،هەوڵ ئەدا گومان بخاتە ناودڵی

---

[١] ((لحوم العلماء مسمومة)) (ص ٢٠)

[٢] رواه البخاري ((الفتح)) (٢٦٧/٢٦٦/١١) عن ابي هريرة رضي الله عنه.

لاوەکانی ئیسلام بۆ تێکدانی ڕیزی موسڵمانان بفەرموو بەچاوی خۆت ببینە ئەلبانی بەرامبەر ئیمامی حەنەفی چی دەڵێ؟:

لەباسی (نزول عیسی) علیه السلام دەڵێ: (هذا صریح في ان عیسی (علیه السلام) یحکم بشرعنا ویقضي بالکتاب والسنة لابغیرهما من الانجیل او الفقه الحنفي ونحوه). واتە: (ئەم حەدیسە ئاشکرایە لەوەدا کە (عیسی) علیه السلام حوکم بەشەرعی ئێمە ئەکاو بڕیار بە قورئان وحەدیس دەرئەکا. جگە لەم دووانە بەشتێکی تر ڕەفتار ناکا وەکو (انجیل)و، مەزهەبی (حەنەفی) ومەزهەبەکانی تری وەك مەزهەبی حەنەفی..)[1].

پاشان دەڵێ: (ئایا هیچ موسڵمانێکی لەخواترس باوەڕ دەکا کەمەزهەبی حەنەفی وەکو (انجیل) دژ بەئیسلام بێ. واتە ئەم گوتەیە بەئاشکرا لێی دەفامیتەوە کە شوێنکەوتەکانی ئیمامی حەنەفی وەکو گاورەکانی شوێنکەوتەی (انجیل) گومڕابن... تاکۆتایی کاوێژکردنەکە.

- **لەوەڵامدا:**

دەڵێم:

١-ئەم تەم ومژ پڕو پاگەندە نەزۆکەکاتی دروست بوو کە شێخ (ناصر الدین الالبانی) خوا بیپارێزێ دەربارەی فەرموودەی (دابەزینی عیسی (علیه السلام) وشکاندنی خاچ وکوشتنی بەراز) ڕوون کردنەوەیەکی پوخت ونایابی نووسی کەئەم فەرموودەیەش لە (مختصر صحیح مسلم)ی ئیمام (المنذری) فەرموودەی ژمارە (٢٠٦٠) ولاپەڕە (٥٤٨) ژێدەری ژمارە (٤) داهاتووە ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

(عن ابي هريرة رضي الله عنه . ان رسول الله (ﷺ) قال: كيف أنتم اذا نزل فيكم ابن مريم فامكم منكم)؟ فقلت لابن أبي ذئب ان الاوزاعي قال حدثنا عن الزهري عن نافع عن أبي هريرة ((وامامكم منكم)) قال: ابن ابي ذئب: أ

---

[1] ئەمە واتای ووتەکەی شێخی ئەلبانییە.

تدري ما ((أمَّكُمْ منكم)) ؟ قلت:تخبرني قال: فأمكم بكتاب ربكم تبارك وتعالى وسنة نبيكم (ﷺ))[1].

- واتای فەرموودەکە.

ئیوه حالّتان چۆنه کاتیك (عیسـی)ی کوری مەریـەم لـەناوتان دادەبـەزیّ ئەوکاتـه ئیمـام و پیشرەویتان له خۆتانه واته: له هۆزو میللەتی ئیسلام دەبیّت (هەروەکو هـەندیّ دەلّیـن لـه هۆزی قورەیشه که مهدی)یە.

واته:ئیمامەکەتان یەکیکه جگه له عیسـی (علیـه السـلام) وەك جیّنیشـن وایـه. هـەندیّکیتر دەلّیّن: ئەمه بەلّگەیە لەسەر ئەوەی که عیسی (علیه السلام) ئەوکاته لـەهۆزی محمـد(ﷺ) نابیّت بەلّکو پشتگیری ئوممەت وهۆزەکەی ئەکات[2]. یەکیّ له راویەکانی ئـەم فەرموودەیـه (ابن أبي ذئب)ه به (وليد بن مسلم) ئەلّیّ: ئـەزانی (امکـم منکـم) یـانی چـی؟ ئـەویش ئـەلّیّ ووتم هەوالّم پیبدە، ئەویش ووتـی: واتـه: پیشـڕەویتان ئـەکات بـه کتیبـی خـوا و سـووننەتی پیغەمبەرەکەتان (ﷺ).

هەروەها لەکتیبی (الشرح السنة)ی ئیمامی (البغوی)یشـدا هاتووەکـە: (معمـر) لـه (الزهـری) ئـەویش لـه (ابـن ابـی ذئـب)ەوە دەگیرێتـەوە کەدەربارەی (امکـم منکـم) دەلّیـت: واتـه: پیشرەویتان دەکات بەکتیبی خواو سوننەتی پیغەمبەرەکەتان (ﷺ)[3].

* مەبەستی فەرموودەکە:

---

[1] سەیری ((صحیح مسلم بشرح النووی)) (١٥٥،٢٤٦/ص١٣٧) بکە. هیچ روون کردنەوەیەکی نەنووسیووە.

[2] سەیری ((مرقاة المصابيح شرح مشكاة المصابيح)) (٥/ص٢٢٢) علي القاريء بکە. یانی: پیشرەو و ئیماتی‌یان ناکات له نوێژدا، بەلّکو پیشرەوی‌یان ئەکات له جیّ بەجیّکردنی فەرمانەکانی خوا و پیغەمبەرەکەی (ﷺ).

[3] ((شرح السنة)) للبغوي: (٨/ رقم ١ الحديث/٤٢٧٧/ص٣٥٢)

کاتێ عیسی (علیه السلام) دادەبەزێ تەنها حوکم بەئیسلام دەکات واتە: بە (قورئان وسوننەت) حوکم بەئایینی گاورێتیو مەزهەبە فیقهی‌یە ئیسلامی‌کانیش ناکات. کەئێستا لەئارادایەو بەجیهاندا بلاو بۆتەوە کەبەم هۆیەوە سوننەتی پاکی پێغەمبەرمان (ﷺ) لەلای خەڵکی سڕایەتەوە وپەرژینێکی ئەستوری لەبەردەم ئەهلەکەی دروست کردووە. کەمەزهەب بەلایانەوە بۆتە تاکە پاڵپشتێك وبیاری سوننەتیان لەلای موسڵمانان نەهێشتووە.
فەرموودەکە ئاگاداری خاوەن دەمارگیرە مەزهەبی‌یەکان دەگەیەنێ تاوەکو دڵخۆش نەبن بەوەکە گوایە کاتی عیسی (علیه السلام) دادەبەزێ کار بەمەزهەبێك لەچوار مەزهەبەکان ئەکات.
بەڵکو لەڕاستی‌دا حوکم بەئایینی ئیسلام ئەکات وئەوکاتە حوکمڕانی تەنها بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی نەك بۆیەکێ لەمرۆڤەکان.
ئەمە چەمك و واتای فەرموودەی دابەزینی عیسی‌یە (علیه الصلاة والسلام) نەوەك بەم شێوەیە کەهەندێ لەخاوەن مەزهەبێکی دیاری کراو وای بۆ دەچن و بە هۆی ئەم دەمار گیری‌یە سوننەتی پیرۆزیان فەرامۆش کردووە.
ئینجا ئەوە بوو بەم هۆیەوە بەرپەرچی (ردی)ی شێخ بۆ خاوەنی ئەم بیروڕاو بۆ چوونە هەڵەیە سەرری هەڵدا، چونکە بەتایبەتی حەنەفی‌یەکان وا گومان دەبەن گوایە کە عیسی (علیه السلام) دا ئەبەزێ حوکم بە مەزهەبی حەنەفی ئەکات.[1] نەك بەسوننەتی پێشەوای مرۆڤایەتی (محمد) (ﷺ)، هەروەکو لە فەرموودە کە زانراوە.
مامۆستا (زهیر الشاویش) خاوەنی (المکتب الاسلامي) دەڵێت:[2]
(کە شێخ بەدەستەواژەیەکی پوخت لەمەڕ فەرموودەکە دەدوێ و ڕوونی دەکاتەوە، ڕابینی ئەوەی کەردووە کە ئەو ڕوون کردنەوە پوخت و کورتە کیفایەتە بۆ بەپەرچ دانەوەی (ئەوانەی کە لە فەرموودەکە تێ نەگەیشتوون)، بەلام دەمارگیرەکان بەشێوەیەکی نابەجێ

---

[1] حاشیة ابن عابدین (۱/۳۹).
[2] سەیری پێشەکی «مختصر صحیح مسلم» چاپی دووەم ساڵی ۱۳۹۲ھ بکە.

ئەمەیان بۆ خۆیان قۆستەوە، لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکی شێخ لەنووسینی ئەم دێرە تەنها بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەیە کە قسەودەمارگیریتی بۆ پێشەواو مەزهەبەکانیان هەڵگرتووە.

بەرپەرچی وتەیەکی سەرلێشواوەکانە کەوا گومان دەبەن کە پێغەمبەری خوا عیسی (علیە السلام) دەگەڕێتەوە دەبێتە لایەنگیربۆ ئەوەی کە ئەوان بڕوایان پێی هەیەو (لە سەرینە) لە (کافربوون بەخوا وعیسی و دایکی بەتول).!!

هەروەها بەرپەرچ دانەوەیەکیشە بۆ ئەو فەتوواو ووتارانەی کەواگومان دەبەن کەپێغەمبەری خوا عیسی (علیە السلام) کەدادەبەزێتەوە سەر زەوی ئەوکاتە تەنها حوکم بەمەزهەبی حەنەفی‌یەکان ئەکات!! لەم ووتەشیان دا پشتیان بەستووە بە چیرۆکێکی فریۆك ودزێو کە لەلایەن یەکێکی بێ سەروشوێن گێردراوەتەوە کە دەڵێن:

(ئەو ووتانەی کە لە مەزهەبی (ابي حنیفة)دا ماونەتەوە پارێزراون لەناوسندوقێك لە ناو ڕووباری (جیحون) کە پڕیەتی لەوزانیاریانەی کە ئیمام ئەبی حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێ (خضر)ی فێر کردوە!!

هەروەکو دەڵێن: (خضر) (علیە السلام) ئەحکامی شەرعی لە ئیمام ئەبی حەنیفە فێر بووە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵان لە خزمەتی دا ئەبێت. کاتێ کە ئیمام ئەبی حەنیفە وەفات ئەکات ئینجا ئیزن لەخوا وەرئەگرێت تاوەکو ڕێگای پێبدات لەمەودوا ئەم زانیاریانە لەگۆڕەکەی فێرببێ، بۆماوەی بیست و پێنج ساڵی‌تر بەردەوام دەبێت لەسەر وەرگرتنی زانیاری لە گۆڕەکەی ئینجا بەتەواوی فێر ئەبێت، پاشان خوای گەورە فەرمانی پێ دەکات کە بچێت بۆ شارێك کە لەدیوی ڕووبارێکەوەیە لەوێدا ئەم زانستەی کە لەئەبی حەنیفە فێر بووە فێری گەنجێك بکات کەناوی (ابو القاسم القشیري)یە، وەك پاداشتێك بۆ ئەو گەنجە چونکە لەگەڵ دایکی زۆر باش بووەو ڕەفتاری چاکی نواندووە، ئینجا (ابو القاسم) بۆماوەی سێ ساڵان ئەم زانیاریانە فێر ئەبێت و ئاستێکی چاك بەدەست دێنێ لەزانستەکەیدا، هەزار کتێب دائەنێت و دەبێتە خاوەنی پایەوڕێز لەلای خەڵکی! پاشان

ئەم زانیاریەی دەخاتە ناو سندووقێکەوەو ئەیدات بەناودارترین قوتابیەکانیو فەرمانی پێ ئەکات کەبیخاتە ناو ڕووباری (جیحون)، قوتابییەکە ویستی نەیخاتە ناو ئاوەکە، بەلام مامۆستاکە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت بیخاتە ناوییەوە، کاتێ فڕێیدا ڕووبارەکە شەق بوو دەستێك لەناو ئاوەکە دەرچوو سندووقەکەی گرتەوە! قوتابییەکەش لەوکارەی پرسیاری کرد، دەسەتەکەش وەلامی دایەوەو ووتی: من نێرروام بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی شێخ بپارێزم!! قوتابیەکەش دەربارەی ئەم نهێنییە لەمامۆستاکەی پرسی، ئەویش پێی ڕاگەیاند کە (بەر لە دابەزینی عیسی سەلامی خوای لەسەر بێ قورئان لادەچێو زانیاری نامێنێ و بەرزدەبێتەوە کاتێکیش کە عیسی دادەبەزێت ئینجیل لەتەنیشت خۆی دائەنێت و کار بەو زانیاریانە ئەکات) کە، بەهەموو دونیا دەگەڕێت شتێك نادۆزێتەوە! ئینجا عیسی سەرسام و حەیران ئەبێت و داوا لەخوای گەورە ئەکات چیبکەم؟ خوای گەورەش فەرمانی پێدەکات تا بچێت بۆلای ڕووباری (جیحون)و دوو ڕەکات نوێژ بکات و بانگ بکات - پارێزەری سندووقەکەی ئەبو قاسم- ئەویش ئەوفەرمانە جێبەجێ ئەکات دەست بەجێ دەستێك دەرئەچێت و سندووقەکەی لەدەست دایە ئەویش لێی وەرئەگرێت و ئەیکاتەوە دەبینێ (خەتمی) (ابو القاسم)ی پێوەیە ئینجا عیسی (علیه السلام) کار بەو کتێبە ئەکات و شەرعی پێ زیندوو ئەکاتەوە! واتە ئەو کتێبەی کەپڕیەتیلەوزانیاریانەی کە (أبي حنيفة) جێی هێشتووە بۆ (خضر)..![1]

---

[1] ئەم چیرۆکە لەلای زۆربەی حەنەفییەکان بەر بلاوە تەنانەت لەلای زانا ناودارەکانیشان کەزۆر گرنگییان پێ داوەو هەردەم فەخریان کردووە بەباسکردنی. یەکێ لەوانەی کە ئەم چیرۆکەیان باس کردووە (الامام الحصكفي)یە ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کەناوی تەواوی (العلامە محمد علی الحصكفي)یە یەکێکە لە گەورە پیاوانی مەزهەبی ئیمام ئەبی حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێ، خاوەنی چەندین دانراوە کەلەبارەی (أصول)و (فقه)و (تصوف)ن کەلەبنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی (حصن كيفا)یە لەسەر ڕووباری (دیجلة)کە لە پێشەکی کتێبە ناودارەکەی (الدر المختار)دا ئەم چیرۆکەی هێناوەتەوەکە (حاشية)ی (ابن عابدين)ی لەسەر دانراوە، لەڕاستیدا ئەم کتێبە بەگەورەترین کتێبەکانی (احناف) دەژمێر درێ لەسەدەکانی دواین، بەڵکو گرینگترین سەرچاوەی فیقهی ئیسلامیشە بەگشتی.! هەروەها ←

کە شێخ بەیەك دێری ڕێك و پێك و پوخت، بەرپەرچی ئەو بۆ چوون و چیڕۆکە بێ سەرو بەرەی داوەتەوە کە دەڵێت: (وهذا صريح في ان عيسى عليه السلام يحكم بشرعنا، ويقظي بالكتاب والسنة لابغير هما من الانجيل او الفقه الحنفي ونحوه) ئەویش تەنها ئەهلی زانست و زانایان دەتوانن لە چەمك و واتاو مەبەستەکەی تێبگەن..)

ئەوەکو فەریکە مەلای خۆیێ زانای هیچ نەزان.

٢- هەروەها سەربارەت بەئەو گۆتەیەی کەدڵێتن: (الالباني) لەپلەی ئیمامی (ابي حنيفة) کەم ئەکاتەوەو لەریزی گاورو خاچ پەرستەکان دایناوە..

دەڵێم: ئەو گۆتەشیان دیسان بێ ئاگاییان لە (قورئان و سوننەت) ئەگەیەنێ، چونکە کاتێ کە خوای گەورە باسی (قورئان) ئەکات لەریزی (توراة)و (إنجيل) بێ ریزی نیە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە ریزی قورئانی پیرۆزیش کەم نانبێتەوە ئەگەر هاتوو تەورات و ئینجیلی دەستکاری کراوو دژ بەئیسلامیش بێ..!

لەوزانایانەیش کە زۆر بەتووندی بەرپەرچی ئەم چیرۆکەی داوەتەوە فەقیهی ناوداری کورد (الشیخ محمد عبدالرسول البرزنجي الحسيني الشافعي)یە کە لەدایك بووی (شارە زوورە) لەناوچەی بەرزنجە لەساڵی ١٠٤٠ك و مامۆستایەك بووە لە (مسجد النبوي) ، (الحافظ الذهبي) لەبارەی ژیان نامەکەی دواوە کەلە کتێبەکەی «الاشاعة لاشراط الساعة» (ص٢٢١، ٢٢٢) دەڵێت: (...کاتێ من بەرپەرچم دانەوەو نکولیم لە ڕاستی ئەم چیرۆکە کرد کە ئەوان ئەمایان پێ گەیشت هەڵسان بەتاوان بارکردنم بەرامبەر بە ئیمام (ابی حنیفە) کە گوایە من لە پایەو ڕێزیم کەم کردۆتەوە! بەڵام ئەگەر ئیمام ئەبو حەنیفە گوێ بیستیان بوایە ئەوا فەتوای ئەدا بە تەمێ کردنیان یان کافر کردنی ئەوانەی کە ئەم ووتانەیان بڵاوکردۆتەوە..)

هەروەها (الشیخ علي القاريء) لەکتێبەکەی «المشرب الوردي في مذهب المهدي» باسی ئەم چیرۆکەی کردووەو دەڵێت: (ئەم کتێبەی کەئەم چیرۆکەی تێدا باس کراوە ناوی (انیس الجالیس)ە پاشان لەڕووی (نقل و عقل)ەوە بەرپەرچی داوەتەوەو پوچەڵیەکەی ڕوون کردۆتەوە، بەهەمان شێوە (العلامة محمد الصديق حسن خان)یش لە کتێبی «الاذاعة لماكان ومايكون بين يدي الساعة» ص١٦٢، ١٦٣، ئەم چیرۆکەی هێناوەتەوەو زۆر بەتوندیش بەرپەرچی داونەتەوە.

بۆیە باس کردنی مەزهەبی حەنەفی لەگەڵ (انجیل) بەهەمان شێوە بێ ڕیزی نییە بۆ ئیمام (ابي حنيفة)! هەروەها ئەگەر سەرێك دابگرین بەفەرموودە پیرۆزەکان ئەوا زۆر فەرموودەمان بەر چاو ئەکەوێ کە کۆمەڵە شتێکی جیا لەڕەگەزو ڕێزدا ریا بێ ڕێزو خۆش ویسراو یابێزراو مرۆڤ یا ئاژەڵ لەڕیزی یەکتری باس کردووە، ئەمەیش واناگەیەنێ کە ئەوانە گشتیان هەمان پایە و ڕێزیان هەبێ لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ نموونە لەم فەرموودەیەدا کە (أبي هريرة) ڕەزای خوای لێ بێ لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (**يقطع الصلاة المرأة والحمار والكلب..**)[1] واتە: ئافرەت و گوێ درێژو سەگ نوێژ دەپچڕێنن بە تێپەڕبوونیان بەبەردەمی نوێژکەر..

ئایا؟ دەشێت بڵێین پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا ئافەرتی لەڕیزی گوێ درێژو سەگ داناوە؟؟ یان بە گوێ درێژو سەگی شوبهاندوون و لە پایەو ڕێزی کەم کردونەتەوە؟ بێگومان نەخێر.

چونکە مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەیە کە هەریەك لەم سێ شتە ئافرەت (واتە ئافرەتی بالغ)، یان گوێ درێژ، یان سەگی ڕەش هەروەکو لەریوایەتی تر هاتووە[2] کارێك ئەنجام بدات (وەك ئەوەی کە بەبەردەمی نوێژ کەرێکدا تێپەڕ بێت) ئەوا بەو هۆیەوە نوێژەکەی تەواو نابێت ودەپچڕێت[3].

---

[1] رواه مسلم (١/٥١١/٣٦٥) بترقيم محمد فؤاد عبدالباقي، و ابو داود (٢/٦٨٨/٣٩٤)، والترمذي (١/٣٣٧/٢١٢)، والنسائي (٢/٦٣).

[2] رواه مسلم أيضاً (١/٥١٠/٣٦٥) عن ابي ذر قال عبدالله بن الصامت: قلت يا ابا ذر ما بال الكلب الاسود من الكلب الاحمر من أصفر؟ قال: يا ابن أخي سألت رسول الله ﷺ كما سألتني فقال: (الكلب الاسود الشيطانٌ) وهو مخرج في «صحيح الجامع الصغير» (٧١٩).

[3] بههەمان شێوە ئەم هەڵە ڕاڤە کردنەیان بۆ ووتەکەی شێخ ناصر بێ ئاگایییان لە ڕووی زمانەوانیی و ڕێزمانی (نحو) دەگەیەنێ. چونکە ئەو دەستە واژەیەی کە شێخ نووسیێ دەربارەی فەرموودەکە کە دەڵێت (الانجيل او والفقه الحنفي). (او) هەرگیز بەمانای (التسوية-یەکسانی) نەهاتووە لەنێوان دوو ووشەی (معطوف)و (معطوف عليه)، هەروەکو (العلامة ابن هشام) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی پیتی (او) =

شێخی فەرموودەناسیش لەم دەستەواژە پەختەیەدا مەبەستی ئەوەنییە کە نەفامان بۆی چووینە بەڵکو بۆیە لە ریزی یەکتری باسی کردوونە چونکە چیرۆکەکەی حەنەفیەکان پەیوەندیی هەیە لەگەڵ باسی دابەزینی عیسی سەلامی خوای لەسەر بێت و، شکاندنی خاچ و کوشتنی بەراز، هەروەکو لە فەرموودە کەدا زانراوە.

● دووەمیان: ئیمام (ابو عبدالله مالك بن أنس الاصبحـي)ە رەحمەتی خوای لێ بێ، کەلە دایك بووی شاری (مدینة)یە (٩٣-١٧٩)ك، پێشەوا (مالك)یش دەڵێت:

١- إنما انا بشرٌ أخطيء وأصيب، فانظروا في رأيي فكل ما وافق الكتاب والسنة فخذه، وكل ما لم يوافق الكتاب والسنة فاتركوه [1].

((مـن مرۆڤـم هەڵەو راسیتم لێوە روودەدات جا تەماشای راو بۆچونەکانم بکەن، ئەگەر لەگەڵ (قورئان و سونەت) تێکی کردەوەو گونجا ئەوا وەری بگرن، وە ئەوەی لەگەڵیدا نەگونجا ئەوا وازی لێبێنن و وەری مەگرن))

٢- ليس أحد بعد النبي (ﷺ) إلاَّ ويُؤخذ من قوله ويُترك إلاَّ النبي (ﷺ) [2].

((هیچ کەسێك نییە لەدوای پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیزیان هەیە لە ووتەکانی وەردەگیرێت ویان وەرناگیرێت، واتە وازی لێدەهێنرێت، تەنها پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبێ))

دوانزە واتای بۆ هێناوەتەوە کە لەلایەن شارەزایانی (نحو) باسکراون و راناوان بەکاریان هێناوە، کەبە هیچ شێوەیەك لەم دوانزە مانایە بە (التسويه) نەهاتوون بەڵکو روونی کردۆتەوە کە بەزۆری بەکاردێت بۆ (التخيير، والاباحة، والشك) بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم رووەوە سەیری ((مغنـي اللبيـب)) (١/٥٩، ٦٥)، و ((شرح ابن عقيل)) (١٨١/٢و١٨٢)، ((وجامع الدروس العربية))ی الغلاييني (٢٤٢/٣و ٢٤٨)بکە.

[1] ابـن عبدالبرفي ((الجـامع)) (٣٢/٢)، وعنـه ابـن حـزم في ((اصـول الاحكـام)) (١٤٩/٦) وكـذا الفلانـي في ((الايقاظ)) ص٧٢

[2] ابن عبدالهادي في (إرشاد السالك) (٢٢٧/١)، وابـن عبدالـبرفي ((الجـامع)) (٩١/٢)، وابـن حـزم في (اصـول الاحكام) (١٤٥/٦و ١٧٩).

(تقي الدين السبكي) له «الفتاوى»[1] گێراویەتیەوە لە وتەكانی (ابن عباس) ڕەزای خوای لێبێ، پاشان دەڵێت: ئەم گوتەیە (مجاهد) لە (ابن عباس)ی وەرگرتووە (مالك)یش لە مجاهدی وەرگرتوە، ئینجا لەسەر زاری ئەویلاوبۆتەوە.

(**شێخ**) **دەڵێت:** پاشان ئیمام (احمد)یش لەوانی وەرگرتوە هەروەكو ابو داود لە (مسائل الامام احمد)[2]، دەڵێت: گوێم لە ئەحمەد بوو دەیووت (ليس لحد إلاّ يؤخذ من رأيه ويترك ما خلا النبي (ﷺ).

٣-(ابن وهب) دەڵێت گوێم لە مالك بوو كاتێ پرسیاری لێ كرا دەربارەی (تخليل اصابع الرجلين) واتە: ڕاژەنینی پەنجەكانی هەردوو پێ لەكاتی دەست نوێژگرتن دا، ووتی: ئەمە پێویست نیيە لەسە رخەڵكی! دەڵێت: وازم لێ هێنا تاكاتێ لەخەڵكی بەدور كەوتين ئینجا پێم گووت لەلای ئێمە ئەوە سوننەتە، ووتیئەمە چیيە؟! (واتە: بەڵگەكەم پێ بڵێ) منیش ووتم حدثنا الليث بن سعد وابن لهيعة وعمر بن الحارث عن يزيد بن عمر المعافري عن ابي عبدالرحمن الحبلي عن المستورد بن شداد القرشي قال: رأيت رسول الله (ﷺ) يدلك بخنصره مابين أصابيع رجليه) واتە: بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) (لەدەست نوێژ گرتندا) پەنجەی هەردوو پێیەكانی رادەژەنییەوەو دەستی دەخستە نێوانیان و لە پەنجەی بچووكەوە دەستی پێ دەكرد ئینجا ووتی: فەرموودەیەكە (حەسەنە) جگە لەوكاتەگوێم لەوفەرموودەيە نەبووە! دەڵێت: پاشان دوای ئەوە گوێم لێ بوو لەم بارەوەو پرسیاری ئاراستە كرا ئەویش فەرمانی دا بەڕاژەنینی پەنجەكان (تخليل الاصابع)[3]!

سێیەمیان: ئیمام (ابو عبدالله محمد بن إدريس الشافعي)ە ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لەدایك بووی شاری (غزة)ی سەر بەووڵاتی شامە (١٥٠-٢٠٤)ك.

ئەم ووتانەی كە لەپێشەوا شافعی گێردرابێتەوە زۆرن لەوانە:

---

[1] (١٤٨/١)

[2] (١٧٦)

[3] مقدمة «الجرح والتعديل» لابن أبي حاتم (ص٣١، ٣٢)

١- ما من لحد إلاّ وتذهب عليه سنةٌ لرسول الله (ﷺ) وتعزب عنه فمهما قلت من قـول او أصلتُ من أصلٍ، فيه عن رسول الله (ﷺ) خلاف ما قلت، فـالقول قـال رسـول الله (ﷺ) وهو قولي ! [1]

((كەس نىيە هەرگيز سوننەتێكى پێغەمبـەرى خـوا (ﷺ) لەدەست دەرنـەچێت ولىّى دوور نەكەوێتـەوە بۆيـە مـن هـەرگيز چيـم ووت يـان بنچينەيـەكم دانـا، ئەگـەر بـە پێچەوانـەى فـەرموودەى پێغەمبـەربوو (ﷺ) ئەوكاتـە ئـەو وتەيـە ئەوەيـە كـە پێغەمبـەرى خـوا (ﷺ) فەرموويەتى ئەويش ووتەى منە..)) !

٢- إذا صح الحديث فهو مذهبي [2]

((ئەگەر فەرموودەى صحيح هەبوو ئەوا راڕەو و مەزهەبى منە)) !

٣- اجمع المسلمون على ان من إستبان له سنة عن رسول الله (ﷺ) لم يحـل لـه أن يدعـها لقول احد. [3].

((مسولّمانان كۆڕان لەسەر ئەوەى كە ئەگەر يەكێك سوننەتێكى پێغەمبەرى خـوا (ﷺ)ى بـۆ دەركەوت و بە لايەوە ڕوون بىّ، ناشىّ وازى لىّ بێنێت بۆ قسەى كەسێك))

٤- اذا وجدتم في كتابي خلاف سنة رسـول الله (ﷺ) فقولـوا بسـنة رسـول الله (ﷺ) ودعـوا ماقلت. ! [4]

---

[1] رواه الحاكم بسنده المتصل الى الشافعي: كما في ((تاريخ دمشق)) لابن عساكر (٣/١/١٥)و ((اعلام الموقعين)) لابن القيم (٢/٣٦٣/٣٦٤)، و ((الايقاظ)) للفلاني (ص٩٩).

[2] النووي في ((المجموع)) (٦٣/١)، والشعراني في ((الميزان)) (٥٧/١) وعزاه للحاكم والبيهقي والفلاني في. ((الايقاظ)) (ص١٠٧) وانظر(تحفة الانام) (ص٣٤) للسندي.

[3] ((اعلام الموقعين)) لابن القيم (٣٦١/٢) و ((إيقاظ)) للفلاني (ص٦٨، ١١٤)و ((تحفة الانام في العمل بحديث النبي –عليه السلام)) (ص ٤٠) للسندي.

[4] الهروي في ((ذم الكلام)) (١/٤٧/٣)، والخطيب في ((الاحتجاج بالشافعي)) (٢/٨)، وابن عساكر (١٠/٩/١٥)، والنووي في ((المجموع)) (٦٣/١) وابن القيم في ((الاعلام)) (٦٣/٢)، والفلانى في ((الايقاظ)) (ص١٠٠).

((ئەگەر لە کتێبی مندا شتێکی پێچەوانە لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تان بەدی کرد ئەوا بەقسەی پێغەمبەر بکەن (ﷺ) واز لە قسەی من بێنن))

٥- انتم اعلم بالحديث والرجال مني فاذا كان الحديث الصحيح فأعلموني به أيَ شيءٍ يكون، كوفياً او بصرياً او شامياً، حتى أذهبَ إليه إذا كان صحيحاً. ! [١]

((ئێوە لە من زاناترن بە فەرمودەو پیاوانی نێو پالپشتی فەرموودەکان، ئەگەر فەرموودەیەك (صحیح) بوو، ئەوا پێم رابگەیەنن، جا هەرچۆنێك بێت کوفی یان بەصری یان شامی بێت تاوەرییبگرم ئەگەر (صحیح) بێ !)) ئەم وتەیەی ئاراستەی ئیمام احمد بن حنبل دەکات رەحمەتی خوای لێ بێ

٦- كل مسألة صح فيها الخبر عن رسول الله (ﷺ) عند اهل النقل بخلاف ما قلت فأنا راجعٌ عنها في حياتي وبعد مماتي. ! [٢]

((هەر (مسألە)یەك هەوالێکی (صحیح)ی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی لەسەر بوو لەلای ئەهلی (نقل)بە پێچەوانەی قسەکەی هەبوو، ئەوا من لە قسەکەی خۆم پاشگەز دەبمەوە لەژیانم و دوای مردنیشم)) ! !

٧- -اذا رايتموني أقول قولاً وقد صح عند النبي (ﷺ) خلافه، فأعلموا ان عقلي قد ذهب. ! [٣].

---

[١] رواه الخطيب في ((الاحتجاج بالشافعي)) (١/٨)،وعنه ابن عساكر (١/٩/١٥)، وابن عبدالبرفي ((الانتقاء)) (ص٧٥)،وابن الجوزي في ((المناقب الامام احمد)) (ص٤٩٩)، والهروي (٢/٤٧/٢) من ثلاثة الطرق عن عبدالله ابن احمد بن حنبل عن ابيه ان الشافعي قال له، فهو صحيح عنه، ولذلك جزم بنسبته إليه ابن القيم في ((الاعلام)) (٢/٣٢٥) والفلاني في ((الايقاظ)) (ص١٥٢) ثم قال: البيهقي: ولهذا كثر اخذه -يعني الشافعي- بالحديث وهو انه جمع علم اهل الحجاز والشام واليمن والعراق). !

[٢] الهروي (١/٤٧) وابن القيم في ((اعلام الموقعين)) (٣/٣٦٣) والفلاني في ((إيقاظ الهمم)) (ص١٠٤).

[٣] رواه ابو القاسم السمرقندي في ((الأمالي)) كما في ((المنتقى منها لابي حفص المؤدب)) (١/٢٣٤)، وابن عساكر (١/١٠/١٥) وغيره.

((ئەگەر بينيتان قسەيەكم كردو فەرموودەيەكى (صحيح) بە پێچەوانەى قسەكەم هەبوو ئەوا بزانن عەقلْ و ژيريم نەماوە))!

٨-كل ما قلت، فكان عن النبي (ﷺ) خلاف قولي مما يصح، فحديث النبي(ﷺ) أولى، فلا تقلدوني.!(١).

---

(١) ابن عساكر (٢،٩،١٥) راجع مناقب الشافعي (٤٧٣/١) و ((آداب الشافعي)) لابن ابي حاتم الرازى (ص٦٧، ٦٨، ٩٣) و ((حلية الأولياء)) لأبي نعيم (١٠٦/٩، ١٠٧) و ((الاعلام الموقعين)) لابن القيم (٢٨٥،٣) و((مختصر المؤمل)) لابي شامة (ص٥٨)و ((ارشاد النقاد)) (ص ١٤٢) و((الاقاظ)) للفلانى (٥١، ١٠٤)، و((تحفة الانام)) للعلامة محمد الحياة ابراهيم السندي (ص ٣٤).

- بۆيە ئيمامى (نووى) لە مجموع ((شرح المهذب - للشيرازى)) (١٠٢/٣) دەڵێت: (كۆمەڵێك لە هاوەڵە پێشينەكانمان ئەگەر قسەيەكيان بيستبا و بينيبا يان فەرموودەى لەسەر بێ وقسەى مەزهەبەكان پێچەوانەى فەرموودەكە بوايە، ئەوا كاريان بە فەرموودەكە ئەكرد ..)

منيش دەڵێم: بە پێچەوانەى مەزهەبيەكانى ئەمڕۆ و هەندێ لە (موقلد)ينى پێشين كە لە دواى بە دەست هێنانى بەڵگەى زيندوو ئاشكرا لە سوننەتى پێشەوا (ﷺ)يش ئەوا واز لە لە ڕاو بۆ چوونى ئيمامەكانيان نەهێناوە.!

بۆ وێنە دەربارەى ئەم فەرموودەيە (عن عائشة (رضى الله عنها) عن النبي (ﷺ) انه قَبَّل بعض نسائه ثم خرج الى الصلاة ولم يتوضا ...) واتە: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) چەند خێزانێكى خۆى ماچ كرد پاشان بەرێ كەوت بۆ نوێژ و دەستنوێژيشى نەگرتەوە.

ئەم فەرموودەيە لەلايەن ابو داود (١٢٤/١، ١٢٥ رقم الحيث ١٧٩، ١٨٠) والترمذي (١٣٣/١ - ١٣٩) رقم الحديث ٨٦)النسائي في ((المجتبى من السنن)) (١٠٤/١،١٠٥) الدارقطني (١٣٧/١، ١٣٨،١٣٩/ رقم الحديث،١٥،١٦،١٧،١٨،١٩)،البيهقي في ((السنن الكبرى)) (١٢٦/١)، ابن ماجه (١٦٨/١) (رقم الحديث ٥٠٢) بە چەندين ڕێگايەكىيەوە ڕيوايەت كراوە، ئەم لەمڤزە لەرێگاى (معبد بن نباتة)وە گێردراوەتەوە. پێشەوا شافعى دەڵێت:(إن ثبت حديث معبد بن نباتة في القبلة لم أر فيها ولافي اللمس وضوءاً)! واتە: ئەگەر فەرموودەكەى (معبد) صەحيح و پابت بێ لە بارەى (قُبلة) ئەوا بەلاى منەوەش نەمە (واتە: ماچ كردنى نافرەت لە لاى پياوەكەى و دەست دانى نافرەت) پێويست بە دەست نوێژ گرتنەوە ناكات.! پاشان بارو حالى ئەم فەرموودەيە لەلاى شافعى مەزهەبەكانەوە لاوەلا نەبێتەوەو سەنەدەكەى بە (صحيح)يش =

دەردەچێت. کە (محمد الحسن الشیبانی)یش لە کتێبی «الحجج» (١/٦٥)دا دەڵێت: (ئەم فەرموودەیە بەر بڵاوو (مشهور)ە لە عائیشەوە، شێخ (الغماري)یش دەڵێت، بەڵکو گەیشتۆتە پلەی (متواتر)یش ... ئینجا دەڵێت: ئەم ڕێگایانەی کە بە (صحیح)ی هاتوون ئەمانەن: ئینجا شەش ڕێگای ساغ و صحیح دەخاتە ڕوو لەگەڵ بەڵگەی بەهێز لەسەر ساغی ئەم فەرموودەیە. هەروەکو (الحافظ ابن عبدالبر)یش لە «الاستذکار» (١/٢٣٢) و کۆمەڵێك لە زانایانی تریش بە (صحیح)یان داناوە. سەیری {الهدایة فی تخریج أحادیث البدایة (بدایة المجتهد - ونهایة المقتصد - لابن رشد(١/ص ٢٤٣ - ٣٥٨)} بکە. هەروەها سەیری «صحیح سنن ابي داود» (١/٢٠٠)، «صحیح سنن النسائي»، «صحیح سنن ابن ماجه» (١/٤٠٦/ص٨٢)، و «مشكاة المصابیح» (١/٣٢٣/ص ١٠٥)، وە هەروەها «تحقیق»ی شێخ احمد شاكر لەسەر (الترمذي) (١/١٣٣ - ١٤٢) بکە.

دیسان پێشەوا شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی ئەم فەرموودەیەش کە هەر لە ڕێگای (معبد)ەوەیە **{عن عئشة رضي الله عنها عن النبي (ﷺ): انه كان يقَبل ولا يتوضا}** دەڵێت: (**لا اعرف حال معبد، فان كان ثقة فالحجة فيما روى عن النبي (ﷺ)**) واتە: بارو حاڵی (معبد) نازانم چۆنە ئەگەر متمانە پێکراو (موثوق) بێ ئەوا حوجەکە ئەوەیە کە لە پێغەمبەر (ﷺ) گێڕدراوەتەوە. واتە کار بە فەرموودەکە ئەکەم. (حافظ ابن حجر العسقلاني) لە «تخلیص الحبیر» (١/ ٢٢٢) كتاب الطهارة باب: الاحداث (٩)، رقم الحدیث (١٦٤) نەقڵی کردووە (هەمان سەرچاوەی پێشو/ل ٣٥١) ئینجا دوای ئەوە شافعییەکان لەبارەی (معبد) حاڵی ئەبن ولە (صحه)تی ئەم فەرموودانە دڵنیا و جێگیریش ئەبن بەڵام وەریان نەگرتو - ڕەتیان کردەوە کە تائەمڕۆش هەر ڕەت کراوەتەوە ..! و ئەگەر چی بەتاڵ نەبونەوەی دەستنوێژ بە دەست دانی ئافرەت لە لای پیاوەکەی کارێکی بەڵگەنەویستیشە ! ئەوەتە دایکی ئیمانداران (عائیشة) (ڕەزای خوای لێ بێ) لە فەرموودەیەکی تری دەفەرمووێ (**كنت أمد رجلي في قبلة النبي (ﷺ) وهو يصلي، فاذا سجد غمزني فرفعتها، فاذا قام مددتها**) رواه البخاري «الفتح» (٣/٨٠/١٢٠٩)، ورواه مسلم (١/٥١٢، ص ٣٦٧) بلفظ (**كنت أنام بين يدي رسول الله (ﷺ) رجلاي في قبلته، فاذا سجد غمزني فقبضت رجلي واذا قام بسطها. قالت والبيوت يومئذ ليس فيها مصابيح**)
واتە من پێ یەکانم ڕادەخست بەروە ڕووگەو لە جێگای کڕنووش بردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ بۆ کڕنووش بردن دائەهاتەوە بە دەستی (موبارەکی) پالی ئەنا بە پێمەوە و منیش لام ئەدا، وەکاتێکیش هەڵئەسایەوە پێیەکانم ڕادەخستەوە.

((هەر کە قسەیەکم کرد فەرموودەی (صحیح) بەپێچەوانەی قسەکەی من هەبوو ئەوا فەرموودەی پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ) ئەولاترە تاوەری بگرن جا تەقلیدم مەکەن))!!

(ابن حزم) (١١٨/٦) دەڵێت: ئەو فوقەهانەی کە لاسایی دەکرێنەوە، ئەوکارەیان پوچەڵ نەکەنەوەو یاوەرەکانی خۆیان ئاگادار کردۆتەوە تا لاسایی یان نەکەنەوە.! لە هەموویان توندترلەم مەسەلەیە ئیمامی (شافعي) بووە رەحمەتی خوای لێبێ، کە ئەوەندە جەختی لەسەر ئەکرد تا شوێنی شوێنەواری (صحیح) بکەون و ئەوانەش وەربگرن کە بەڵگە واجبی ئەکات. کەسیتر ئەوەندەی ئەو پێشەوا بەرێزە تیشکی نەخستۆتە سەر ئەم باسەو وەکو ئەو داکۆکی لەسەر نەکردووە. وە بەری بووە لەوەی کە لاسایی بکرێتەوە لە هەموو شتێك ئەوەشی راگەیاندووە، خوای گەورە سوود بەخشی بکات بۆمان و پاداشتی زۆر بکات لەلای خۆی بەراستی هۆیەکی چاك بو بۆ وەدەست هێنانی خێرو بێرێکی زۆر).

= تێبینی: مەبەست لە خستنە رووی ئەم بەڵگانەی پێشوو بۆ بەتەواوی دڵنیا بوونە لەم جۆرە هەڵوێستەی لاساکەرەوانی مەزهەبی بۆ ووتەو بۆ چوونی سەرمەزهەبەکانیان، چونکە ئەوان دان بە هەڵەی ئیمامەکانیان دانایەنن، گەر ووتەکانیان پێچەوانەی فەرموودەی (صحیح)یش بێ. هەر وەکو مامۆستا (احمد شوحان) لە ژێردەری کتێبی (هدیة السلطان) ل/٣٤. دەڵێت: بۆیان گێرامەوە کە یەکێ لە قوتابییان لەگەڵ شێخێکی دەمارگیری شافعی مەزهەب دەکەوێتە مشت و مڕ دەربارەی کێشەی (دەستنوێژ بەتاڵ بوونەوە بە دەست دانی ئافرەت)، شێخەکە پێی وت لەلای ئیمامی شافعی دەست نوێژەکە بەتاڵ دەبێتەوە. قوتابیەکەش پێی ووت بەڵام لە فەرموودەی صەحیح داهاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) یەکێ لە خێزانەکانی ماچ کردووە و لە مانگی رەمەزان و دەست نوێژیشی نەگرتۆتەوە.

ئینجا شێخە دەمارگیرەکەش بەرق و کینەیەکی زۆر بەرەو رووی بۆوەو هەڵساوە سەر پێ وپێی ووت: (أقول لك قال الشافعي؟ وتقول لي قال رسول الله!!) واتە: من پێت دەڵێم شافعی ووتی! تۆش پێم دەڵێی پێغەمبەر ووتی؟!! ئەم فەرموودەیە بەلای شافیعیەوە تەواو نییە.!!

• **شێخ دەڵێت**: منیش دەڵێم: ئەگەر چی باوکان و زانایانیشیان بێ ! هەروەکو ئیمامی (الطحاوي) لە ((شرح معاني الآثار)) (٣٧٢/١) بە سەنەدێك کە پیاوانی متمانەپێکراون دەگێڕێتەوە کە (سالم) ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێت: لەلای (ابن عمر ڕەزای خوای لێ بێ دانیشتبووم لە مزگەوتدا پیاوێك هات بۆ لای، خەڵکی شام بوو، پرسیاری لێ کرد دەربارەی ((التمتع بالعمرة الی الحج)) ئەویش ووتی چاك و جوانە. پیاوەکەش ووتی: جا خۆ باوکت قەدەغەی لەم کارەدە کرد! ، (ابن عمر) پێی وو ت: وەیل بۆ تۆ ئەگەر باوکم واتە: (عمر بن الخطاب) قەدەغەی لێکردبێ بەلاَم پێغەمبەر (ﷺ) کردبێتی و فەرمانی پێ کردبێ! ئەو کاتە تۆ قسەی کامیان وەرئەگریت. بە قسەی باوکم کار ئەکەیت یان بە قسەی پێغەمبەر (ﷺ) ؟! ووتی بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ). ئەویش پێی گوت دەهەڵسە لەلاَم..!

• چوارەمیان: (ابو عبدالله احمد بن حنبل الشيباني)ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کە لە دایك بووی شاری (بەغداد)ە (١٦٤- ٢٤١)ك.

هەروەها پێشەوا (أحمد)یش لە گشت پێشەواکانی تر زیاتر خولیای کۆکردنەوەی سوننەت بووە وەدەستی پێیەوە گرتووەتەنانەت ڕقیشی بۆتەوە لە دانانی ئەو کتێبانەی کەباس لە فروع و ڕاو بۆ چوون دەکەن[1]! لەبەر ئەوە دەیوت

١- لا تقلدوني ولا تقلد مالكاً والشافعي و لا الاوزاعي ولا الثوري،وخذ من حيث أخذوا. ![2].

((لاسایی من مەکەوەهەروەها لاسایی (مالك وشافعي و الاوزاعي والثوري) یش مەکەوە، بەڵکو لەوسەرچاوەیە وەریبگرە کە ئەوان لێیان وەرگتووە))

٢- رأي الاوزاعي ورأي مالك ورأي ابي حنيفة كله رأي، وهو عندي سواء، فانما الحجة في الآثار. ![3].

---

[1] الهروي ٤٧/١ ،ابن القيم في ((الاعلام)) ٣٦٣/٢ ابن الجوزى في ((المناقب)) ص١٩٢.

[2] الفلاني في (الايقاظ) (ص١١٣) ، وابن القيم في ((الاعلام)) (٣٠٢/٢).

[3] ابن عبدالبر في((الجامع)) ١٤٩/٢.

((ڕای ئەوزاعیو مالك و ئەبی حەنیفە گشتی ڕاو بۆ چوونـن هـەموو بـەلای مـن وەك یـەكن ، بەلاَم بەلگە لە فەرموودە دایە))

٣-من رد حديث رسول الله (ﷺ) فهو على شفا هلكة. ! [1].

((هەركەسێك فەرموودەیەكی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەت بكاتەوە ئەوا ئەو كەسـە لـە لێـواری تیـا چوون دایە))

- (شـێخ) دەڵێـت: ئەمـە قسـەی پێشـەواكان بـوو ڕەزای خوایـان لێ بـێ دەربـارەی فەرمان كردن بە (دەسـت گرتـن) بـە فـەرموودەو ڕێ گرتنیـان لـە كوێرانـە لاسـایی كردنـەوەیان بێگومـان ئـەوەش ڕوون و ئاشـكرایە پێویسـت بـە (جـدل) و (تـأويل) ناكات.

بۆیە ئەوەی دەست بـە هـەموو فەرموودەیـەكی (صـحیـح) بگـرێ ئەگـەر لەگـەڵ ووتـەی پێشەواكان یەكیان نەگرتەوە ئەوا (واناگەیـنێ) كـە لایدابـێ لـە مەزهەبەكـەی، هـەروەها ئەو كەسە لارێ نەبووە لە ڕێگاكەی . بەڵكو شوێنكەوتووی ئەوانەو دەستی گرتـووە بـە پەیمانی بەتین ﴿عروة الوثقى﴾ كە پچڕانی بۆ نـیـیە ﴿لاانفصام لها﴾ هەروەها وانیـیە ئەوەی كە فەرموودەیەكی (صحیح) و ثابت وازلێبێنـێ تەنـها لەبـەر ئـەوەی پێچەوانـەی قسـەی پێشـەواكانە، بـەڵكو ئــەوەی ئـاوا ڕەفتــار بكـات ئـەوا قسـەی پێشـەواكانی شكاندووە، ولە قسەكانیان كەلە ڕابردوویاسمان كرد لایداوە !

خوای گەورەش دەفەرمووێ ﴿فلا وربك لايؤمنون حتى يُحكّموك فيما شجر بينهم ثـم لا يجدوا في انفسـهم حرجـاً ممـا قضيـت ويسـلموا تسـليماً﴾ [2] واتـە: سـوێند بـە پەروەردگارت ئەی (محمد) ئەوانەی كە لاف بڕواداری لێدەدەن بڕوای تەواو ناهێنن تـا تـۆ نەكەن بە دادوەر لە هەر ئاژاوەو دووبەرەكیـیەك كە لە نێوانیان دا بەرپا ببوبـێ، ئینجـا پاش ئەوە دەبێ هیـچ ڕەخنـەو گـرێ و گۆڵـیـەك لـە دڵیـاندا نـەبێ و بـێزاریو دوو دڵـی

---

[1] ابن الجوزی في((المناقب)) ،ص١٨٢.

[2] سورة النساء/٦٥

نەنوێنن لەهەر حوکم و بڕیارێك کە تۆ داوتە، ئینجا با ئەوانە مل کەچ بکەن بۆ بڕیارەکەت بە مل کەچ کردنێکی تەواو هەروەها دەفەرموێ ﴿**فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تُصيبهم فتنة أو يُصيبهم عذابٌ أليم**﴾[1] واتە: ئاگاداری ئەوانە بکەوە کە بە پێچەوانەی فەرمانی خوا ڕەفتار دەکەن و لە فەرمانی دەرئەچن جا با ئەو کەسانە خۆیان بپارێزن لەوەی کە (بەهۆیەوە) دووچاری بەلاو موصیبەتێك بن لە دونیا، یان عەزابێکی پڕ ئێش و ئازاری ڕۆژی دوایی!

(الحافظ ابن رجب) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت[2]:

((هەرکەسێك فەرمانێکی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێگەیشتبێ و بەلایەوە ڕوون بێ، ئەوا پێویستە لەسەری بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە و ئامۆژگاریان بکاو فەرمانیان پێبکات تا شوێنی بکەون ئەگەر ئەوەش بە پێچەوانەی ڕای گەورەی ئومەتێکیش بێ، چونکە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) لە پێشترە لە ڕاو بۆچوونی هەر گەورەیەك تا شوێنی بکەون و بەگەورەی دابنێن لە کاتێکدا کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) بێ، ئا لێرەوە هاوەڵە بەڕێزەکان و ئەوانەی دوای وانیش ڕەزای خوایان لێبێ بە توندی بەرپەچی هەموو موخالەفەیەکی سوننەتی (صحيح)یان داوەتەوە ئەوەش بەهۆی ڕەق لێ بوونەوەیان نییە لەم گەورە پیاوانە، بەڵکولە ئەو پەڕی خۆشویستنیانە، بەلام پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلایانەوە خۆشەویسترە لەوان و فەرمانی لە سەرووی فەرمانی هەموو مەخلوق و بە دیهێنراوێکە.

وەئەگەر فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ فەرمانی کەسێکی تر پێچەوانە بوون ئەوا فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەولاترە تا پێش بخرێ و شوێنی بکەون. وەئەمەش ڕێ لەوە ناگرێ کە کەسێکی موخالیف لەو فەرمانەی بەگەورە نەزانرێ لە کاتێکدا خوای گەورەش

---

[1] سورة النور/٦٣

[2] نقله في التعليق على ((ايقاظ الهمم)) (ص ٩٣).

بەخشیبێتی، بەڵکو ئەم بەخشراوە پـێی نـاخۆش نیـیە کـە لـە فـەرمانی دەربچـن ئەگـەر فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) پێچەوانەی فەرمانی ئەو دەرکەوێ)!

- (شێخ) دەڵێت: دەڵێم: چۆن ئـەم فەرمانـەیان بـەلا نـاخۆش ئـەبێ کـاتێ خۆیـان فەرمانیان بە شوێن کەوتووەکانیان کردووە، بەڵکو پێویستیان کردووە لە سەریان تـا واز لەو ووتانەیان بێنن کـە پێچەوانـەن لەگـەڵ فـەرموودەی (صحیـح).بـەڵکو پێشـەوا (الشافعي) خوای لێرازی بێت فـەرمانی بـە هـاوەڵانی خـۆی کـردووە کـە فـەرموودەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـە بۆچـوون و مەزهـەبی ئـەو دابنێـن ئەگـەر ئـەو فەرموودەیەشـی وەنـەگرتبێ وەیـانیش پێچەوانـەی ئـەو فەرموودەیـەی وەرنـەگرتبێ، بۆیـە کـاتێ (المحقق) لێکۆڵـەرەوە (ابـن دقیـق العیـد) رەحمـەتی خـوای لێ بـێ ئـەو بابەتانـەی کۆکردەوە کە هەریەك لە چوار پێشـەوا سـەر مەزهەبـەکان پێچەوانـەی یـەکتر بوونـە، فـەرموودە (صحیـح)ەکـانی لـە بـەرگێکی گـەورەدا کۆکردۆتـەوە لـە پێشـەکییەکەیدا دەڵێت: (حەرامە ئەو بابەتانە بخرێتـە پـاڵ پێشـەوا موجتـەهیدەکان، لەسـەر فەقیهـە شـوێن کـەوتوەکان پێویسـتە کـە بزانـن ئـەوەکو بیانخنـە پـاڵ ودرۆیـان بەرامبـەر بکەن)[1].!

بەڵێ بەڕێزان:

ئـەوە پوختەیـەکی هەڵوێسـتی شـێخی ئـەلبانی بەرامبـەر خـاوەنی چـوار مەزهەبـەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕاو بۆ چوونیان بوو. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی ئاشـکرا بێـت لـەم لێکۆڵینەوە زانستییە و لێدوانی شێخی ناوبراو لەم باسە ئەوەیە کە، لە دوای دان هێنان بـە زانستی بـەرفراوان و ڕێـز لێنـانێکی زۆری ئـەم پێشـەوایانە بەکۆششـێکی زۆر بـەگور و بـەو پەری ماندوو نەناسی و چاونەترسییەوە هەڵساوە بانگی موسڵمانانی کردووە بـۆ کـارکردن بە قورئان و سوننەت و وازهێنان لەم ووتانەی کـە پێچەوانـەن لەگـەڵ دەقـەکانی قورئـان و سـوننەت و لەکوێرانـە لاسـایی کردنـەوە ئاگاداری کردونەتـەوە ! وەهـەروەها لـە چەرخـە

---

[1] «ایقاظ الهمم» للفلاني (ص٩٩).

جیاجیاکانیش گەلێ کەڵە زاناو سوارچاکی لێهاتوو هەبوونە کەهەوڵی بنبڕکرنی دەمارگیری مەزهەبییان داوە وخەڵکیشیان لێوە ئاگادار کردۆتەوەو بانگیان کردوون بۆ دەست گرتن بە کتاب و سوننەت لەوانە (حافظ المغرب ابو عمر یوسف ابن عبد البر و الامام ابو محمد علي بن حزم و سلطان العلماء عزالدین بن عبدالسلام، الحافظ تقي الدین بن دقیق العید، و شیخ الاسلام تقي الدین ابن تیمیة، وقوتابیەکەی الامام ابوبکر بن القیم، والحافظ المفسر المؤرخ ابن کثیر، المدقق الذهبي، العلامة ولي الله الدهلوي خاوەنی کتێبی ((حجة الله البالغة))، والإمام الشوکاني خاوەنی کتێبی ((نیل الاوطار)) والأمیر الصنعاني خاوەنی کتێبی ((سبل السلام))، ومحمد بن ابراهیم الوزیر خاوەنی کتێبی ((الروض الباسم في ذب عن سنة ابي القاسم))، والعلامة صدیق بن حسن خان خاوەنی کتێبی ((الروضة الندیة))، و ((الدین الخالص)) والعلامة صالح بن مهدي المقبلي خاوەنی کتێبی ((العلم الشامخ في تفصیل الحق علی الأباء والمشایخ)) والشیخ صالح بن محمد الفلاني خاوەنی کتێبی ((ایقاظ الهمم اولي الابصار للاقتداء بسیرة المهاجرین والانصاروتحذیرهم عن الابتداع الشائع في القری والامصار من تقلید المذاهب مع الحمیة والعصبیة بین فقهاء الاعصار والامام محمد رشید رضا، والعلامة المحدث احمد شاکر والاستاذ سید سابق و ... هتد.

وە هەندێ زانایتریش هەبوونە کە لە ئاست باسکردنی حەرامێتی لاسایی کردنەوەی ئیمامەکان چاوپۆشیان کردووە لەلای کۆی خەڵکی باسیان نەکردووە، بەلام لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتیەکانیان بەراشکاوی ڕایانگەیاندووە.ئەمەش لە ترسی سەرهەڵدانی ئاژاوە بووە نەبادابەرگەی ناخۆشی و ئەزیەت و ئازارەکان نەگرن کە بەرامبەر دەمارگیرەکانەوە، ڕووبەڕووی ئەبنەوە هەروەکو زۆر لە زانا هاورێبازەکانیان بەرەو ڕووی بوونەتەوە.!!

ئینجا بێ دەنگیشیان مانای وانییە کە بەو کارە ڕازیبووبن بەڵکو بۆ خۆپاراستنە هەروەکو ئیمامی شەوکانی لەکتێبەکەی (القول المفید) (ص٢) باسی کردووە[1].

- خوێنەرانی بەڕێز بۆ زیاتر حاڵی بوون لەم باسە منیش دەڵێم.

---

[1] لە کتێبی ((بدعة التعصب المذهبي)) ص ١١٠،١١١بە دەستکاریەوە.

هەڵبەت لەم ووتە بەنرخانەی پێشەوا بەڕێزانە تەنها ڕاستییەکی لێوە دەفامرێتەوە ئەویش یەکدەنگی و کوێرایانە لەسەر ئەوەی کە (هەر یەکێکیان لەو پێشەوایانە خەڵکیان لە کوێرانە لاسایی کردنەوە (تقلید الاعمی) بێدار کردوتەوە، هەروەکو خوای گەورەش لە زۆر جێگا لە کتێبە پیرۆزەکەی زەمی ئەو جۆرە کەسانەی کردووە.

– چونکە ئەوانەی کە لەسەرەتا کافر بوون و ئەوانەی دواتریش تەنها بەهۆی کوێرانە لاسایی کردنەوەی قەشەو مالم و مامۆستاو باوك و باپیرانیانەوە بوو! هەروەکو ئاماژەی بۆ کردوون و دەفەرموێ ﴿إنا وجدنا آبائنا على أمة وإنا على آثارهم مهتدون﴾[1]

بۆیە لاسایی کوێرانەو بێ قەید و شەرتی کەسێك واتای کارکردن بەپێی ئارەزووو هەواو هەوەس و لەبەرچاو نەگرتنی کتێبی خواو سنەتی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد (ﷺ) و گوێ پێنەدانی دەگەیێنێ. ! !

چونکە لە ئیسلامدا تاکە سەرچاوەی وەرگرتن بریتییە لە (قورئان و سوننەت) لە غەیری ئەوە هەمووی ڕەت دەکرێنەوە تەنها ئەگەر لەگەڵ دەقەکانی ئەو تاکە سەرچاوەیە تێك بکەنەوە. ! شیاوی باسیشە (یەکێك لە پێشەوایانیش نەیان گوتوە شوێنی من بکەون بەڵکو گوتویانە شوێن ئەوە بکەون و دەست بگرن بەوەی کە ئێمە دەستمان پێیەوە گرتوەو لێیەوە وەرمان گرتووە) بەڵام بە داخەوە دەبینیت ئەمڕۆ ئەم بەناو دوانزە (علم)انە بە پێچەوانەوە مامەڵە لەگەڵ شەرع دا ئەکەن و بۆ چارەی کێشەو گرفتەکانیش هانا بۆ (قیل) و (قال)ەی خەڵکی ئەبەن و (قورئان و سوننەت)یش پشت گوێ دەخەن. !

چونکە لە کتێبی ((اقاظ همم اولي الابصار)) داهاتووە دەڵێت: (جیاوازی نێوان لاسایی کەرەوە (مقلد) لەگەڵ شوێنکەوتە (متبع) ئەوەیە کە (مقلد) لە حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ناپێچێتەوە (پشت گوێی دەخات) و تەنها گرنگی بەمەزهەبی ئیمامەکەی ئەدات ئەگەر بۆشی دەرکەوت کە ڕای مەزهەبەکەی دژ بوو لەگەڵ کتێبی خوداو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوا دان بە (هەڵەی مەزهەبەکەی داناهێنێ) وە

---

[1] سورة الزخرف/٢٢ . ((هدية السلطان ..)) للمعصومي/ص٢٢.

ناگەڕێتەوە سەر قورئان و سوننەت. (متبع)یش ... هتد)[1]. چونکە بەلای ئەم لاساکەرەوانە تاکە سەرچاوەی هەڵهێنجانی ئەحکام بریتییە لە گوتەو ڕاو بۆچوونی نێو مەزهەبەکەیان. بەڵکو ئەو کارە بەلایانەو بەڵگە نەویستیشە.! سەیریش لەوەدایە بابای لاسایی کەرەوە هەموو شتێکی حەرام دانراو لەلای ئیمامەکەی بە حەرامی ئەزانێ حەلاڵیش بە حەلاڵ، تەنها لە ڕووی پێویستی دەست گرتن بە (قورئان و سوننەت) و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕاو بۆ چوونی جیا لەگەڵ قورئان و سوننەت نەبێ. (لەم بارەوە گوێ بەئیمامەکەیان نادەن.!) بەم جۆرە لە قاعیدەی (إذا ورد الأثر بطُل النظر) لایان داوەو ووتەی ئیمامەکەیان بە پێش فەرموودەی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) خستووە (أبي حسن عبدالله بن الحسن الكرخي) کە سەرۆکی حەنەفیەکانی عیراق بوو دەڵێت: (كل آية تخالف ما عليه أصحابنا فهي مؤولة أو منسوخة، وكل حديث كذلك فهو مؤول أو منسوخ) [2] واتە : هەر ئایەتێك پێچەوانە بێ لەگەڵ ئەو بۆ چوونەی کە هاوەڵانمان (حەنەفیەکان) لەسەرینە، ئەوا ئەو ئایەتانە موئەولن یان مەنسوخن {واتە: دەبێت مانای بگۆردرێت، یانیش کاری پێ نەکرێت چونکە مەنسوخە}.!

---

[1] ((هدية السلطان)) (ص ٣٣،٣٤). للامام المعصومي

تێبینی: هەروەها دەڵێن: (مقلد) واتە: شوێنکەوتنی ئەو کەسانەی کەوتەو راو بۆچوونیان نابێ بەبیانو حوجە! بەلام شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە ئەهلی (إجماع) و هاوەڵانی نابێ بە (تقليد) ولاساکردنەوە. چونکە شوێنکەوتنی بەڵگەیە ئەمەش تەنها لە ڕووی (مجاز وتوسع)ە وەبە - تقليد - ناو دەبرێ، و (کۆڕا - اجماع)یش لەسەر شتێ دەوەستێ یان هەق و رەوا نەبێ، یانیش باطل. ئەگەر هاتوو هەق بوو ئەوا دەبێ بە بەڵگە، بەلام ئەگەر باطل بوو ئەوا چۆن دەبێت ئەم ئوممەتە کە پیرۆزترینی ئوممەتانن لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، .. لەسەر کارێکی پوچەڵ کۆببنەوە.! (أصول في علم الأصول (ص/٧٥،٩٩،١٠٠) الشيخ محمد صالح العثيمين.

[2] ((تاريخ التشريع الاسلامي)) للخضري (ص٣٢٢،٣٥٦)، و ((بدعة التعصب المذهبي)) محمد عيد العباسي (ص/١٣٣،٥٢).

وەهەر فەرموودەیەکیش لەو بابەتە هەبوونەوا بەهەمان شێوە یان مونەوەلە یانیش مەنسوخە.!! ئەم گوتەیەی (ابي الحسن الكرخي) بە ئاشکرا لێی دەفامرێتەوە کە دیارە مەزهەبەکەی بە سەرچاوەی یەکەمی شەریعەت تێدەگات پاشان قورئان و سوننەت.!!هەروەها دیارە تەواوی و چاکی ئیسلامیش لەتەواوی مەزهەبەکەیەوە دەبینێ، وەهەر ئایەت و حەدیسێکیش لەگەڵ مەزهەبەکەیدا نژواری هەبوو ئەوا بەلای ئەو دەبێت هەر مەزهەبەکەی ڕاست بێ.!! هەروەکو زۆربە ڕاشکاویش داوای (العصمة) و پارێزراوی لە هەڵەکان بۆ ئیمامەکەی دەکات (والعياذ بالله)[1] هەروەها (الصاوي)یش لە ((حاشية))ەکەی لەسەر (تفسير الجلالين) بەرگی (٣) لە لاپەرە (١٠) دەڵێت: (.. ولايجوز التقليد ماعدا للمذاهب الاربعة ولو وافق قول الصحابة والحديث الصحيح والآية فالخارج عن المذاهب الاربعة ضالٌ مضلٌ، وربما اداه ذلك للكفر لان الاخذبظواهر الكتاب والسنة من أصول الكفر).!!!

واتە: ناشێ لاسایی کردنەوەی کەسانێك جگە لە چوار مەزهەبەکان ئەگەر هاتوو وتەکانیشیان تێکی کردەوە لەگەڵ وتەی هاوەڵان و فەرموودەی (صحيح) و ئایەتی قورئان، جا دەرچوو لەم چوار مەزهەبە گومڕاو گومڕاکەرە، لەوانەشە ئەم کارە سەر بکێشێ بۆ بێباوەری (کفر).! چونکە دەست گرتن و وەرگرتن لە ڕواڵەتی کتێب و سوننەت لە ئوصول و بنەڕەتی کوفرە.!!

بەڕێزان: سەیری ئەم وتە ترسناکە بکەن چۆن (الصاوي) چاوساغی بەناو زاناکانی ئەمڕۆ سنوور دەبەزێنێت و وتەی سەر مەزهەبەکان بە پێش وتەی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکان دەیەخێ هەڵساوە بەکافرکردنی ئەوانەی کە ڕاستەو خۆ لە قورئان و سوننەت وەردەگرن.! جا خۆ بە قسەی (صاوي) بێ دەبێ گشت هاوەڵان و پیاو چاکانی پێشین بە گشتیو لە ڕێزی وانیش پێشەوا بەڕێزەکان کافر بووبن؟ ﴿**سبحانك هذا بهتان**

---

[1] بەهەمان شێوە موقەلیدینی سەر بە مەزهەبەکانی تریش.! بەلام ئیمامە بەڕێزەکانیان ڕازی نەبووینە بەم پاکانەیەی کە ئەوان بۆیان ئەکەن و (براءة)ی خۆیان لەم تاوانە ڕاگەیاندووە..!!

عظيم﴾! . خۆ ئەگەر ئەم ووتە خەتەرناکە لەلایەن زانایەکی (اهل السنة والجماعة) بوترایە ئەوا دەست بەجێ مۆری بێ باوەریان پێوە ئەناو بە (خوارج)یان ناو دەبرد. ! جا بۆ بەڕەوا نەبینرێت ووتە بەنرخەکانی مامۆستای لێهاتوو (د. مروان القیسی) بلێینەوە ! . کە لە کتێبە پوخت و نایابەکەی ((معالم الهدی الی فهم الاسلام))[1] دەڵێت: ئەو گووتەیەی کە دەڵێت مەزهەبی باشترەو پابەند بوون بە مەزهەبێکەوە ... پێویستە، ئەمە گووتەیەکی ترسناکەو لەناوخۆی دەگرێ ئەو شیرکەی کە لەناوی دایە، چونکە خوای گەورە داوای ئەو پەرستنەی لە هیچ کەسێك نەکردووە کە شوێن کەسێك بکەوێ و هەرچەندە ئەو کەسە پلەی زانستیشی زۆر بەرز بێ، مادام پارێزراو نەبێ لەگوناه (واتە: مەعصوم نەبێ). ! لێرەدا دووبارە نی‌یە ئەگەر ئەم حەدیسە بێنمەوە کە (عدي بن حاتم) ڕەزای خوای لێ بێ گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو ئەم ئایاتەی دەخوێندەوە ﴿اتخذوا احبارهم ورهبانهم ارباباً من دون الله﴾[2]. واتە: جوو و دیانەکان عالم و قەشەکانی خۆیان کردۆتە خوا لە غەیری خوا، ئینجا (عدی) گووتی: خۆ ئێمە ئەمان پەرستوون پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو (ئەی ئەگەر حەلاڵێکی خواتان بۆ حەرام بکەن ئێوەش بە حەرامی نازانن، وە حەرامێکی خواتان بۆ حەلاڵبکەن ئێوەش بە حەلاڵی نازانن)دەڵێت: گووتم بەڵێ، فەرمووی((فتِلكَ عبادَتهُم))[3] ئەمە پەرستنیانە. ! ! (بەڵێ) پەرستیانە چونکە مەرج نی‌یە پەرستن وەك ماست بە لێوان دیاربێ[4] ! ئەم ڕاستیەش ئەم حەلە بۆیان ئاوەلا ئەبێتەوە

---

[1] (ل/١٦٢،١٦٣) چ – مكتبة الغرباء

[2] سورة التوبة: ٣١

[3] أخرجه الترمذي (٣٠٩٥)، والبيهقي (١١٦/١)، قال الهيثمي في ((المجمجع الزوائد)) (٧١/٢)ورجاله ثقات، وقال (٧٣،٢) رواه الطبراني بطوله {(٢١٨،١٧ في – الكبير)}وهو عند الامام احمد {(٢٥٨/٢٥٧/٤)} باختصار والحديث حسنه الالباني في ((غاية المرام)) (ص ٢٠).

[4] شيخ (محمد السندي) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت: لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە هەوڵبدات لەواتای ئایەت و فەرمودەکان بەهەرەمەندبێ، ئەحکامەکانی لێوە هەڵبهێنجێ، ئەگەر ئەمەی پێ نەکرا بالاسایی زانایان بکاتەوە، بەڵام پابەند نەبێت بەمەزهەبێکی دیاری کراو! چونکە ئەوکاتە وەك ئەوەوایە کە =

که باوەشیان بە هەق داگرت و کۆتی دیلی بەر دەستی (قیل) و (قال)ەیان شکاند و هاتنە ڕیزی خوێندەوارانەوە ...! ئەگینا هەر بەم جۆرە لە نێو زەلکاوی نەفامیدا پەلە قاژە ئەکەن و حەلاڵ بە حەرام و حەرامیش بە حەلاڵ و بیدعە بە سوونەت و سوننەت بە بیدعە ... تێدەگەن! هەر بە ئاوایی کەوا هەن ئەمێنن و نەك هەر لە ڕاستییەکانیش تێناگەن، بەڵکو دەیان فەریکە خوێندەواریش تەفرە ئەدەن و بە مەرەدی خۆیان ئەبەن و

گوایە ئەمەش گشتی لە پێناوی پاراستنی ڕیزی موسڵمانان و بەرگ گرتنەوە لە پەرتەوازەیی{ (کوفری لا مەزهەبی) بەرپای ئەکەن!! }! بەلام پاساوێکەو هیچی تر ئەگینا خوێنەری سەنگین تۆ خۆت سەر پشك بە ئاخۆ کام لەم دوو ڕێسایە پەرتەوازەیی و ڕێز تێکدانە (عندنا و عندکم، وکتبنا وکتبکم، ومذهبنا ومذهبکم، وامامنا وامامکم ...)یان ﴿ ..**فإن تنازعتم في شيءٍ فردوه الى الله والرسول** ..﴾ سورة النساء: ٥٩ ؟؟؟!!

=ئەوزانا سەرمەزهەبە بکات بەپێغەمبەر بۆخۆی!! ئینجا ئیمامی (المعصومی) دەڵێت: بەڵکو وەك ئەوە وایە کەبیکات بەخودا بۆ خۆی، هەر وەکو لەراڤەی ئەوفەرمایشەی خوای گەورە هاتووە ﴿ **اتخذوا احبارهم ورهبانهم اربابا من دون الله**﴾لە فەرمودەکەی عدی بن حاتم ڕەزای خوای لێبێ؟!

((هدية السلطان الى مسلمي بلاد اليابان)) (ص٤٥)

كتب عمر بن عبدالعزيز رحمه الله تعالى الى أبي بكر بن حزم يأمره (انظر ما كان من حديث رسول الله (ﷺ) وأسنة ماضية، أو حديث عَمرة، فاكْتُبْهُ فاني قد خفت دروس العلم وذهاب أهله).

((تقييد العلم)) للخطيب البغدادي

بەرهەموو چالاکی‌یە زانستیەکانی

زاناو فەرموودەناسی ناودار (ناصر الدين الالباني) بەرهەمە زانستیەکانی گەلیٚ زۆرن کە لە دانان و لێکۆڵینەوەی زانستی و تەخریج و لێدوان و پوخت کردنەوە .. خۆی نواندوە، ژمارەیان زیاتر لە (١٢٠) بەرهەم دەبێت. ئەمانەی خوارەوە بریتین لە بەرهەمەکانی ، کە پێکدێت لە دوو بەش.

أ- بەرهەمە (مخطوط)ەکان، ب- بەرهەمە چاپکراوەکان

أ- بەرهەمە (مخطوط)ەکانی[*] :

١- **معجم الحديث النبوي**: ئەو کتێبە کۆمەڵێك لە فەرموودەی هەڵبژێردراوە کە شێخ کۆی کردۆتەوە و وەریگرتووە لە **مە خطوطە کانی** نێو پەرتوکخانەی (الظاهرية) ئەم (معجم)ە پێکهاتووە لە (٤٠) بەرگ: تا ئێستا دەستنووسە

شێخ دەربارەی چیرۆکی ئەم کتێبەی کەلەگەلیٚ بێژەری (إذاعة صوت العرب)ی قاهیرە لە رۆژی ٢٣ی جماد الاخرة ١٣٨٠ ك دەدوێت و دەڵێت: یەکیٚ لەو فەزلو بەخششانەی خوای گەورە پیٚ‌یدام ئەوەبو رێگای بۆ ئاسان کردمەوەتا چاوم بە کتێبە نرخان دارەکانی نێو پەرتوکخانەی (الظاهرية) بکەویٚ و سەیری ئەو جۆرە کتێبە نایابانە بکەم و تەخریجی ئەو فەرموودانە بکەم کە لە کتێبەکان دا هاتووە. بە جیاوازی لەفزەکانیان و زۆری رێگاو سەنەدەکانیان، کە کۆم کردوونەتەوە لە (٤٠) بەرگ (مجلد)، و بەپیٚ‌ی پیتەکان دا مرِ شتوون بۆ ئەوەی کاتیٚ ئەگەرێمەوە سەری بە ئاسانی بتوانم پێداویستی خۆمی لیٚ وەربگرم. مامۆستا (الشيباني) دەڵێت: نوسخەی ئەصلی‌یەکەی پێشاندام، کە لە ١٣٧٥/٦/٢ لە دانانی بۆتەوە. ! !

---

[*] ئەم کتێبانەی لێرە واتە: لە نێو کتێبەکەی (الشيباني)دا دیاری کراوون مەرج نی‌یە هەموویان هەر بە (مخطوط - دەست نووس)ی مابنەوە بەڵکو هەندێکیان لەو ماوەیەدا بە چاپ گەیێراون، هەروەکو لە جێگای خۆی ئاماژەیان بۆ دەکەین.

٢- **الامثال النبوية (مخطوط):** لەم کتێبەدا (١٣٢) (مثل)ی تێدا کۆکردۆتەوە کە تا ئێستا تەواوی نەکردووە.

٣- **المحو والاثبات فيما قرره الثقات الاثبات في الليلة النصف من شعبان (مخطوط):** هی هەندێ لە زانایانی (الازهر)ە هەڵساوەبە (تعليق و تخريج) کردنی،لاپەڕەکانی (١٩،٢)ی وون بووە ئەم پەیامەش بەرپەرچی هەندی لە زانایانی ئەزهەر ئەداتەوە دەربارەی (ليلة النصف من شعبان).

٤- **فهرس المخطوطات الحديثية في مكتبة الاوقاف في حلب (مخطوط):** ئەم کتێبە شی بۆ یاریدەدەرێك بۆ خۆی دا تا کاتێ کە هاتوو چۆی (مكتبة الاوقاف)ی دەکرد لە (حلب). بەڵام سوودی بۆ گشت موسڵمانانە.

٥- **صحيح الإسراء والمعراج (مخطوط):** فەرموودەکان و پلەی فەرموودەکانی دیاری کردووەو ساغ و ناساغەکانی لە یەکتری جیا کردۆتەوە، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، شیاوی باسە ئەم پەیامەشی بەشێکە لە کتێبە نایابەکەی ((صحيح السيرة)) تا ئێستا تەواوی نەکردووە.

٦- **الاحاديث الضعيفة والموضوعة التى ضعفها او اشار اليها لضعفها ابن تيمية في مجموع الفتاوي (مخطوط):**
کتێبێکی زۆر گرنگە پێکهاتووە لە (٢٦) لاپەڕە.

٧- **الاحاديث الضعيفة والموضوعة في امهات الكتب الفقهية (مخطوط):** ئەوەش تابلۆی (رسالة)یەکی بەهێزە زۆر سوودبەخشە بۆ ئەوانەی کە سەرقاڵن بە (فقه) هەڵساوە بەدیاری کردنی فەرموودە لاوازو دەست هەڵبەستراوەکان کە لە نێو ئەم کتێبانەی خوارەوە دان[1].

١- الهداية للمرغيناني في الفقه الحنفي.

٢- المدونة لابن القاسم في الفقه المالكي.

---

(١) سەیری ((منزلة السنة في الاسلام...)) بکە (ص ١٩، ٢٠) ط. دار السلفية/ ١٤٠٤ هـ

٣- شرح الوجيز للرافعي في الفقه الشافعي.

٤- المغني لابن قدامة في الفقه االحنبلي.

٥- بداية المجتهد لابن رشد الاندلسي في فقه االمقارن.

٨-صفة الصلاة النبي (ﷺ) لصلاة الكسوف: لەم کتێبەدا چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەو نوێژەی لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کردووە تائێستاش دەست نووسەکە لە شاری (دیمشق) ماوەتەوە کە لە (جماد الاولى) ساڵی ١٣٧١هـ لە نووسینی بۆتەوە.

٩- الرد على رسالة التعقيب الحثيث للشيخ عبدالله الحبشي:

ئەم پەیامە لە ساڵی ١٣٧٧هـ لە چاپخانەی (الترقي) چاپ کراوە، بەلاّم شێخ پێویستی بەوە بوو کە جارێکی تر لەو پەیامە بکۆڵێتەوە کە چەندین زانیاری تری پێوە لکاندووە بەلاّم بەدەست نووسی ماوەتەوە.

١٠-الروض النضير في ترتيب وتخريج معجم الطبراني الصغير (مخطوط).

ئەم کتێبە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی کاری زانستی شێخ دادەنرێت بە هەموو بەشەکانیەوە تەواوی کردووە بەلاّم شێخ دەیەوێ دووبارە تەماشای بکاتەوە.

١١-صحيح سنن ابي داود[1]**:**

١٢- ضعيف سنن ابي داود: لە سەرەتای (كتاب الطهارة) دەستی پێکردووە تا فەرموودەی ژمارە (٥١٣).

١٣- الاحاديث المختارة للحافظ ضياءالدين المقدسي (مخطوط):

لەم کتێبەیدا تا فەرموودەی ژمارە (٥٣٥) بەرگی یەکەمی نووسیویەتەوە کە پێکهاتوون لە فەرموودەکانی (الخلفاء الراشدين) گەیشتووە بە (مسند علي بن ابي طالب. رضي الله عنه) تەواوی نەکردووە.

١٤- تلخيص كتاب تحفة المودود في احكام المولود - لابن قيم (مخطوط):

ئەم کتێبە لەگەڵ (فهارس)ەکەی لە (٣١٤) لاپەڕە پێکهاتووە.

---

[1] ئەم کتێبە لەلایەن "مكتب التربية العربي لدول الخليج" چاپ کراوە.پێکهاتووە لە (٣) بەرگی گەورە.

١٥-ما صح في سيرة رسول الله (ﷺ) وذكر ايامه وغزواتة و سراياه والوفود اليه : للحافظ ابن كثير - بقلم محمد ناصرالدين الالباني (مخطوط):

تەواوی نەکردووە کەیشتووتە بەشی (الإسراء) لە مەککە بۆ (بیت المقدس) و پاشان بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمانەکان و ئەو نیشانانەی کە بینیتی.

ئەم کتێبەشی پێکهاتووە لە (٢٤١) لاپەڕە.

١٦-وصف الرحلة الاولى الى الحجاز والرياض مرشداً للجيش السعودي اثناء عودته للمملكة العربية السعودية بعد حرب فلسطين عام ١٩٤٨ (مخطوط):

١٧- التعليقات الرضية على الروضة الندية شرح الدرر البهية - لصديق حسن خان :(مخطوط):

لە شەوی شەممەی ١٣٧٩\٨\٢٩ هـ لە نووسینی بۆتەوە لە دوو بەرگ دا کۆی کردۆتەوە

١٨- التعليق على كتاب مسائل جعفر بن عثمان بن شيبة - شيوخه - (مخطوط):

١٩- الثمر المستطاب في فقه السنة والكتاب (مخطوط):

٢٠- فهرس اسماء الصحابة الذين اسندوا الاحاديث معجم الطبراني الاوسط (مخطوط):

ئەم کتێبەش لە ئامادەکردنی خۆیەتی کە بە پێی (حروف المعجم) دای ڕشتووە، وە ئامارەشی بۆ فەرموودەو و ژمارەی فەرموودەکان کردووە. و ژمارەی فەرموودەکانی نێو (معجم الطبراني الاوسط) دە (١٠) هەزار فەرموودە دەبێ پێرسی بۆ داناوە.

٢١- إزالة الشكوك عن حديث البروك (مخطوط): وون بووە.

٢٢- مناظرة كتابيّة مسجلة مع طائفة من أتباع الطائفة القاديانية وعلى رأسهم رئيسهم بديمشق - نور احمد الباكستاني (مخطوط):

لە میانەی کۆچ کردنی لە شام وون بووە.

٢٣- الحوض المورود في زوائد منتقى ابن الجارود (مخطوط): تەواوی نەکردووە.

٢٥- احكام الركاز (مخطوط):

٢٦- ضعيف الترغيب والترهيب - للمنذري:

٢٧- صفة الصلاة الكبير (مخطوط):

ئەم کتێبە بنەڕەتی کتێبی (صفة الصلاة النبي) (ﷺ) کە (٥٠٠-٦٠٠) لاپەڕە دەبێ کە لە ١٩ی شەعبانی ساڵی ١٣٦٦ك لە نووسینی بۆتەوە.

٢٨- تاريخ ديمشق لابي زرعة - رواية ابي الميمون عبدالرحمن بن عبدالله بن عمر بن راشد البجلي (مخطوط): ئێستا لەلای خۆیەتی. ئەم کتێبەش لە دە (١٠) بەش پێکهاتووە.

٢٩- احاديث البيوع وآثاره (خاص بموسوعة الفقه الاسلامي الخاص بكلية الشريعة - بدمشق (مخطوط):

ئێستا لەلای خۆیەتی. کاتێ دەستی لەنووسینی هەڵگرت کە (كلية الشرعية)ی دیمشق لە چاپی (الموسوعة الفقهية) وەستا، ئەم کتێبەی بە پێی ئەبوابی فقهی دارشتووە، وە لە تەخرجی فەرموودەکان چۆتە خوار.

٣٠- صلاة الاستسقاء وكيفيتها وآثرها في تزكية النفوس واصلاحها (مخطوط): ئەم پەیامە لە سی و سێ (٣٣) لاپەڕە پێك هاتووە.

٣١- وضع الاصار في ترتيب الاحاديث "مشكل الآثار" للامام الطحاوي (مخطوط):

ئەم پەیامەشی تەواو کردووە لە بەرواری (١٢ ربيع الاول ی ساڵی ١٣٧٠ هـ ، بەرامبەر ١٩٥١ لە دانانی بۆتەوە لە (٧٠) لاپەڕە پێکهاتووە.

٣٢- التعليق على كتاب سبل السلام شرح بلوغ المرام - للعلامة الصنعاني - الجزء الاول منه (مخطوط):

شێخ لەم کتێبەدا هەڵساوە بە (تعليق) کردنی بەشی یەکەمی کتێبەکە کە تا (باب صلاة التطوع)ی نووسیوە.

٣٣- فهرس الكواكب الدراري للشيخ علي بن عروة الحنبلي (مخطوط): وون بووە.

٣٤- الرد على رسالة التويجري في بحوث صفة الصلاة (مخطوط): لە میانەی کۆچ کردنەکەی لە شام بۆ (عمان) وون بووە.

٣٥- السفر الموجب للقصر (مخطوط): پەیامێکی بچووکە دەربارەی سەفەرو ئەو شتانەی پێویست دەبن لە سەفەر وەك کورت کردنەوەی نوێژ و ڕۆژو شکاندن دەدوێ، پێکهاتووە

له (٩٠) لاپەرە، دواى ئەوەى هیچى ترى لێ نەنووسیوە، هەروەکو لە کتێبەکەى ((سلسلة الاحاديث الصحيحة)) لاپەڕە (١/١٦٢) باسى کردووە.

٣٦- بغية الحازم في فهارس المستدرك ابي عبدالله الحاكم (مخطوط): مامۆستا الشيبانى دەڵێت: لەم زوانە چاپ ئەکرێ من بینیم دەستنووس بوو. کە بە جۆرێ دارێشتبوو (نیوەى یەکەمى) کتێبەکە پێکهاتووە لە فەرموودە و (نیوەى دووەمیش) پێکهاتووە لە (آثار - شوێنەوار) کە لە (٧٦٠) لاپەڕە پێکهاتووە.

٣٧- فهرس الاحاديث كتاب (الشريعة)للأجري (مخطوط):

لەم پەیامەدا فەرموودەکانى بەپێى پیتەکانى (ئەلف وبێ ..) دارشتووە کە پێکهاتووە لە شانزە لاپەڕە کە شێخ کاتى (عصر) ڕۆژى هەینى (٣/ذي الحجة)ى ساڵى ١٣٦٩ هـ (١٥)ى ئەیلولى ١٩٥٠ز لە دانانى بۆتەوە لە دێى (مضايا) کە هاوینە هەوارێکى ناودارە لە شارى (دمشق). ئەم کارەى شێخ لەسەر نوسخەیەکى چاپ کراو ئەنجامى داوە کە لە چاپخانەى (السنة المحمدية) چاپى یەکەمى لە ساڵى ١٣٦٩ هـ کراوە.

٣٨- الجمع بين (ميزان الاعتدال) للذهبي و (لسان الميزان) لابن الحجر (مخطوط):

کارە سەرەکیەکانى ئەم کتێبەى لێ وون دەبێ لە (دمشق) بۆیە دواى ئەوە لەو کارە دەستى هەڵدەگرێت.

٣٩- فهرس أحاديث كتاب (التاريخ الكبير) للبخاري (مخطوط):

تەواوى کردووە بەڵام پێویستى بە ڕێکخستن هەیە.

٤٠-تعليق وتحقيق كتاب "زهر الرياض في رد ما شنعه القاضي عياض على من اوجب الصلاة على البشير النذير في التشهد الاخير" للشيخ محمد بن محمد الخضري الدمشقي (مخطوط):

لە میانەى کۆچ کردنەکەى وون بووە.

٤١- تحقيق كتاب (ديوان اسماء الضعفاء والمتروكين) للذهبي(مخطوط):

٤٢- **تحقيق كتاب (اصول السنة واعتقاد الدين) للامام ابن ابي حاتم (مخطوط)**: له (تحقيق) كردنى وەستاوە.

٤٣- **تحقيق كتاب (حول اسباب الاختلاف) للحميدي (مخطوط)**: وەستاوە لەم كارەى.

٤٤- **صحيح سنن ابن ماجة وضعيفه** [1]:

٤٥- **صحيح الادب المفرد وضعيفه -الامام البخاري**: [2]

ئەم كتێبەى بريتىيە لەو (مشروع)ەى كە بۆ ئافرەتانى دانابوو لەوانەكانىدا بۆيانى ڕوون ئەكردەوە.

٤٦- **تسهيل الانتفاع بكتاب ثقات ابن حبان (مخطوط)**:

٤٧- **قاموس البدع (مخطوط)**: ئەو فەرموودانەى تێدا كۆكردۆتەوە كە خراوەنەتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) و هاوڵانيەوە ڕەزاى خوايان لێبێ كە دەربارەى (بيدع) هاتوون: بەپێى ئەبوابى فيقهى ڕێكى خستوون.

٤٨- **الذب الاحمد عن مسند الامام احمد (مخطوط)**: لە ٢٥ى شعبانى ساڵى ١٣٩٩ك لە دانانى بۆتەوە ئێستائامادەيە بۆ چاپ .

٤٩- **تمام المنة في التعليق على الكتاب (فقه السنة) للسيد السابق** [3] : لە شارى (دمشق) مانگى شەوال ٣/٧٢ك لە دانانى بۆتەوە، كە لەپێشەكىيەكەيدا (١٥بنەما -قاعيدەى) گرنگى داناوە كە ڕێگا خۆش كردنێكە بۆ بەهرەمەند بوون لە (سوننەت)و كارى زانستى بۆ خزمەت كردنى فەرموودە..!

ئەمانەى خوارە بريتين لەو بنەمايانەى كە ديارى كردوون.

بنەماى يەكەم: الحديث الشاذ.

---

[1] ئەم كتێبە سێ چاپى لێ دەرچووە لەلايەن (مكتب التربية العربي لدول الخليج) پێكهاتووە لە (٣) بەرگ دووانى فەردوودە صيحيەكانى تێداكۆكردۆتەوە، ومەرگێگ تەنها (فەرموودە زەعيفەكان).

[2] لە لايەن (مكتبة إبن تيمية) لەساڵى ١٤١٥ك چاپى يەكەمى دەرچووە.

[3] ئەم كتێبە تا ئێستا چەند چاپێكى لێكراوە. دواچاپى لە ساڵى ١٤١٨-١٩٩٨ كراوە.

بنەمای دووەم: الحديث المضطرب.

بنەمای سیٚیەم: الحديث المدلس.

بنەمای چوارەم: الحديث المجهول.

بنەمای پیٚنجەم: عدم الاعتماد على التوثيق ابن حبان.

بنەمای شەشەم: قولهم رجاله رجال الصحيح ليس تصحيحا للحديث.

بنەمای حەوتەم: عدم الاعتماد على سكوت ابي داود.

بنەمای هەشتەم: رموز السيوطي في الجامع الصغير لايوثق بها.

بنەمای نۆیەم: سكوت المنذري على الحديث في (الترغيب) ليس تقوية له.

بنەمای دەیەم: تقوية الحديث بكثرة الطرق ليس على اطلاقه.

بنەمای یازدەیەم: لايجوز رواية الحديث الضعيف الا مع بيان ضعفه.

بنەمای دوانزیەم: ترك العمل بالحديث الضعيف في فضائل الاعمال.

بنەمای سیٚ نزەیەم: لايقال في الحديث الضعيف قال (ﷺ) ورد عنه ونحو ذلك.

بنەمای چواردەیەم: وجوب العمل بالحديث الصحيح و ان لم يعمل به احد.

بنه مای پانزەیەم: امر الشارع للواحد امر لجميع افراد الامة.

٥٠- مساوئ الاخلاق- للخرائطي (مخطوط): (ترقيم)ی فەرموودەکان و لیٚکۆڵینەوەکانی لەسەر ئەو کتیٚبە تا ئیٚستا تەواوی نەکردوە، هەروەك لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (٤/٦٤٦) باسی کردووە.

٥١- التعليق المجد على التعليق على الموطأ الامام محمد -لابي الحسنات اللكنوي، (مخطوط).

٥٢- مختصر تعليق الشيخ محمد كنعان- تعليق ومراجعة الشيخ الالباني (مخطوط).

٥٣- مختصر صحيح مسلم (مخطوط):

ئەم پوختەیەی (صحيح مسلم) جگە لە پوختەکەی (الامام المنذري)یە کە شیٚخ هەڵساوە بە تەحقیق کردنەوەی کاتیٚ کە بەند کرابو لە نیٚو بەندیخانەی (القلعة) لە سوریە.

٥٤- الرد على كتاب المراجعات- لعبد الحسين شرف الدين: (مخطوط):
کە بەرپەرچی شیعەکانە، هەڵساوە بە لێکۆڵینەوە لە ئەو فەرموودە لاوازو دەست هەڵبەستراوانەی لەبارەی فەزڵی عەلی ڕەزای خوای لێبێ هاتوون.

٥٥- المسيح الدجال ونزول عيسى عليه الصلاة والسلام وقتله اياه على سياق رواية ابي امامة باحاديث سائر الصحابة (مخطوط):

ب- بەرهەمە چاپکراوەکانی:

ئەم بەرهەمانەیشی ئەکرێن بەچوار بەشەوە: (نووسینەکان)، (تەحقیقاتە زانستیەکان)، (تخریجاتەکان)، (کورت کرنەوە- إ:ختصار-و چاوپێ خشاندن و لێدوان- مراجعة وتعليق).

یەکەم: نووسینەکانی:

٥٦- صحيح الترغيب والترهيب -للمنذري:
لەو کارەیدا پیشتی بەستا بوو بە نووسخەیەکی خەتی کەمەخطوطێك بو لەپەرتووکخانەی (المحمودية) لە مەدینەی منەوەرە ئەوکاتەی کەلەوێ مامۆستا بوو تائێستا (٢)بەرگی لێ چاپکراوە

٥٧- اللحية في نظر الدين: مەقالەیەکی کۆنە کەلە گۆڤاری (الشهاب) بڵاوی کردبۆوە پاشان (الشركة الاسلامية للطباعة والنشر) لە بەغدا هەڵسا بەچاپ گەیاندنی.

٥٨- صلاة العيدين في المصلى هي السنة: یەکێکە لەو پەیامانەی کە لە کتێبێکدا کۆی کردۆتەوەو ناوی ناوە (تسديد الاصابة الي من زعم نصرة الخلفاء الراشدين والصحابة) کە (المكتبة الاسلامية) هەڵساوە بە چاپ گەیاندنی ئەم پەیامەبە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆ.

٥٩- فهرس مسند الامام احمد بن حنبل في (مقدمة المسند):

٦٠- نقد نصوص الحديثية في الثقافة العامة - للشيخ محمد منتصر الكتاني: زنجیرە باسێکی ڕەخنە سازیە کە شێخ لە پێنج مەقالە لە گۆڤاری (التمدن الاسلامي) لە دیمەشق

بەرگی (٣٣- ٣٤)دا بلاوی کردۆتەوە پاشان لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپکرا لە ساڵی ١٣٨٣ك کە ئەم کتێبەش لە (٥٨) لاپەڕەپێکهاتووە.

٦١- **مناسك الحج والعمرة في الكتاب والسنة وآثار السلف:** لەم کتێبەدا بیدعەکانی حەج و عیمرەی بە شێوەکی پوخت و ڕێك پێك باسکردووەو خستوویەتی‌یەڕوو.

٦٢- **الحديث حجة بنفسه في العقائد والاحكام:** ووتارێکی شێخە کەلەمانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣٩٢ك لە شاری (غرناطة) لە (اسپانیا) یخوێندیەوە، کە ئەم کتێبە تایبەتە بە بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەی کەلەبواری بیروباوەڕەوە فەرموودە (آحاد)ەکان پشتگوێ دەخەن و بەبەڵگەی ناگرن، پاشان لەلایەن (المكتبة السلفية) لە ساڵی (١٣٩٦ك) بە چاپ گەنرا وە لەساڵی ١٤٠٠ك لەهەمان چاپخانە چاپی دووەمی بۆ کرا ئەم کتێبەش پێکهاتووە لە (٨٧) لاپەڕە.

٦٣- **كشف النقاب عما في (الكلمات ابي غدة) من الأباطيل والافتراءات:**
ئەم کتێبەیشی لە ساڵی ١٣٩٥ك داناوە، تێیدا بەرپەرچی هەندێ لە فەتواکانی شێخی فەرموودەناسی ناوچەی حەلەب (عبدالفتاح ابو غدة)ی داوەتەوە.

٦٤- **منزلة السنة في الاسلام وبيان انه لايستغني عنها بالقران:** ئەم وتارەی لە شاری (الدوحة)ی پایتەختی (قطر) خوێندەوە لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٣٩٢ك پاشان هەندێ لە برایانی پێشنیاری چاپکردنیان بۆ کرد، ئەوە بوو لەلایەن (الدار السلفية) چاپکرا.

٦٥- **سلسلة الاحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيء في الامة:** پێکهاتووە لە (١٢) بەرگی گەورە لە هەر بەرگێکدا (٥٠٠) فەرموودەی لاوازو دەست هەڵبەستراوەکانی تێدا کۆ کردۆتەوە، لە پێشەکی‌یەکەیدا پاشماوەی دزێوی ئەم فەرموودانەو چۆنیەتی تێکەڵ بوونی لەگەڵ فەرموودەساغەکان و تەشەنەکردنی لەلایەن بیدعەچی‌یەکانەوەو ئەرکی موسڵمانانی

بەرامبەر ئەم فەرموودانە ڕوون کردۆتەوە[1] ئێستا (٥) بەرگی ئەم کتێبە بەبەردەستی خوێنەرانەوە یە.

٦٦- **خطبة الحاجة - التی کان رسول الله (ﷺ) یعلمها اصحابە:** شێخ لە کتێبێکی بچووك دا گشت لە فزەکانی ئەم (خطبة)یەی تێدا کۆکردۆتەوە بەووردی دیراسەی کردووە. لە لایەن (المكتب الاسلامي) چاپکراوە.

٦٧- **فهرس مخطوطات دار الكتب الظاهرية (المنتخب في مخطوطات الحديث):** چیرۆکی دانانی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە (مجمع العربي السوري) داوای لە شێخ کرد کە پێرسێك بۆکتێبەکانی نێو(مكتبة الظاهرية) یان بۆ دابنێت بە حوکمی ئەوەی کە شێخی ئەلبانی خەبیرە لە کتێبە دەستنوسەکانی نێو ئەم پەرتوکخانەیە کە تایبەتن بە بەشی فەرموودە، هەروەکو پێشتر بەڕێوە بەرایەتی پەرتووکخانەش داوای لێکردبوو.

٦٨- **التعقيب على كتاب الحجاب - للعلامة المودودي.**

٦٩- **سلسلة الاحاديث الصحيحة:** ئەم کتێبەی شێخ گەورەترین بەڵگەیە لەسەر فراوانی بیرو مێشك و توانای بە گووری لە بوواری زانستەکانی فەرموودەو فیقە، کە هەندێ لەو زنجیرە فەرموودانەی لە گۆڤاری (التمدن الاسلامي) لە دمشق بڵاو کردۆتەوە پاشان بە پێی پێشنیاری کۆمەڵێك لەزانایان و مامۆستا ناودارەکان لە کتێبێکی سەربەخۆ کۆی کردەوە تائێستا (٥) بەرگی بەبەردەستی خوێنەرانەوەیە، بەرگی (٦) شەشەمیشی ئامادەیە بۆ چاپ[2].

٧٠- **تسديد الاصابة الى من زعم نصرة الخلفاء الراشدين و الصحابة (صلاة التراويح).**

٧١- **مختصر صحيح البخاري:**

---

[1] بۆ زیاتر شارەزا بوون لەو کتێبە سەیری نامیلکەی ((سەرەتایەك بۆ ناسینەوەی فەرموودە لاوەزەکان)) بکە مەبەستی سەرەکی شێخ لەم کتێبەیدا ڕوون کرایتەوە.

[2] بەپێی ووەتەکانی مامۆستا (علي بن الحسن الاثري الحلبي) کە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ((الهدى النبوى)) ژمارە (٩) ڕەمەزانی ساڵی ١٤١٧ هـ ١٩٩٧م ل ٢٣، باسی باری تەندروستی ئێستای (شێخ) و چالاکیە زانستیەکانی ئەکات

تا ئێستا (٣) بەرگی لێ چاپ کراوە، کە بەشێوەیەکی زانستیانەو بەو پەڕی پیادەکردنی مەرجەکانی کورت کردنەوەی فەرموودە هەڵساوە بە دانانی ئەم کتێبە کەلە هەموو کارە زانستی‌یەکانی زیاتر دڵی بەم کتێبە خۆشە.

٧٢- **دفاع عن الحديث النبوي والسيرة:** في الرد على الجهالات الدكتور البوطي في كتابه (فقه السيرة): لە ٢٧ی جمادی الاخیره لە ساڵی ١٣٩٧ﻫ لە دانانی ئەم کتێبە بۆوە کە تێیدا بەرپەرچی ووتەکانی دکتور (محمد سعيد رمضان البوطي) ئەداتەوە کەلەبنەڕەتدا چەند مەقالەیەك بوو لەگۆڤاری (التمدن الاسلامي) ژمارە (٧) بەرگی (٤٢)، ژمارە (٢) بەرگی (٤٤)دا بلاوی کردبۆوە، پاشان لەبەر زۆری سوودەکانی لە کتێبێکی سەربەخۆدا کۆی کردەوە، لەم کتێبەدا ڕووی نەفامێتی (البوطي) ئەخاتە ڕوو، وکتێبەکەی زۆر بەشارەزایی لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەی شەرعی هەڵدەسەنگێنێ، وە تەنها پاڵنەرێك هەبووبێ بۆ ئەوکارە پیرۆزەی شێخ ئەوە بوو کە دکتۆر بوطي لە کتێبەکەیدا سنووری ڕەخنەسازی بەزاندووەو کەوتۆتە گیانی بانگەوازکارانی ڕێگای ڕاستی ئیسلام و، تانەدان لە پیاو چاکانی پێشین و شوێن کەوتەی قورئان و سوننەت، هەروەکو لە جێگایەك دەڵێت (السخفين) و (السفلين) مەبەستی (السلفيين)ە ! ، هەروەها بەوەش نەوەستاوە دواتر بەبەکرێ گیراوانی داگیرکەرانیان دادەنێت و جگە لە ووتەی دزێو بوختانی‌تر کە مامۆستا (محمد عيدالعباسي) لە کتێبە نایابەکەی‌دا (بدعة التعصب المذهبي) (ص ٢٧٤-٣٠٠) باسی کردووە بەرپەرچیشی داوەتەوە، وەیەکێ لە بوختانەکانی لە کتێبەکەی (فقه السيرة) (ص ٣٥٤) چاپی سێیەم دوای ئەوەی بە وەهابی ناویان ئەبات و دەڵێت: قەومێك گومڕابووینە کەدڵەکانانیان هەست بە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناکات بۆیە نکوڵی (توسل) بەزاتی ئەو دەکەن لەدوای مردنی).

وەشێخی فەرمودەناسیش هەڵساوە بەڕوون کردنەوەی ڕاستی‌یەك ئەویش ئەوەیە کە هەرکاتێ مرۆڤ بەزۆری شوێنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێ ئەوا خۆشەویستی پێغەمبەری ئازیزی (ﷺ) لە دڵدا زۆر ئەبێ، وە خۆشویستنی پێغەمبەریش (ﷺ)

پەیوەستە بەشوێن کەوتنیو دەست گرتن بە سوننەتیوە ! ! دەکەواتە سەلەفییەکان زیاتر لەگشت خەڵکی خۆشەویستی ئەونازیزەیان لەدڵدایە ! (سەلاتمو سەلامی خوای لەسەر بێ) هەروەها (البوطي) رایگەیاندووەو دەڵێت: لەم کتێبەدا پشتم پێبەستووە بە فەرموودەو ئاسارە (صحيحەکان)، بەڵام شێخی ئەلبانی هەڵساوە بە دیاری کردنی چەندین فەرموودەی هەڵبەستراوو لاواز لە نێو کتێبەکەی (بوطی)، بەڵکو ئەو فەرموودانەی کە ئەو هێناویەتییەوەزۆربەی درۆن و هیچ بنەڕەتێکیان نییە.. !

٧٣- التوسل: أحكامه وأنواعه:

بەووردی باسی (توسل)ی کردووەو لە ڕووی زمانەوانیو شەرعەوەو (توسل) لە قورئان و، تەوسلی ڕێگا پێدراو، وقەدەغە کراوی ڕوون کردۆتەوە، پاشان لەبەشی چوارەم چەند شوبوهاتێکی دیاری کردووەو وەڵامیشی داوەتەوە، هەروەها بەرپەرچی ئەوانەشی داوەتەوەکەلەباسی تەوەسول دا سەر چنگ چوینە.

٧٤- حجاب المرأة المسلمة في الكتاب والسنة.[1]

٧٥- وجوب الاخذ بحديث الآحاد في العقيدة[1].

٧٦- صفة صلاة النبي (ﷺ) من التكبير الى التسليم كانك تراها[1]

٧٧- تلخيص صفة الصلاة النبي (ﷺ):

٧٨- قيام رمضان وبحث عن الاعتكاف: باسی چۆنیەتی جێبەجێ کردنیو پێویستییەتی جێبەجێ کردنی بەکۆمەڵ دەکات.

٧٩- تحذير الساجد من اتخاذ القبور المساجد.

لەگەورەترین بیدعەکان و تەوسل بەمردوو دەکۆڵێتەوەو، باس لەبنیات نانی مزگەوت لەسەر گۆڕ دەکات و موسڵمانان لەم تاوانە مەزنە ئاگادار دەکاتەوەو ڕوونی ئەکاتەوەکە

---

[1] لەژێر باسی (لەوسوننەتانەی لەسەر دەستی شێخ زیندوو کراوەتەوە لەم کتێبانە دووایە.

بینا کردن لەسەر گۆڕ سەر دەکێشێ بۆ هاوبەشی دانان بۆ خوای گەورە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم پەیامەی لە دووخالآن کۆکردۆتەوە:

١- حوکمی بنیات نانی مزگەتەکان لەسەر گۆڕ.

٢- حوکمی نوێژ کردن لەم مزگەوتانەی گۆڕی تێدایە.

٨٠- احكــام الجنائز وبدعها.

٨١- تلخيص احكــام الجنائز.

٨٢- آداب الزفاف في السنة المطهرة؛

٨٣- نصب المجانيق في نسف قصة الغرانيق.

٨٤- صحيح سنن الترمذي (٣) مجلدات[1]

٨٥- صحيح سنن النسائي (٣) مجلدات[1] .

٨٦- تحريم الات الطرب أوالرد بالوحيين وأقــوال أئمتنــا علــى ابــن حــزم ومقلد يــه المبحيــث للمعازف والغناءعلىالصوفيين الذين اتخذوه قربة و دينا[2] .

٨٧- صحيح موارد الضمآن

٨٨- ضعيف موارد الضمآن

٨٩- الرد على رسالة ارشد السلفي؛

پەیامێکە تێیدا بەرپــەرچی کتێبەکــەی (حبيــب الرحمــن الاعظمــي) (الالبــانی شــذوذه وأخطاءه)ی داوەتەوە.

- **چیرۆکی کتێبەکەی ئەعزەمی:**

بەر لەوەی باس لـە چـیرۆکی ئـەم کتێبـەی ئـەعزەمیو بەپـەرچی لەلایـەن شـێخی ئـەلبانی بکەم/ بەچاکی دەزانم دەربارەی چاپەکانی ئەم کتێبە بدوێم:

---

(1) ئەو دوو کتێبە لەلایەن (مكتب التربية العربي لدول الخليج) لە سـالّی ١٩٨٨ چـاپکراوە پێکـهاتون لـە سێ بەشی گەورە.

(2) لەسالّی ١٤١٨ هـ چاپکراوە لە لایەن (مكتبة الدليل).

مامۆستایان (سلیم الهلالي)و(علي حسن علي عبدالحميد الاثري) كەبەهاوكاری یەكتری لە كتێبێكیاندا بە ناوی ((الرد العلمي على حبيب الرحمن الاعظمي – المدعي بأنه أرشد السلفي))كە بەرپەچی كتێبەكەی ئەغزەمی‌یە ئەڵێن: ئەم كتێبە (واتە:كتێبی الالباني شذوذه واخطائه) تا ئێستا پێنج چاپی لێ دەرچووە كە:

- چاپی یەكەم: لە (هیند) لە (مطبعة العلمية)ی (مالیكاۆن – ناسك) كراوە كە (الاعظمي) خۆی بەڕێوەبەر بوو لەوێ.
- چاپی دووەم: لە (مصر) كراوە كە (علي رحمي) هەڵساوە بە چاپ كردنی.
- چاپی سێیەم: لە (كویت) لەلایەن "مكتبه دار العروبه لنشر والتوزيع" كراوە.
- چاپی چوارەم: لە (الاردن) كراوە كە (دار الفقه الحديث) ئەم ئەركەی لە ئەستۆوە گرتووە.
- چاپی پێنجەم: لە (لبنان – بیروت) كراوە بە سەرپەرشتی (محمد أمين أوج) ((الرد العلمی)) (ج١/ص٧)

هەروەها دەڵێن:

ئەم كتێبە كاتێ كە چاپی هیندی، میسری، لبنانی‌یەكەی لێ دەرچوو گشتی بەناوی دانەرێكی نامۆ بو كە هیچ لە زانا بەرێزەكان نەیان ئەناسی و گوێ بیستی نەببوون، و هیچ بەرهەمێكی زانستی‌یشی نەبووە ئەویش (أرشد السلفی) بو!

ئینجا دواتر لەلای (مكتبة دار العروبة) چاپكرایەوە بەلأم ئەمجارەیان بە ڕاشكاوی ناوی تەواوی دانەرەكەی لەسەر نووسی. كە (حبيب الرحمن الاعظمی)یە. هەروەكو لە پێشەكی (ناشر)ەكەیدا هاتووە كە پێناسەی ژیانی نووسەر دەنووسێ (.. كاتێ عەزمان بو بۆ چاپكردنی ئەو كتێبە ئەوەبوو بەدوای ژیاننامەی دانەرەكەدا گەڕاین وزانیمان كە دانەری ڕاستەقینەی – حبيب الرحمن الاعظمی – هیندستانی‌یەكە لە دایك بووی ساڵی ١٣١٩ هـ یەو خزمەتكاری سوننەتی نەبەوی ..) پاشان درێژە ئەدات بە پێداهەڵگوتن و باس لە بەرهەمەكانی ئەكات و تاوەكو دەڵێت: (..كە پێش ئەم چاپە ئەم كتێبە بەناوی (أرشد

سلفی) بلاو بۆتەوە، بەلام لە ڕاستیدا ناوی دانەرەکە حبیب الرحمن الاعظمي - ە، کە خۆی ئەم ناوەی بە ڕەزامەندی خۆی لەسەر نووسی)[1].

ئینجا چاپەکانی تریش هەریە ناوی ڕاستەقینەی دانەر دەرچوو ئەوەبوو بە شێوەیەکی بەر بلاو لە جیهاندا بلاو بۆوە بەتایبەتیش وولاتی ئوردەن، واتە ئەو وولاتەی کە شێخی ئەلبانی لێیە.!! کە لە هەموو لایەکی ئەم ناوچەیە بڕەوی پێدراو سەدان نوسخەیان لێ دابەش کرد بەبێ پارە و بە خۆڕایی!! ئەوەی فرۆشتیشیان ئەوا بە نرخێکی زۆر کەم بوو.! بۆ هاندانی خەڵکی لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکە[2].!

جا ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆ کردنبێ ئەویە (الاعظمي)دا ئەری کتێبەکە پێش ئاشکرا بوونی ناوەکەی‌و کاتێ کە بەرلەبەر دەبێتەوە لەگەڵ شێخی (الالباني) نکولی لە کتێبەکەی دەکات و ناوی (أرشد السلفی) لەسە رخۆی لادەدات.!!

---

(1) «الرد العلمي» (ج١،ص١٤).

دیارە (الاعظمی) بۆ شێواندنی سیمای جوانی (سەلەفی صالح) و لەکەدارکردنی هاوبیرانیان ئەو ناوەی بەخۆوە لکاندووە.! لەگینا خۆ نەك هەر سەلەفی نییە، بەلکو یەکێکە لە دەمار گیرە رقسترە مەزهەبیەکان.!!

مامۆستایان (الهلالي)و (الاثري) دەڵێن: ئەم ڕاستیەش لە (تعلیق)ی لەسەر کتێبی «سنن سعید بن منصور» (١/٣٤٨) و (٢،٢٤٤) بەراورد لەگەڵ (٢/٤٠٤) بەزەقی دەرلەکەوێت .. کە مامۆستا (عبدالرحمن عبدالجبار الهندي) لە کتێبەکەی «جهود مخلصة في خدمة السنة المطهرة» (ص١٣٩) لە باسی ئەعزەمیدا دەڵێت: یەکێکە لە حەنەفیە ناودارەکانی ئەم سەردەمە. کە زۆر بەتوندی دەستی بە مەزهەبەوە گرتووە و دەمارگیریتی بۆ دەکات! هەروەکو نووسراوەکانی کە زۆربەی بە زمانی (أردی) نووسراون بەلگەن لەسەر ئەم ڕاستیە. کە لە بارەی بابەتە خیلافیەکان و ڕاگۆڕینەوە و دووان لەگەڵ ئەهلی حەدیس.!

ئێمەش دەڵێین: (وأهل مكة أدرى بشعابها) «الرد العلمي» (ج ١/ص٨)

(2) «الرد العلمي» (ج١،ص١٥)

ماموٚستا (الشیبانی) دەڵێت:[1] ڕۆژێك لەڕۆژانی مـانگی شـەعبانی سـاڵی ١٤٠٤ﻫ بـوو، شـێخ لەماڵەکەی خۆی لە (جبل هملان) لـە شـاری (عمـان) بـۆی بـاس کـردم و هـەندێ لـەبرایانی زانست خوازانی وولاّتی ئوردەن وکوێتیش لەوێ ئامادە بوون.

ئەوکاتە بۆم دەرکەوت کەوا: کاتێ کە ئـەعزەمی فەرموودەناسـی هیندسـتان شـیخ دەداتـە بەرشالاّوی جوێن و تانەو تەشەری تێدەگریـت لـە کتێبێکـیدا کەلـە سـنووری ڕەخنەسـازی زانسـتی تێپـەڕیداوەو تەنـها دەمارگـیری مەزهـەبیو ئـیرەیی لێوە بـەدی دەکـرێ...ئـەوا بەهەمان شـێوە ڕەخنـە ناڕەواکانی تێپـەڕاند ئـەمجارە دەمـی نایەگۆشـتی زانـای لێهـاتوو شێخی فەرموودەناس (أحمد شاکر) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کەئـەویش لەشـەڕی ئـەعزەمی سـەلامەت نـەبوو! بۆیـە فەرموودەناسـی لێهاتوو بەشێوەیەکی ڕێـك و پێـك و بـە بەڵگـەی زانسـتیو خـاڵی لـەدەمارگیریێتیو هەمـەجی هەڵساوە بـە بەرپـەرچ دانـەوەی ئیفـترا شـاخ دارەکانی لە بەرگی (٥)ی ((مسند))ی ئیمام ئەحمد کە بە(تحقیق)ی خۆیەتی.

جا خوێنەرانی خۆشەویست تەنها ئەوە ماوە (لمحة)یەك لەو بەرپەرچەی شێخ نـاصر الدیـن بۆ (حبیب الرحمن الاعظمي) بزانین...

شێخی ئەلبانی لە پەیامێکی بەناوی ((الرد علی رسالة ارشد السلفي)) دەڵێت: (چـەند سـاڵێك لەمەو بەر ئەعزەمی هات بۆ سەردانی وولاّتی سوریا) هەروەکو لەلای هەموو زانست خوازان ئاشکرایە سوریا بەگشتیو دیمەشق بەتایبەتی پڕە لە زانـاو زانسـت خـوازان و ئەوانـەی کـە خەریکن بە (تفسیر)و زمانی عەرەبیو فەرموودەو...هتد.)

ئـەعزەمی گەیشـتە شـاری دیمەشـق و لـە شـێخی (الالبـانی) پرسـی کـە ئەوکاتـە شـێخ لـە دوکانەکەی بوو پیاوێك بۆی لای هات و هەواڵی پێدا کەوا میوانێکی هاتووە لە هیندسـتان وا لەماڵەکەی دانیشتووە، ئینجا شێخ چوو بۆلایو بینی شێخ (الاعظمي)یە ! پاشان

شێخ دەڵێت: (لە ئادابی ڕێز لێنانی میـوان ئەوەیـە کـە لـەکارو پێویسـتییەکانی نەپرسـیت) ئەوە بوو چەند ڕۆژێك لەلای شێخ مایەوە.!

---

[1] ((حیاة الالباني)) (ج٢/ص٦٧٩).

بێگومان ئەوە لەدوای چاپی یەکەمی کتێبەکەی بوو.

ئەو کاتە شێخ ویستی باسی کتێبەکەی لەگەڵ دا بکات، بەڵام چەند هۆیەك هەبوو لەکارەکەی گێڕایەوە وەك:

١- مافی میوانداری.

٢- تەمەن درێژیو دەرکەوتنی نیشانەکانی لاوازیتەندروستیو بێ توانایی، کەئەو کاتە تەمەنی ئەعزەمی لە حەفتا ساڵ تێپەڕی دابوو.

٣- نەبوونی بەڵگەی تەواو کە دڵنیایی ئەوە بدات کە نووسەری کتێبەکە ئەعزەمییە.

٤- چاك گومان بردن پێی بەتایبەتیش کەلەلای میوانە.

.. ئەو کاتە شێخ دەیوست دەربچێت بۆ (حلب) کە هەموو مانگێ جارێك ڕووی لەم شارە دەکرد بەمەبەستی ووتنەوەی وانەی زانستیو ووتاری سوود بەخش.

ئەعزەمیش بەهەمان شێوە لەم کاتەدا دەیوست دەربچێ بۆ حەلەب بەمەبەستی سەردانی کردنی قوتابییەکی کەناوی (عبدالوهاب الهندی) بوو، ئەوە بوو شێخیش حەزی کرد بە هاوڕێیەتی کردنی لەم گەشتەدا، ئەمەش لەبەر دووهۆیان:

١- تاوەکو گەشتەکە ناخۆشی بۆ نەهێنێ، کە حاڵەتی تەندورستی بەرگەی ئەوە ناگرێ هەروەکو باسمان کرد.

٢- بەڵکو لێکۆڵینەوەکیش ئەنجام بدرێت لەبارەی کتێبەکەی، لەلایەن ئەوانەی کەهەموو مانگێك هاودەمی بوون لەئەنجامدانی گەشتەکەی، شێخی ئەلبانی سوور بوو لەسەر ئەوەی کەنابێ ئەعزەمی ئیحراج بێ لەبەرامبەری! ئینجا شێخ ناردی بەدوای مامۆستایان (محمد عید العباسي)، و(علي خشان) کە ئەو مەبەستەی هەیبوو پێی ڕاگەیاندن، کە هەموویان بەسواری ئۆتۆمبیلەکەی شێخ کەخۆی لێی دەخوڕی دەرچوون بۆ ئەنجام دانی گەشتەکە، ئەعزەمی لەتەکیەوە بوو، دوو مامۆستای ناوبراویش لە دواوەی ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبوون.

لەسەرتا هەوڵیان دا هەندێ پرسیار بخەنە ڕوو بۆکردنەوەی دەرگای باسەکە کە یەکەم جار دەستی‌یان کرد بەپرسیار کردن لە شێخ ئەعزەمی ئەویش هەموو جارێك دەیووت: (اسالوا الشيخ)! لە شێخ پرسیار بکەن، واتە:شـێخی ئـەلبانی! تـاوەکو جارێکیـان ووتـی: (لايفتي ومالك في المدينة)[1]!! هەرکەشێخ وەڵامـی پرسیارێکیشـی ئەدایـەوە یـەك لـەم دوو برایانـە سـەیری ئـەعزەمی‌یان دەکـرد ئـاخۆ شتێکیان لێـوە گـوێ لێ نـابێت کـەڕازی بوونـی یـا بەرهەڵستی ڕای شێخ بکەیەنێ! بەڵام لە هیچ لەم کێشانەی کەخرانە ڕوو لاملـی لێنـەکردوو دژی نەوەستایەوە، هەرجارەی دیووت (صحيح) ڕاستە! ئینجا ئـەعزەمی لـەکۆتایی‌دا هاتـە قسە کردن بەڵام چۆن و بەچی؟!

ووتی من بۆ لێکۆڵینەوەو دەمەتەقێ نەهاتووم بۆ ئێرە، ئینجا شـێخ ڕووی کـردە برایـان و ئامازەی بۆ کردن تاوەکو لێکۆڵینەوەکە ڕابگرن و واز لـە پرسـیار کـردن بێنـن، هـەروەکو ئەعزەمەیش هەر ئەوەی دەویست!!

ئینجا لەبەر دووری نێوان (دمشق)و (حلب) نیشانەی ماندوویەتی لەشێخ ئـەعزەمی بـەدیار کەوت، شێخیش دەست بەجێ ئۆتۆمبیلەکەی وەستاندوو کورسی‌یەکەی بۆ ڕاخست تاوەکو ئیسراحەت بکات یان ئەگەر ویسـتی بخـەوێ..کـاتێکیش کەگەیشـتن بـۆ حەلـەب ئـەوە بـوو ئـەعزەمی چـوو بـۆ مـاڵی قوتابی‌یەکـەیو شـێخ و هاوڕێکـانی بـەجێ هێشـت، بـەم جـۆرە لێکۆڵینەوەکە ئەنجامنەدراو نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێك...[2]

---

[1] ئەگەر سەیری ووتەکانی نێو کتێبەکەی (الاعظمي) بکەین، هیچ ئاداب و ڕێزێکـی نـەنواندووە بـۆ شـێخ جگە لەتانەو تەشەرو ووتەی بێ سەر وبەر هیچی‌تری لێ بەدی ناکرێت، بەڵام دیارە تەنـها لـێرەدا هەسـت بەو ئەدەبە ئەکات بۆیە دەڵێت: (لايفتي ومالك في المدينة)!! هەروەکو (حافظ العراقي)یش ڕەحمەتی خـوای لێ بێ دەڵێت: (لاينبغي للمحدث ان يحـدث بحضـرة مـن هـو اولى منـه وبذلـك وكـان ابراهيـم و الشـعبي اذا اجتمعا لم يكن يتكلم ابرهيم بشيء)!! (لحوم العلماء مسمومة) (ص ٤٦) هەروەها دەبێ کەسـلێك هـەبن بە ووتەکانی نێو کتێبەکەی ئەعزەمی بڕوا بکەن کە پڕن لەتانەو تەشەرو بوختان کە لەدژی شـێخی ئـەلبانی بەرپای کردووە، لەکاتێکا ئەعزەمی خۆی دان بنێت بەزانیاری بەرفراوانی شێخ؟!!

[2] حياة الالباني (ج٢/ص٦٧٩،٦٨٠)، و الرد العلمي (ج١/ص٩،١٠،١١).

...جارێکی‌تریش شێخی ئەلبانی بە ئەعزەمی دەگاتەوە لـەماڵی مامۆستا (زهـیر الشـاویش) خاوەنی (المكتب الاسلامي) لە (بیروت) کە ئەوکاتە بەمەبەستی سەرپەرشتی کردن وڕاست کردنەوەی چاپی کتێبەکەی (المصنـف) هـاتبوو بـۆ بـەیروت کەلـە وێ تـەنزیدی پیتـەکانی کردبوو.

لەو شەوە شێخ ئـەلبانیش دێت بـۆ مـاڵی مامۆستا (الشـاويش) کـە ئەوکاتـە کۆمـەڵێك لـە ئەهلی عیلمی لەلابوو لەوانە شێخ (سعدی یاسین) بـوو ڕەحمـەتی خـوای لێ بـێ (ت١٣٩٦هـ) کە یەکێ بوو لە قوتابیی‌یە ناو دارەکانی شێخ (محمد بهجت البيطار) ڕەحمەتی خوای لێبـێ، هەروەها ئەعزەمیش لەوێ ئامادە بوو. !

ئینجا ڕاگۆڕینـەوەو ووتوێـژ دەستی پێکرد دەربـارەی چـەندین کێشـە لەوانـە ئەوکیشـە فیقهی‌یانەی کەمەزهەبی حەنـەفی دژواری‌و خیلافیـان لـەبارەوە هەیـە، ئـەعزەمی درێـژەی‌دا بەقسـەکانی‌و هـەوڵی دەدا بەوپـەڕی دەمارگیرێتی‌یـەوە قسـەی خـۆی سـەربخا بەسـەر ئـەوانی‌ترو بەرگری‌یـەکی ئـەوتۆی لەمەزهەبەکـەی دەکـرد، بـەلاّم شـێخی ئـەلبانی تەنـها لایەنگیری سوننەتی پاکی دەکردو هەوڵی سەرخستنی سوننەتی ئەدا.

ئینجا شێخ سعدی ڕەحمەتی خوای لێبێ لەنێو ئامادەبووان بەقسەهات و ووتی (ئێمـە هیـچ شتێکمان نـاوێت تەنـها سـوننەت نـەبێ‌و ئەوڕایانـەی کـە لەگـەڵ سـوننەت تێکدەکەنـەوەو ئەگونجێت، ڕەحمەتی خوا لە پێشەوایان بێ کاتێ ووتویانە: (اذا صح الحديث فهو مذهبي).

شتێکی تریش هەیە پێویسـتە لێی ئاگادار بـین ئـەویش کـاتێ کەمامۆستا زهـیر الشـاویش دەربارەی کتێبەکەو دانەروو پەیوەندی ئەعزەمی بەکتێبەکە پرسیاری لێ ئەکات، ئـەعزەمی لەوەلاّم دا نکوڵی لەم کتێبە ئەکات و لەسـەر خـۆی لادەدات..!! کـەچی ئـەو کتێبـە چـەند هەفتەیەك بەر لەنووسینی پەیامێك بۆ بەر پەرچ دانەوەی لەلایەن شێخ نـاصر ئیجـا چـاپی نوێی لێ دەرچوو لەلایەن چاپخانەی (دار العروبة) لەسەر کاغـەزی لـوس و بـەرگی جـوان و ڕەنگاو ڕەنگ! لەسەر بەرگەکەی بەڕاشکاوی ناوی ئەعزەمی نووسیوە.!![1]

---

[1] ((حياة الالباني)) (ج٢/ص٦٨٢). ((الرد العلمي)) (ج١/ص١٢،١٣).

دووههم: بەرهەمەکانی کەلە لێکۆلینەوەی زانستی (التحقیقات العلمیة) پێکهاتوون:

٩٠- ریاض الصالحین، للنووي.

٩١- الکلم الطیب -لابن تیمیة.

٩٢- صحیح الکلم الطیب -لابن التیمیة.

٩٣- کتاب اقتضاء العلم العمل للخطیب البغدادي.

٩٤- کتاب العلم للحافظ ابي خیثمة.

٩٥- مختصر صحیح مسلم للمنذري.

٩٦- فضل الصلاة على النبي (ﷺ)لاسماعیل بن اسحاق.

٩٧- لفتة الکبد في التربیة الولد -لابن الجوزی.

٩٨- مساجلة العلمیة بین الامامین الجلیلین -العز بن عبدالسلام، وابن الصلاح.

٩٩- تصحیح حدیث افطار الصائم قبل السفره بعد الفجر.

١٠٠- مشکاة المصابیح -للتبریزي (٣)مجلدات.

١٠١-القائد الى تصحیح العقائد/ عبدالرحمن المعلمي الیماني.

سێیەم: ئەو بەرهەمانەی کە لەفەرمووده دەرکردن (التخریجات) پێکهاتوون.

١٠٢- صحیح الجامع الصغیر زیادته (الفتح الکبیر) للسیوطي، (٦) مجلدات.

١٠٣- ضعیف الجامع الصغیر وزیادته (الفتح الکبیر) للسیوطي.

١٠٤- الایات البینات في عدم سماع الاموات عند الحنفیة السادات لمحمود الألوسي.

١٠٥- غایة المرام في تخریج احادیث الحلال والحرام.

١٠٦- حقیقة الصیام -لابن تیمیة.

١٠٧- شرح العقیدة الطحاویة -لابي جعفر الطحاوي.

١٠٨- المراءة المسلمة للشیخ حسن البنا.

١٠٩- تخریج احادیث مشکلة الفقر وکیف عالجها الاسلام للقرضاوی.

١١٠- مادل علیه القرآن مما یعضد الهیئة الجدیدة القویمة البرهان -لمحمود الالوسي.

١١١- تخريج الايمان لابي عبدالقاسم بن السلام.

١١٢- تخريج كتاب الرد على الجهمية/ للدارمي.

١١٣- تخريج كلمة الاخلاص وتحقيق معناها -لابن رجب الحنبلي.

١١٤- تخريج كتاب اصلاح المساجد من البدع والعوائد -لجمال الدين القاسمي.

١١٥- إرواء الغليل في التخريج احاديث منار السبيل لابن ضويان، (٩) مجلدات.

١١٦- كتاب السنة ومعه ظلال الجنة في تخريج السنة لابي عاصم الضحاك (مجلدان).

١١٧- تخريج كتاب المصطحات الاربعة في القران -للمودودي.

١١٨- تخرج كتاب (الايمان) لابن ابي شيبة.

١١٩- حجاب المراءة المسلمة ولباسها في الصلاة -لشيخ الاسلام ابن تيمية.

١٢٠- تخريج فضائل الشام ود مشق للربعي: ئەم كتێبە لەچەند هەواڵێك پێكهاتووە كە باس لە پیرۆزی ناوچەی شام دەكات، ژمارەی هەواڵەكان (١١٩) دەبێت، كەشێخ هەڵساوە بە تەخریج كردنی ئەو فەرموودەو ئاساوارانەی كەلەنێو كتێبەكەدا هاتوون و، رێگاو شێوەی دیراسەكردنی لەلای خوێنەرانەوە ئاسانكردۆتەوەو گێرایتی بەمایەی سوود وەرگرتن و حاڵی بوون لێیەوە، تاوەكو خەڵكی بزانن كەلە بارەی فەزڵ وپیرۆزی شامەوە چەندین فەرموودەی (صحیح)ی لەسەر هاتووە، بەپێچەوانەی گومانی هەندێ لە نووسەرانی هاوچەرخ.

وێرای ئەوەش تاوەكو دانیشتوانی ئەو ناوچەیەش رێزی ئەو نیعمەتەی خوا بزانن و شوكرانەی بكەن بەئەنجامدانی كردەوەی چاك و پەرستنی بێ خەوش بۆ خوای میهرەبان، ئەگەرنا ئەو كارە بەجۆرێك دەبێ كە هەروەكو (سلمان فارسي) بە (ابي الدرداء) رادەگەیەنێت و دەڵێت: (ان الارض المقدسة لاتقدس احدا وانما يقدس الانسان عمله)[1]!

چوارەم: چەند بەرهەمێكی تری كە لە پوخت كردن و بەسەرداهاتنەوە و چاوپێ خشاندن و لێدوان (اختصار ومراجعه وتعليق) پێكهاتوون:

---

[1] رواه الامام مالك في «الموطأ» (٢/٢٣٥).

١٢١- صحيح ابن خزيمة -للدكتور مصطفى الاعظمى.

١٢٢- مختصر كتاب العلو للعلي العظيم -للحافظ الذهبي.

١٢٣- مختصر الشمائل المحمدية -للترمذي.

١٢٤- التعليقات على الصفة الفتوى والمفتي والمستفتي -لابن شبيب بن حمدان.

١٢٥- التعليقات على كتاب الباعث الحثيث شرح اختصار علوم الحديث لابن كثير - بتحقيق الشيخ احمد شاكر (مجلدان).

١٢٦- مختصر شرح العقيدة الطحاوية.

احرص أيـها المســـــلم

علــى أن تعـرف إســلامك مـن كتـاب ربـــك

وســنة نبيـك، ولا تقـل قـال فــــلان! فــان

الـــحق لا يعـرف بـالرجـــال بـل اعـرف

الحــق تعـرف الرجـــــال.

((سلسلة الاحاديث الصحيحة)) (١/ص١٦٤)

شێخی (الالباني) لەتەرازووی زاناو مامۆستاناودارەکانەوە

- برای سەلەفی‌و لێکۆلەرەوەی سوننەت شێخ ناصرالدین الالبانی (العلامـة محمـد حـامد الفقی رحمه الله) لەپێشەکی‌کتێبی ((نضرية العقد)) لابن تيمية.

((ردع الجانى المتعدى على الالباني)) (ص١٦)

- یەکێ لە بانگەوازکارانی سوننەت، ئەوانـەی کـە ژیانیـان بـۆ زینـدوو کردنـەوە ی تەرخان کردوە برامان لە غەیبەوە شێخ (ابو عبدالرحمن محمد ناصر الدين الالبانی)ە.

زانای ناودار (العلامة محب الدين الخطيب)

لە پێشەکی کتێبی (آداب الزفاف) (ص١٠)

- نەمبینیوە لە ژێر تاقی ئاسمان زانایەکی شارەزا بەفـەرموودەکان، لـەم چەرخـەدا لە وێنەی (العلامة محمد ناصر الدين الالباني)!

– هەروەها دەڵێت: من گومانم نیە لەزانست و پایە و ڕێزیو لە فراوانـی دیراسـەکردنی‌و پاراستنی سوننەت، خوای گەورە زانستی زیاتر بکات و تەوفیقی بدات.

(العلامة عبدالعزيز بن عبدالله بن باز) السعوديه.

لە کتێبەکەی ((ثلاث رسائل في الصلاة))،

((ردع الجانی المتعدي على الالباني)) (ص١٦)

- فەرموودە ناسی ناوچەی شـام بـەڕێز (محمـد نـاصر الديـن الالبـاني) کـە لەمیانـەی کۆڕو کۆبوونەوەکانم لەگەڵیدا، بـۆم دەرکـەوتوە کـە زۆر سـورە لەسـەر کـار کـردن بـە سوننەت و دژایەتی کردنی بیدعەت جا لە ڕووی عەقیدەوە بێ یاکردار.!

وە لەمیانـەی خوێندنـوەی نووسـینەکانی‌دا بـۆم دەرکـەوتووە کـەخاوەنی زانسـتێکی چـڕو پڕە، خوای گەورە وای کرد کە زۆر لە موسڵمانان سـوود لـە کتێبـەکانی وەربگـرن لـەڕووی زانست و ڕێساو ئاڕستەی بۆ زانستی حەدیث، بێگومان ئەوەش بەرووبوومێکی گەورە بوو بۆ موسڵمانان –سوپاس بۆخوا–

(العلامة محمد صالح العثيمين)

(١٤٠٥/٨/٢٢هـ) السعوديه

- شـێخ (محمدنـاصر الديـن الالبـاني) لـەزانا نـاودارە بـەرزەکانی ئـەم چەرخـە دەژمێردرێ، کەگرنگی داوە بـە فـەرموودەو پیـاوانی نێـو سـەنەدی -فـەرموودەکان و دیاری کردنی پلەکانیان...

(الشيخ زيد بن عبدالعزيز الفياض) السعوديه

- شێخ (محمد ناصر الدين الالباني) هەردەم وەکو باران وایە باکی نیە بەسـەر هـەر زەوییەکدا برژێت. !

الاستاذ (عبدالرحمن عبدالخالق يوسف)

نووسەری ناوداری ئیسلامی -مصر

- گەورەترین زانا بەفەرموەکانی پێغەمبەر صلیالله علیه وسلم لـەم چەرخـەدا زانـای (الرباني) وخواویست شێخی (الالبانی)یە.

(الشيخ عبدالصمد شرف الدين)

گەورە زاناو فەرموودەناسی ناوداری -هیندستانی

- ئەگەر مامۆستا (نـاصر الديـن الالبـاني) لـە (صحيـح) يـان (ضعيـف) دانـانی فەرموودەکان پێچەوانەی رای منی هەبوو، ئەوا رای ئەو بەپەسەند دەزانم، چونکە ئـەو لە من متمانە پێکراو ترە چ لە زانست یان ئایین.

(الدكتور محمد مصطفى الاعظمي)

لە کتێبی (صحيح ابن خزيمة)

- شێخ (محمد ناصر الدين الالباني) خوا بیپارێزێ لەم زاناو پێشـەوایانە دەژمـێردرێت کە لەسەری هەر سەد ساڵێك ئـایین نـوێ ئەکەنـەوە، هـەروەکو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)

فەرموویەتی (**ان الله يبعث لهذه الامة على رأس كل مئة سنة من يجدد لها امر دينـــها**) رواه ابو داود[1] وصححه العراقي وغيره.

الشێخ (المحدث ابو عبدالرحمن مقبل بن هادي الوادعي) اليمن

- من زانیـاری شـێخ (نـاصر) لـەم کاتـە بـۆم ڕوون ئەبێتـەوە کـە لـەزانیاری زانایـانی پێشین دەچمە خوارەوە، سوێند بەخوا ئەگەر هاتوو شـێخ لەوسـەردەمی بووایـە ئـەوا قەدریان دەزانی.

لە کتێبی ((ماذا ينقمون من الشيخ))؟!

-هەروەها دەڵێت

ئەگەر شایەتی ئەهلی ئەم سەردەمە لەزانایانی سوننەو پێشەوایانی حەدیس و ئاسـەوار کۆ بکرێنەوەو لەسەر خوانی مێژوودا بنرێت تەنها شـایەتی‌یەکی لێـەوە هەڵبـهێنجن، ئـەوا مـن واهەسـت دەکـەم شـایەتی‌یەکە بەڕاسـتگۆی تاکـە زانـای حـەدیس و مامۆسـتای زانـاو فەقیهەکان و لوتکەی موجتەهیدانی ئەم ئان و زەمانە شێخ (محمد ناصر الدين الالبـانی)یـە خوای گەورە پایە بەرزی بکات لە هەردوو دونیا..

(الشيخ محمد ابراهيم شقرة) الاردن

سەرۆکی (المسجد الاقصى) ٢٥ شعبان ١٤٠٦هـ.

---

[1] (ج٤/٣١كتاب الملاحم-(١)باب مايذكر في قرن المئة، ص٤٨٠)، رواه الحاكم في مسـتدركه (ج٤/ص٥٢٢)، والبيـهقي في ((المعرفـة)) عـن ابـي هريـرة رضـــي الله عنـــه) وهـــو حديـــث صحيـــح انظـــر ((فيـــض القديـــر)) (ج٢/ص٢٨١)، شرح ((الجامع الصغير))، واته: خوای گەورە لەسەری هەر سەرد سالێك کەسێك دەنێرێ بۆ ئەو ئۆممەتە کە ئاینەکەیان بۆ نوێ بکاتەوە.

چەند شیعرێك دەربارەی شێخی فەرمووەناس (الالباني)

ئەم چەند بەیتە شیعرەی خوارەوە لەلایەن شێخ (محمد المجذوب) دانراوە كە تێیدا مەدح و سەنای شێخ (ناصر) ئەكات:

قالوا: ألاكلمة في الشيخ تنصيفه فقد طغى الجور حتى في الموازيـــــــن

شـنَّت عليه حروبٌ لايســوغها
عقلٌ يرى الحق في ظل البراهين
فقلت: فـوق ثنـائي ما يّبلّغـــهُ
مُحدّثُ الشّــام عن خير النبيين
ورَدْةُ الجيل للوحــي الجليل يدٌ
ما ان يكابر فيها غير مفتــون
وحَســبْهُ أنّه هزّ العقــول وقد
باتَتْ من الحجر والتقليد في هُونِ
فأصبحت ذاتَ وعي ليس يُعجزُهُ
التمييز مابين مفروضٍ ومســنونِ
والدين ســرٌ من الرحمن بيّـنهُ
رســـولُهُ وسِـواهُ مَحضُ تخمينِ
والجامدون حيـاري ليس في يدهم
إلاروايـــةُ مجروحٍ لِمَــوْهــونِ
فما عسى ان يقولَ الشعرُ في رجلٍ
يــدعوه حتـى عــداهُ ناصَر الدين

وأيَّ خيـرٍ اذا فـردٌ تجـاهَلَـــهُ

وقد فشـــا فضلَهُ بيْنَ الملاييـنِ

***** ***** *****

ديوانى (الحق المبين) له دانانى ماموّستا (خيرالدين وانلي) يه

((أنـــا))

أنا مســـلمٌ والحمد للــه الــذي

للحقِ والديــنِ القويـمِ هدانــي

لغــةُ الكتاب درســتُها من اجلـهِ

صــار البيــانُ اليعربيُّ بيـانــى

الارضُ كل الارضِ اضحتْ موطني

والمســلمون -وإن نأوْا- إخواني

من الارضِ (وانِ) جاءَ جدّي لاجئاً

حنــقتْ عليهِ حكومةُ السُـــلطانِ

وعلى ذُري (صنينَ) عشتُ طفولتي

ودرجـــتَ فــي أحلى ربي (لبنانِ)

لا ما زنيتُ ولاشـــربت مدامةً

إن الشــرابَ حبائلُ الشـــيطانِ

إن لـــمْ أقامـر أو أراقــصْ أو أهم

بالجـــاه والامــوال والسُــلطان

أنا مســـلمٌ اهوى الحياة عزيـزةً

مـــا الذلُ و الايـمانُ يجتمــعانِ

اهـــوى الحيـــاة كريمــــةً وطليقةً

ممـــا تكلّفَـــهُ بنـــو الانســـــان

إن البساطةَ في الحيـــاة جميلـــةٌ

وكذلك في التشـــريع والتبـــــيانِ

حُمِّلتُ أنواعَ المصائب لـــــم أهُنْ

وترفعتْ نفســـي عنِ الاحـــزانِ

أســــــتقبل البلوى بجـأشٍ رابـــطٍ

لايـدفـعُ الإتــراحَ كـاالإيـمـانِ

ضجت بصدري رنّـــه علويـــــة

لمـــا فهمـــتُ مقاصد القـــــرآن

فنهلتُ من ينبوعِه حتى ارتـــوى

عقلــي وضــاء بنوره وجـــداني

[وجمعتُ من علمِ الحديث جواهراً

نُثرت بحلقةِ شـــــيخنا (الالبانى)]

ووعيتُ دينى مـــن مصــادرهِ التي

لـــم تُبل بالتحريفِ والنقصــــان

لم اعــرفِ التقليد فـــي فقـــهٍ ولا

جالَ التعصـــبُ في دمـي وجناني

أقـــوالُ ربّي ثـــم قولُ (محمدٍ)

شـــرعي وديني دون شرعٍ ثانِ

ونفضتُ من موتِ التصوف همتي

وحفظتُ من عِلمِ الكلام لســــاني

ودعوتُ منذ نعــومتي وطفـولتي

للَّــــه للتــوحيــد للفرُقــــانِ

سَخطُ العبادِ أو الرِضى منهم علــى

حدٍ ســـــواءٍ فـي رضــى الرحمنِ

أهوى الصراحة في الحيـــاة نقيةً

مـــن دون مــالــــفٍ ولا دَوْرَانِ

لا انــثــنــي عــن قَــولةِ الحقّ ولو

ضــــاعَتْ مغانــمُ دونـــها ومعانِ

لا ارتضــــي عيشَ الجبـان ولا أرى

في الموتِ غيرَ شــهادةٍ وجــــنانِ

ارضـــى بعيشٍ ضيــقٍ فـي عزةٍ

وأضيــقُ بالنــعماء فـــي الإذعـــانِ

الصـــدقُ عنــدي ذمـــةٌ وفريضـــةٌ

والعدلُ شـــــرعي والوفــــا إمــانــي

باعــدتُ روحـــي عن هوانٍ او هوى

وحفظت نفســـي مــن دُمى الشــيطان

أنا عنـدهم مُتعَصِّبٌ متزمـــتٌ

لكنَّنـــي راضٍ بهذا الشـــان

ما ضرني أن كنتُ فيهم مفرداً

إن (اليتيميــةَ) دُرّةُ الازمــــانِ

یەکی لەزانست خوازان لەم چەند بەیتە شـیعرەدا مـەدح و سـەنای شـێخ دەکات و دەڵێت:

إن الذي ینـصـر شـریعة ربنا
یُنصـرُ کـما قدقاله الوحیـانِ
ولقد رأینا من محقق عصرنا
أعني المحدث ناصـر الألباني
ذاك الذي تسعى حثیثـاً ضده
یا ظالماً فارجع عن العصیـانِ
قام الأُولى یتعصبون لمذهـبٍ
وطـریقـةٍ وعقیدة الکُـهانِ
قام الأُلى یتعصبـون لمنصبٍ
وظیفةٍ فیها الحطـام الفـاني
قـام الجمیع وأعلنوها ثورة
بالسـب والتشنیع في البلدانِ

قامت قیامتهم وقـام جمیعهم
والشیخ ناصرٍ ثابـت الأرکانِ
نشـر العلوم بعصرنا یاحبـذا
من ناشـرٍ لشـریعة المنّـانِ
ترك التعصب للمذاهب کلـها
مدح الأئمة شـیعة الرحـمنِ

نفـع الاله بعلمه رغـم الذي

قد قاله ذو الحقد والأضـــغان

فأثِرْ إلهـــي مكانَـــه لأحبـــتي

خيراً على الاســـــلام والايمانِ

قالوا قريضُ الشـعر قُلتَ أحبُهُ

لاســـيَّما في نــاصـــر الألباني

علَمُ الزمانِ، فلَستُ أزري حقهُ،

شيخُ المشايخ ذو النـهى ربّاني

فهو المحدثُ للزمانِ وقـد أتـــى

خبـــــرٌ صحيـــحٌ يَنتهَى لِلدَّانـي

فـــي كــل آونـــةٍ يقـــومُ معلماً

يدْعُو لشـــرعةِ ربنــــا الرَّحمنِ

فَهوَ الامـــــامَ إذا الائمـــةُ عُدِّدُوا

لاشــكَّ عندي والذي ســــــوَّاني

وهـــو الذي أضـحَى فرَيدَ زمَانِهِ

بالفقْـــــهِ والتَّحديـــث والقـــرآنِ

كم ذبَّ عن ســـننِ النـبـــي مُحَمدٍ

المُصطفى المُختار من عدنانِ

كَم حَاربَ البدَع التي قد شوَّهَتْ

وجهَ الشَّـــــريعة بالأذى الفتَّان

يدعو إلى التوحيدِ والتقوى وكم

قـــال: اتباع نبيـــنا العدنـــــانِ

فـرضٌ وحتـــمٌ لازمٌ لاتهتـدي

في غيره إنْ صَـــح في الميزان

وإذا أردت زيادةً مـــن فَضْــلهِ

فانظر لعَمري ماحوى (الشيباني)

عـن علمــهِ وحيــاتهِ وثناءِ من

شـــــهدو ا له بالفضل و العرفانِ

((خالد جمعة الخراز))

- الكويت -

لـــــه كـــــۆتـــايـــىدا

خوێنەرانی ســــەنگـــــين:

دەمەوێت نیازو مەرامی بەندە لە پێشکەش کردنی ئەم کتێبەی بەردەستت و هەڵوێستمان بەرامبەر کەسایەتی شێخی ناودار (ناصر الدين الالباني) بۆ ئێوەی ئازیز شیبکەمەوە.

بەڵێ بەڕێزان: ئەگەرچی لەم کتێبەدا بەزەقی هەست بەمەدح وسەنای شێخی ناوبراو ئەکرێت و تارادەیەك هەوڵی سەرخستنی ڕێبازی بێخەوش و زانستە بە سوودەکەی ئەدرێت، ئەم هەوڵەشمان واتای دەمارگیریتیو کوێرانە لاسایی کردنەوەی ناگەیەنێ، بەڵکو هەوڵێکە بۆ سەر خستنی هەق و بانگەشە کردن بۆ لاسایی کردنەوەی زانستی چڕوپڕو بەفرەکەی.

هاوەڵی بەڕێزیش (ابن مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت ئاگادارمان دەکاتەوەو دەڵێت: (الا لايقلدن أحدكم دينه رجلاً، إن آمن آمن، وان كَفَر كَفَر، فانه لا أسوة في الشر)[1]!!

ئینجا بۆ زیاتر دڵنیا بوون لەم ڕاستییانەی باسکرا با ئەم دەرفەتە جێ بێڵین بۆ ووتە نایابەکانی مامۆستای لێهاتوو، و یەکێ لە قوتابیانی شێخ ناصر (الشيخ محمد عيد العباسي) کە دەربارەی هەڵوێستی سەلەفییەکان بەرامبەر کەسایەتی شێخی ناودار لەکتێبە قایمەکەی (بدعة التعصب المذهبي)[2] دەڵێت: (مامۆستامان خوا بیپارێزێ فێری کردین کە تەنها دەست بگرین بەهەق و بەڵگە خواز بین، ودەمارگیریتی بۆ هیچ کەس نەکەین، لەڕاستیدا بینیمان شێخ دڵخۆش دەبوو ئەگەر یەکێ لەگەڵ هەندێ لەڕاو بۆچونەکانی پێچەوانە بوایە، بەڵام بەمەرجێ ئەو کەسە پابەست بوویێ بە بەڵگە وقەناعەتی تەواوی پێکهاتبێ.!

---

[1] رواه الطبراني في «المعجم الكبير» (٨٧٦٤/٩/ص١٥٢) بتحقيق حمدي بن عبدالمجيد السلفي. قال الهيثمي في «المجتمع الزوائد» (١٨٠/١) ورجاله رجال صحيح.

[2] ل ٢٥٥

بۆیە ئێمەش کەس بانگ ناکەین بۆ پابەند بوون بە بۆچوونەکانی مامۆستامان تەنـها ئەگـەر لەڕاستی بۆ چوونەکان دڵنیابیۆ ئاگادرای بەڵگە کانیش بوبیٚ! بۆیـەکاتیٚ ئێمـە لەزانسـت و لێکۆڵینـەوە زانسـتیـیەکان توانـاداروو بـەهێز ئـەبین، ئـەوە دوور نـیـیـە لەگـەڵ هـەندیٚ ڕاوبۆچوونـی مامۆستاکەمان پێچەوانـە بـین وڕای لێـك جیامـان هـەبیٚ، ئێمـەش دڵنیـاین مامۆستامان (شێخی ئەلبانی) دڵی بەمـە خـۆش ئـەبیٚ، چونکـە زانسـت دەریایـەکی قـوڵ و بەرفراوانە و هەرکەسەیش ووتەکانی وەرنەگیرێن ویانیش ڕەت ئەکرێنەوە تەنها پێغەمبـەری خۆشەویست (ﷺ) نەبیٚ، ئەمەش کیفایەتە بۆ شـێخ کەقوتابیـیـەکانی هـەڵناوە و ڕایـهێناون لەسـەر ئـەوەی کـە هـەموو خـەمێکیان شـوێن کـەوتنی هـەق و هـەواڵدان بـیٚ بـۆ دەسـتە بـەرکردنییو خـۆ گـریٚ دان پـیٚـیـەوە، کـەڕێگای بـۆ ڕوون کردنـەوەو بەرنامـەو پرۆگرامێکـی زانستی ڕاست و ڕەوای پێدان خوا پاداشتی خێری بداتەوە..

..هەر لە کتێبەکەیدا لەژێر باسی (لسنا متعصبین)[1] دەڵێت:

(بەڵام خوا بمان پارێزیٚ لەوەی ئێمـە دەمارگـیر بـین، نـەخێر دەمارگـیری (التعصـب) ڕەت کردنـەوەی هەقـە لـەدوای بوونـی بەڵگـە بـەهۆی هـەواو ئارەزووەکـان، واتـای بنـەڕەتی لەزامانەوانیدا ئەوەیە پەرژینێك لەسەر چـاو دابـنرێت تاشـتەکان بـەدی نـەکات، هـەروەکو ئەوەی کە مەنعی ئەکات لە بینینی بەڵگەکانیتر ئەگـەر هـاتوو ڕاسـتیش بیٚ! لەبـەر ئـەوە دەمارگیری گومراییـیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

وەڕێگای ئێمەش ئەوە نـیـیە کە ووتەکانی مامۆستامان (شێخ ناصر) وەربگرین بـەبیٚ لەبـەر چاو گرتنی بەڵگەو یان پـیٚـیەوە پەیوست بین لەگـەڵ ئـەوەش دا بشـزانین کـەلاوازو هەڵەیـە یـانیش پشـت لـە ڕاو بـۆ چوونـی کەسـانی غـەیری مامۆسـتامان بکـەین دوای ئـەوەی کـە ئەشزانین ڕاست وڕەوایە.

---

[1] ل٢٥٨،٢٥٩

بەڵکو ئێمە قوتابی هەقین لەکوێ هەقمان دەست کەوت وەری ئەگرین[1]،....)

بۆیە هاوبیرانی شێخیش ئەمڕۆ بەزۆری ئەم هەقە لەلای ئەو بەدی ئەکەن، چونکە پوختەی زانستی زاناو پێشەوا موجتهیدەکان و هەوڵ و ووزەی سوود بەخش و کۆکراوەی ئەو زانایانەی پێ بەخشیوون و متمانەیان پێ کردووە لە زانست و ئایینەکەیەوە لەبەر ئەوە. بەزۆری تیشك ئەخەنە سەر بەرهەم و دەست ڕەنگینیەکانی و لەکارە زانستیەکانیان ئاماژەی بۆ ئەکەن. !

ئەمەش لاسایی کردنەوە نیە بۆ خودی شێخ بەڵکو وەك مامۆستا (العباسی) دەڵێت[2] : (لاساکردنەوەیانە بۆ ئەوەی کەقەناعەتیان پێی هاتووە بەوەی کەوا شێخ بۆی نەقل کردوون لە حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و، شایەنی ووتنیشە ئەوەی ئەوان لاسای لێ ئەکەنەوە بەزۆری لەو شتانەیە کەلەدەقە صحیحەکان بۆیانی خستۆتە ڕوو، کەمجار هەیە لاسای ئیجتهادە تایبەتی‌یە کانی بکەنەوە...ئەم ووتەشمان واناگەیەنی کە ئیجتهاداتەکانی مامۆستامان ووتەی یەکلاکەرەوەو کۆتای لێکۆڵینەوە بێ. !

نەخێر بەڵکو (عصمة) پارێزراوی لە هەڵە تەنها بۆ خوای تاك وتەنیایە و هەر یەکێکیش ووتەکانی وەرئەگیرێت و ڕەتیش ئەکرێتەوە تەنها (معصوم) پێغەمبەری خوا (محمد) (ﷺ) نەبێ.. ! !

منیش داواکارم لەپەروەردگار ئەم کارەم بگێرێ بەخێرو سوود بەخشی بکات لەدونیاو ئاخرەت. آمین

تەواو بوو بە پشتیوانی خوا

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين.

---

[1] هەروەکو هاوەڵی بەڕێز (معاذ بن جبل) ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (تلق الحق ممن قاله، فإن على الحق نوراً) واتە: هەق وەربگرە هەرکێ یەك بیڵێ، چونکە لەسە رهەق ڕووناکی هەیە.

[2] بدعة التعصب المذهبي / (ل/٢٥٩).

سـەرچـاوەكان

* سـەرچـاوە سـەرەكـىيـەكـان :

قورئانى پيرۆز و

فەرموودە صەحيحەكان.

١- حياة الالبانى وأثاره وثناء العلماء عليه . تصنيف /محمد ابراهيم الشيبانى الطبعة الاولى سنة ١٤٠٧ - الدار السلفية - الكويت.

٢- بدعة التعصب المذهبى . تأليف /الشيخ محمد عيدالعباسى .ط. دار الوعى العربى - والدار البيان.

٣- الالبانى شذوذه وأخطاءه . تأليف حبيب الرحمن الاعظمى .ط - مكتبة دار العروبة.

٤- الرد العلمى على حبيب الرحمن الاعظمي - المدعى بأنه أرشد السلفى . تأليف /على حسن علي بن عبدالحميد الاثرى ، وسليم الهلالي .ط. المكتبة الاسلامية طبع الجزء الاول سنة ١٤٠٤ ،والجزء الثانى سنة ١٤٠٥.

٥- هدية السلطان الى مسلمي بلاد اليابان - هل المسلم ملزم باتباع مذهب من المذاهب الاربعة ؟!

للامام المعصومى الخجندي . تحقيق : أحمد شوحان ط/ المكتبة التراث - دير الزور.

تێبینی: لە دوو سەرچاوەی ژمارە (١ و ٢) ڕاستەوخۆ سوود وەرگیراوە.

* ئەو سەرچاوانەی بەكارم هێناوون و لەشوێنی خۆی ئاماژەم بۆ كردوون:

٦- فتح البارى شرح صحيح البخارى /للحافظ ابن حجر العسقلانى الطبعة السلفية سنة ١٣٨٠هـ بالقاهرة.

٧- صحيح مسلم بشرح النووي -الطبعة دار الكتب العلمية سنة ١٤١٥هـ

٨- صحيح مسلم عليه ملخص شرح النووى / بترقيم وترتيب /محمد فؤاد عبدالبلقى ط. دار احياء الكتب العربية .

٩- مختصر صحيح مسلم/ للمنذري بتحقيق الشيخ المحدث محمد ناصر الدين الالبانى .ط المكتب الاسلامى بيروت الطبعة الرابعة سنة ١٤٠٥هـ.
١٠- سلسلة الاحاديث الصحيحة / للشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى .الطبعة الرابعة سنة ١٤٠٥هـ.
١١- سلسلة الاحاديث الضعيفة /للشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى . الطبعة الرابعة سنة ١٣٩٨هـ.
١٢- صحيح الجامع الصغير وزيادته /للشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى . الطبعة الثالثة سنة ١٤٠٢هـ.
١٣-مشكاة المصابيح / للتبريزى . بتحقيق /الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. الثالثة/ المكتب الاسلامي سنة ١٤٠٥هـ.
١٤- صفة صلاة النبى (ﷺ) للشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتبة المعارف . سنة ١٩٩١م.
١٥- فضائل الشام و دمشق – للربعى . بتحقيق /الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى سنة ١٣٧٩هـ.
١٦- صحيح الادب المفرد/ للامام البخارى. تأليف /الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط.الاولى/ مكتبة ابن تيمية – القاهرة سنة ١٤١٥ هـ .
١٧- مختصر الشمائل المحمدية /للترمذى / تأليف :الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى .
١٨- حجاب المرأة المسلمة فى كتاب والسنة / تأليف : محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى .
١٩- المرأة المسلمة / حسن البنا. بتحقيق / محمد ناصر الدين الالبانى ط. مكتبة السنة.
٢٠- أداب الزفاف فى السنة المطهرة /تأليف :الشيخ محمد ناصرالدين الالبانى ط.التاسعة – بغداد سنة ١٩٩١ .

٢١-الكلم الطيب /للشيخ الاسلام ابن تيمية. بتحقيق/الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى الطبعة الخامسة / سنة١٤٠٥ هـ .

٢٢- خطبة الحاجة - التى كان رسول (ﷺ) يعلمها أصحابه . تأليف /الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى .

٢٣-الحديث حجة بنفسه فى العقائد والاحكام تأليف الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط.الثانية سنة ١٤٠٠ هـ.

٢٤-منزلة السنة فى الاسلام وبيان انه لايستغنى عنها بالقرآن/ تأليف الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. الدار السلفية ١٩٨٦ .

٢٥- أحكام الجنائز وبدعها /تأليف الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى .

٢٦- تمام المنة فى تعليق على فقه السنة /تأليف الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى سنة ١٤٠٨هـ.

٢٧- تلخيص أحكام الجنائز /تأليف الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الالبانى ط. المكتب الاسلامى .

٢٨- إرواء الغليل في تخريج الأحاديث ((منار السبيل)) ط- المكتب الاسلامي.

٢٩- الميزان الكبرى/ للشعراني ط - الدار الفكر.

٣٠-ردع الجانى المتعدى على الالبانى /أبو معاذ طارق بن عوض الله بن محمد ط. مكتبة التربية الاسلامية سنة ١٤١١هـ - مصر.

٣١- حجة الله البالغة/ ولي الله الدهلوي ط. منير - الدمشق.

٣٢- مرقاة المصابيح شرح مشكاة المصابيح/ علي القاريء ط. الميمنية بمصر سنة ١٣٠٦هـ.

٣٣- شرح السنة/ للبغوي ط. دار الفكر سنة ١٤١٤ هـ. تحقيق سعيد اللحام.

٣٤- تحفة الانام في العمل بالحديث النبي - عليه السلام-/ للعلامة محمد حياة ابراهيم السندي/ تقديم وتعليق/ صلاح الدين مقبول احمد. ط. مكتبة المعلا- الكويت.

٣٥- تنبيه القارى تقوية ماضعفه الألباني. تأليف عبدالله الدويش.

٣٦- تناقضات الألباني و الواضحات بما وقع في تصحيح الاحاديث وتضعيفها من الاخطاء و الغلطات/ حسن علي السقاف.

٣٧- الموطأ/ للامام مالك تحقيق/ محمد فؤاد عبدالالباقي ط. دار إحياء الكتب العربية.

٣٨- كشف الخفاء ومزيل الإلباس / للعلجوني. ط - دار إحياء التراث العربي - بيروت. سنة ١٣٥١ هـ.

٣٩- تمييز الطيب من الخبيث/ لابن الديبع. ط.محمد علي صبيح سنة ١٣٨٢ هـ.

٤٠- الأسرار المرفوعة في الاخبار الموضوعة/ للعلامة علي القاريء تحقيق محمد لطفي الصباغ، مطبعة دار القلم سنة ١٣٩١هـ.

٤١- مقاصد الحسنة/ للسخاوي. تحقيق: احمد بن محمد بن الصديق الغماري.

٤٢- تلخيص الحبير في تخريج الاحاديث الرافعي الكبير. للحافظ ابن حجر. ط. شركة الطباعة الفنية المتحدة سنة ١٣٨٤ هـ.

٤٣- مسند الشهاب/ للقضاعي. بتحقيق حمدي عبد المجيد السلفي ط. مؤسسة الرسالة ط. الاولى ١٤٠٥ هـ

٤٤- المعجم الكبير/ للحافظ الطبراني، تحقيق حمدي عبدالمجيد السلفي. ط. الثانية مطبعة الزهراء الحديثة بالموصل. سنة ١٤٠٦هـ

٤٥- إيقاظ الهمم أولي الابصار/ صالح الفلاني.

٤٦- اعلام الموقعين / ابن القيم الجوزية ط. دار الجيل بيروت سنة ١٩٧٨م.

٤٧- جامع بيان العلم وفضله وماينبغي في روايته وحمله / لابن عبدالبر القرطبي ط. دار الكتب العلمية سنة ١٣٩٨.

٤٨- المجموع شرح المهذب للشيرازي / النووى ط. المكتبة العالمية بالفجالة.

٤٩- الهداية عن تخريج أحاديث البداية (بداية المجتهد ونهاية المقتصد-لابن رشد)/ للحافظ المحدث أبي الفيض احمد بن محمد بن الصديق الغماري الحسني. تحقيق : يوسف عبدالرحمن المرعشلي، وعدنان علي شلاق. ط/ عالم الكتب. سنة ١٤٠٧ هـ.
٥٠- الجرح والتعديل /لابن أبي حاتم الرازي ط. حيدر اباد الدكن سنة ١٣٧١هـ.
٥١- الرسالة / للامام الشافعي مطبعة مصطفى البابي الحلبي سنة ١٣٥٨.
٥٢- شرف اصحاب الحديث للخطيب البغدادي بتحقيق /الدكتور محمد سعيد خطيب اوغلي ط. بتركيا جامعة انقرة سنة ١٩٧١م.
٥٣- تفسير الجلالين بحاشية الصاوي.
٥٤- مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة/ اختصره الشيخ محمد بن الموصلي. توزيع رئاسة إدارات البحوث العلمية والافتاء بالرياض.
٥٥- تاريخ التشريع الاسلامي / محمد الخضري بك . ط. المكتبة التجارية الكبرى - القاهرة.
٥٦- النهاية في غريب الحديث والاثر - لابن الاثير. تحقيق/ طاهر أحمد الرازي و محمود محمد الطناحي. ط. المكتبة الاسلامية ط/ الاولى سنة ١٣٨٣هـ.
٥٧- منكرات الجنائز، رائد بن صبري ابن ابي عفلة ط - دار رمادي للنشر.
٥٨- الاصول في علم الأصول / محمد صالح العثيمين. ط. مؤسسة الرسالة.
٥٩- معالم الهدى الى فهم الاسلام/ د. مروان القيسي. ط.مكتبة الغرباء سنة ١٤١٣هـ.
٦٠- الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز/ عبدالعظيم بن بدوي. ط. دار ابن رجب ط/الاولى سنة ١٤١٦هـ.
٦١- عودة الى السنة / علي حسن عبدالحميد الاثري. ط. مكتبة الاسلامية، و دار ابن حزم. سنة ١٤١٥هـ.
٦٢- لحوم العلماء مسمومة / د.ناصر سليمان العمر.
٦٣-مجلة - الأصالة (العدد:١١).

٦٤- مجلة الهدي النبوي (العدد: ٩) سنة ١٤١٧ هـ.
٦٥- جامع الدروس العربية / للغلاييني . ط. مكتبة العصرية سنة ١٤٠٩ هـ.
٦٦-الدول العالم / هادي رشيد الجالوشي ط. العراقي.

لەگەڵ چەند کاسێتێك لەزنجیرە وتو وێژەکانی شێخی ئەلبانی (سلسلة الهدى والنور)

((نـــــاوەڕۆك))

پێشەکی	١
چەند ووتەیەکی زیندوو دەربارەی (أهل الحدیث)	٨
محمد ناصر الدین الألباني	١١
سەرەتای ئاشنابوونی بەزانستە شەرعی‌یەکان	١٤
ڕوو بەڕوو بوونەوەی بۆ زانستی حەدیس وگرنگی دانی بەم زانستە	١٥
بانگەوازی بۆ ڕێگای خوا	٢٥
تەڵەکەی داخ لەدڵان	٢٩
کۆڕوکۆبوونەوە زانستی‌یەکانی	٣٣
کۆڕوکۆبوونەوە زانستی‌یەکانی لە(زانکۆی ئیسلامی) مەدینەی موننەوەڕە	٣٤
کاریگەریتی زانیاری شێخی ئەلبانی لەسەر زانکۆی ئیسلامی لەمەدینە	٣٦
پایەو لێهاتوویی‌و، شارەزای لەزانستە شەرعی‌یەکان	٣٩
ئەم هەواڵانەی بەڵگەن لەسەر لێهاتوویی شێخ	٣٩
پەیوەندی بەزانایانەوە	٤٠
گەشتە زانستی‌یەکانی	٤٢
قۆناغێکی‌تر لەژیانی شێخ	٤٣
خورەوشت ونەریتی شێخ	٤٦
بنەماڵەی شێخ	٥٠
قوتابی‌یەکانی شێخ	٥١
ئەم سوننەتانەی لەسەر دەستی شێخ زیندوو کراوەتەوە	٦٣

شێخی (ئەلبانی)و چوار پێشەوا بەرێزەکان	٧٧
ڕەواندنەوەی تەم و مژێك	٨٢
بەرهەم و چالاکی‌یە زانستی‌یەکانی	١١٠
چیرۆکی کتێبەکەی ئەعزەمی	١٢٣
شێخی (الالبانی) لەتەرازووی زاناو مامۆستا ناودارەکانەوە	١٣٤
چەند شیعرێك دەربارەی شێخی فەرموودەناس (الالباني)	١٣٧
لەکۆتایی‌دا	١٤٤
سەرچاوەکان	١٤٧
ناوەرۆك	١٥٣

«سورترین کەسانێک لە سەر شوێن کەوتنی پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) و پەیوەست بە فەرمانەکانی و گوێ ڕایەڵی کردنی لەسەر ڕێگای - قورئان و سوننەت - و دەست پێوە گرتنیان لە بوارەکانی ژیاندا - لە بۆچوون و ئاقیدەوەو پەرستیش و لە بواری ڕامیاری و لەمامەڵە کردن و هەڵهێنجانی ئەحکامەکان و هەروەها لە مەیدانی بانگەوازی کردن و بەسەنگی مەحەک گرتنیان تەنها - **أهل الحديث** - وپێشەوایانی فەرموودەن»

«الشيخ ربيع هادي المدخلي»
لە پێشەکی کتێبی (مكانه أهل الحديث)

لەچاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر چاپکراوە ۱۹۹۹